# سەرۆکە دۆڕاوەکە

ناوی کتێب: سەرۆکە دۆڕاوەکە

نووسینی: ماریۆ بارگاس یۆسا

وەرگێڕانی: جەبار سابیر

بابەت: گفتوگۆ و وتار

هەڵەچنی و زمانەوانی : سەلام مستەفا

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٦٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢

کوردستان ــ سلێمانی

**www.serdam.org**

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: **kteb@serdam.org**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (١٤٢٦) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

**(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)**

ماریۆ بارگاس یۆسا

# سەرۆکە دۆڕاوەکە

گفتوگۆ و وتار

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

جەبار سابیر

سلێمانی ٢٠١٢

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٦١٣)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# پێڕست


سەرەتایەکی پێویست: ٧

گفتوگۆی تایبەتی جمانە حەداد لەگەڵ "ماریۆ بارگاس یۆسا" ١١

گفتوگۆی گۆڤاری پاریس ڕیویۆ لەگەڵ ماریۆ بارگاس یۆسا ٥٩

کاتێك ئەدەبیات دەبێتە قوربانیی سیاسەت ٧١

وتاری ماریۆ بارگاس یۆسا بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبەوە ١٠١

ئەدەبیات ئاورە ١١٧

ئەسکەندەرانی ١٢٦

## سەرەتایەکی پێویست:

نزیکەی دوو مانگ لەمەوبەر بوو لە گەڕانم بەناو پێگە ئەدەبییە فارسییەکاندا، تووشی ئەم دیدارەی یۆسا بووم، پێشتر زانیبووم کە ((جمانە حەداد))ی خانمە ڕۆژنامەنووس و شاعیری لوبنانی، گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلی لەگەڵ یۆسا- دا ئەنجام داوەو لە کتێبەکەشیدا (گفتوگۆ لەگەڵ ئاگر دزان) هەیە. بۆیە یەکسەر لە پێگە عەرەبییەکانیشدا بۆ ئەو گفتوگۆیەی گەڕام و دواتر هەم لە پێگەکەی خۆی، هەم لە پێگەی ڕۆژنامەی نەهاری لوبنانی دەستم کەوت. دوای ئەوەی کە هەردووکیانم خوێندەوە لە فارسییەکەیەوە دەستم بە وەرگێڕانی کرد، دواتر لەگەڵ عەرەبییەکەشیدا بەراوردم کرد و ئەمەیش بۆی سەلماندم کە بە وشە جیاوازییان نییەو هەست دەکەی فارسییەکەیش خودی جمانە کردوێتی. دواتر لە هاوڕێم "شیرین. ک"م بیست وتی کە سەرجەم گفتوگۆکانی کتێبی (ئاگر دزان) کە سیازدە دانەن، جگە لە دووان، یاخود سیانیان، هەموویان بە زمانی خودی نووسەرەکە کراون، واتا حەداد زمانزانێکی باشیشەو ئەمەی لەگەڵ یۆسا- ی بە زمانی ئیسپانی کردووەو دواتر خۆی

وەری گێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی. بۆیە منیش هەستم کرد جیاوازی نییەو فارسییەکەم بە بنەما گرتووە، بەو پێیە کە من تەنیا لە فارسییەوە وەردەگێڕم و بە عەرەبی تەنیا دەخوێنمەوە. دواجار ئەم گفتوگۆیە منی خستە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە ئایا بۆچی تا ئێستا یۆسا نۆبڵی وەرنەگرتووە؟ چونکە ئەوەی ئەم گفتوگۆیە بخوێنێتەوە، تێدەگات بۆ وا دەڵێم، ڕۆشنبیریی ئەم پیاوە شتێکی سەیرە، جۆرێك قسە دەکات ئەفسوونت دەکات. ئەوە بوو لای ئارام سدیق- ی هاوڕێم و چەند کەسێکی تریش وتم، یۆسا لەم چەند ساڵەی داهاتوودا نۆبڵەکە وەردەگرێت. ڕۆژی پێنج شەممەی حەوتی ئۆکتۆبەر- یش لە یانەی قەڵەم خەریکی نووسین بووم، ئارام سدیق خۆی کرد بە ژووردا و وتی: شتێکی سەیر! وتم چییە؟ وتی (ئارام کاکەی فەلاح) لە سویدەوە نامەی ناردووەو دەڵێ (یۆسا) خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵی برد!!

ڕۆمان مەملەکەتی درۆیە

و

شیعریش ویژدانی جیهان.

مرۆڤـ کاتێك خەو دەبینێ خودایە

و

وەختێکیش بیر دەکاتەوە گەدایە.

# گفتوگۆی تایبەتی جمانە حەداد لەگەڵ "ماریۆ بارگاس یۆسا"

بۆ فارسی: سەید ئیحسان موسەوی

## چیرۆکی حەرەمی درۆ

لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦، یەکەمین نامەم لە ماریۆ بارگاس یۆسا وە پێ گەیشت، نووسیبووی:

"خۆشحاڵ دەبم گفتوگۆیەکمان پێکەوە هەبێت، بەڵام کەی و لە کوێ؟"

دە مانگ کۆشاین، تا بتوانین ئاستەنگی کەی و لە کوێ چارەسەر بکەین، بەڵام کەڵکێکی نەبوو. دە مانگ بە شێوەیەکی بەردەوام نامە گۆڕینەوە و ئیمەیل لەگەڵ "ڕۆزاریۆ"ی سکرتێری، درێژەی هەبوو. ئەو دەینووسی و باسی بەرنامەی گەشتەکانی دەکرد و منیش هەر جارێك گەشتێکی تازە ڕووی دەدا بۆم دەنووسی، تا ئەوەی کە ئەم دوو هێڵە تەریبە، پیرۆیی و لوبنانی، دواجار لە بازنەی هاوینی لەندەن پێك گەیشتین.

کاتێك لە پلیکانەکانی خانووە دوبلکسییە ڕازاوەکەی، کە لە ناوچەیەکی ئەرستۆکرات نشینە، دەهاتە خوارێ وتی: دواجار. منیش هەموو هەست و نەستم لای ئەو بوو، کە بە لەزەتی ڕاوچییەك، نێچیرەکەی کە سالآنێك چاوەڕوانی کێشابوو، سەیری دەکردم، وتم: دواجار.

یۆسا لە ٢٨ ی ئازاری ١٩٣٦ لە شاری ئەریکیبای پیرۆ هاتۆتە دنیاوە، بەلآم دە سالّی یەکەمی ژیانی لە پۆلیڤیا بەسەر بردو لە سالّی ١٩٤٦ لەگەلّ خێزانەکەیدا گەڕایەوە مەفتەنی خۆی. کەوتە خوێندن لە کۆلێژی قانون و ئەدەبیات لە زانکۆ و لە نۆزدە سالّیدا لەگەلّ خولیا ئۆرکیدی هاوسەرگیری کرد. خولیا یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی بوو- و هەژدە سالّیش لەو گەورەتر بوو. لە ڕۆمانە بەرجەستەکەی "پورە خولیاو شانۆنووس-١٩٧٧"دا سروشی لە کەسێتیی ئەم ژنەوە وەرگرتووە. بەلآم ئەم هاوسەرگیرییە زۆری نەبرد و لە سالّی (١٩٦٤) بە جیابوونەوە کۆتایی هاتو سالّی دواتر لەگەلّ پاتریسیا، (خانمەکەی ژیانی) پێك هات و تا ئەمڕۆ هاوسەرێتی و سێ مندالّی لێی هەیە: ئەلفارۆ، گۆنزالۆ، مۆرگانا. سالآنێك لە ئەوروپا، بە تایبەت لە پاریس و لەندەن و مەدرید ژیاو کاری جۆراو جۆری کرد. وەرگێڕی، ڕۆژنامەنووسی و مامۆستای زمان. لە سالّی ١٩٩٤ دوای ئەوەی کە خەلآتی ئەدەبی سێرڤانتسی بردەوە، بووە هاولآتییەکی ئیسپانی.

یۆسا ئەم کارانەی هەیە: بەهەشت، ئەویَ ٢٠٠٣، ئاهەنگی سابرێن ٢٠٠٠، شەڕی ئاخرزەمان ١٩٨١، گفتوگۆ لە کاتدرالَ ١٩٦٩، مالّی سەوز ١٩٦٩، شارو سەگەل ١٩٦٣. کارە لێکۆلّینەوەکانی بریتین لە: زمانی هەیەجان ٢٠٠١، نامەگەلێك بۆ ڕۆماننووسێکی لاو ١٩٩٧، ماسی لە دەریا ١٩٩٣، واقیعیەتی نووسەر ١٩٩٠، لە نێوان سارتەر و کامۆدا ١٩٨١. ئەم شانۆنامانەیش: دێوانەی هەیوانەکان ١٩٩٣، گالّتە١٩٨٦.

زۆرینەی ئەم کارانە بۆ دەیان زمان وەرگێڕراون لەوانە: فەرەنسی و ئیتالی و پورتوگالی و ئینگلیزی و ئەلّمانی و ڕوسی و فنلاندی و تورکی و ژاپۆنی و چینی و چیکی و هەلّبەتە عەرەبی و فارسیش[1]. هەروەها یۆسا چەندین خەلاّتیشی وەرگرتووەو هەمیشە وەك یەکێك لە کاندیدەکانی خەلاّتی نۆبلَ ناوی دەبرێ[2]. گابرێل گارسیا مارکیزی مەزنە ڕۆماننووسی کۆلّۆمبی، لە هاوڕێ هەرە نزیك و دلّسۆزەکانی ئەو بووە، بەلاّم لە سالّی ٢٠٠٣و لە پێشانگەی کتێبی بۆگۆتا، لە هێرشی یۆسا بۆ سەر مارکیز و ناوبردنی وەك "ماستاوچییەکەی کوبا" ئەم هاوڕێییەتییە

[1] "واقیعیەتی نووسەر"یش، لە لایەن دلّشاد خۆشناو و "نامەگەلێك بۆ ڕۆماننووسێکی لاو"یش بەناوی "دوازدە نامە بۆ ڕۆماننووسێکی لاو"ەوە لە لایەن شیرین.ك، کراونەتە کوردی. وەرگێڕی کوردی.

[2] نۆبلّی ئەدەبیاتی سالّی (٢٠١٠)یشی وەرگرت. وەرگێڕی کوردی.

ڕەش داگەڕا. ئەم هێرشە زمانییە بە هۆی هاوڕێیەتی نزیکی مارکیز لەگەڵ فیدڵ کاسترۆی دیکتاتۆری کوبا بوو. یۆسا ئەو ڕۆژە، بەهۆی پەرچەکرداری توندی هەوادارانی مارکیز، کە سوکایەتی بە قارەمانە خۆشەویستەکەیان کرابوو، ناچار بوو لە دەرگای پشتەوەی هۆڵی پێشانگەکەوە بچێتە دەرێ.

ناوبانگی یۆسا بە یەکەمین ڕۆمانی (**شارو سەگەل**) دەستی پێ کرد. ڕۆمانێك کە لەوێدا کەوتە باسکردنی ئەزموونگەلی سەختی خۆی لە خزمەتی سەربازیدا. بەم شێوەیە جیهان زۆر زوو لەگەڵ خولی زێڕینی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین، کە بە Boom ناسراوە، ئاشنابوو. ئەم خولە لە دەیەی پەنجاو شەستەکانی سەدەی پێشوو دەستی پێ کرد و سەرنجی جیهانی بۆ ئەو کیشوەرەو ئەدەبیاتەکەی ڕاکێشا و ئەم خولە نووسەرانی مەزنی وەك "گابریێل گارسیا مارکیز و کارلۆس فۆینتس و خولیۆ کۆرتاسار" لە تەنیشت "ماریۆ بارگاس یۆسا"وە بەرچاو دەکەوتن. بەڵام سەرباری بوونی خاڵی هاوبەش لە نێوان نووسەرانی "بووم"، کە بە تەوەرەی قەراردانی حاڵ و ڕۆژی دانیشتوانی ڕەسەنی کیشوەر و درەوشانەوەی زوڵم و زۆرێك کە لەوان کراوە، دەناسرێ. کارێك کە یۆسا بۆ نموونە لە "شەڕی ئاخرزەمان"دا کردوێتی، بەڵام نووسینەکانی یۆسا سەر بە شێوازی ڕیالیزمی ئەفسووناوی نییە. شێوازێك کە زۆرێك لە خەڵکی بە هی "بووم"ێکی دەزانن و بەسەر هەموو نووسەرانی دیاری ئەم

دەورەیەدا دەیسەپێنن. ئەگەرچی یۆسا، بە پێچەوانەی مارکیزەوە، واقیعییەت لەگەڵ جادو تێکەڵ ناکات. هەڵبەت ئەویش خەیاڵی هەیە، بەڵام بەو جۆرەی کە خۆی دەڵێ، خەیاڵی ئەو واقیعییە. بەڵکو تەنانەت بۆ نووسینی تاقە چیرۆکێك کۆمەك لە کارەکتەرە ڕاستەقینەکان وەردەگرێت، بە جۆرێك کە پێگەیشتنی چیرۆکنووس لەگەڵ وردەکاری ژیاننامەنووس تێکەڵ دەبێت.

بە هەمان ئەندازە کە خەیاڵ بەرهەمی خۆی دەخاتە کار، سوود لە وردەکاریی بەڵگەیی و درێژدادڕیش وەردەگرێت. کەواتە واقیعییەت لەگەڵ داهێنان تێکەڵ دەبێت و ڕابردوو بە شێوەی خۆی دروست دەکاتەوەو بە خەلاقییەتێکی سەرسووڕهێنەر زمان بەکار دەبات و یادەوەری بەرەو ئاشووب و گەندەڵی پەلکێش دەکات. لەبەرئەوەی، هەر وەك خۆی دەڵێ: نووسین "چەپەڵی"یە و نووسەر "جادوگەر". لای یۆسا ڕۆمان لە لێکۆڵینەوەو کنەکردن جیا نییە، بەڵکو ڕۆمان جۆرە کنەکردنێکە و ڕووداوەکانی بە تێپەڕین لە تێڕامانێك بەهۆی ناخودئاگاییەوە دەگێڕرێتەوە و لەبەرئەمەیشە شێوازی وەسفی کنەکردن، پێویستی بە شێوازی گێڕانەوە دەبێت، یا لەگەڵیدا پێك دەگات. هەربۆیە بە بۆچوونی ڕەخنەگران ئەو یەکێکە لەو نووسەرانەی کە پرسە فکریی و مێژوویی و سیاسی و ئەدەبییەکان بە یەك ئەندازە دەورووژێنێ. بەڵام ئەو باسێك پێشکەش ناکات لە بێگەردی پاکیزەیی، بەڵکو بە هونەری "درۆ" لەناوی

دەبات. هونەرێك كە لە ڕوانگەی ئەوەوە باشترین بەڵگەی سەركەوتنی ڕۆماننووسە. لەبەر ئەمەیشە لە كارەكانی ئەودا مێژوو- و خەیاڵ لە تەنیشت یەكەوەن و تەنانەت جارجاریٚ لەگەڵ شێوازی "هەزارو یەك شەوە"دا وەها تێكەڵ دەبن، كە سنورێك لە نێوانیاندا نامێنێ. بەجۆرە كنەكردن لە ئەقلانییەتی خۆی خاڵی دەبێتەوەو دەگۆڕێ بۆ دیاردەیەكی تایبەتی.

یۆتۆپیا، كە یۆسا بە مەزنترین ئامانجی مرۆیی دایدەنێت بە درێژایی مێژوو، زۆر سەرنجی ڕاكێشاوە. چەندینجار لە ئەدەبیاتی پەیماننامەیی بەرگری و چەندینجار بەسەر ڕۆڵی قاودەری ڕۆشنبیر، جەختی كردۆتەوە. ڕۆمانی **"ئاهەنگی سابرێن"** هەرایەكی گەورەی نایەوە، لەبەرئەوەی لەوێدا باسی ژیانی ڕافائیل لیڤنیداس ترۆخیۆ، دیكتاتۆری دۆمۆنیكانی كردبوو. لە باسكردنی ژیانی ئەم بوونەوەرە "وەحشی"یەوە، گەندەڵی و خوێنخۆری و شێتی هەموو ڕێبەرانی دیكتاتۆر و چۆنێتی گۆڕانی مرۆڤ بۆ ئەهریمەن پیشان دەدات. ئەم هەرا خولقێنییە لە دنیای یۆسا دوور نییە، كە ئەو وشە بە مینی چێنراو دەزانیٚ، كە دەبیٚ لە زەین یا ئەخلاق یا یادەوەری خوێنەردا بتەقێتەوە. ئەدەبیات ڕەنگدانەوەی بەهاگەلی سیاسیی و كۆمەڵایەتی كیشوەری ئەمریكای لاتینی پارچە پارچەو ئاڵۆزە، كە لەوێوە دیٚ.

له قسەکردن لەسەر بەها سیاسییەکان دەتوانی بە سەختی باوەڕ بکەیت کە یۆسا لە تافی لاویدا، سەرسامی کەسێتی فیدڵ کاسترۆ، ڕێبەری شۆڕشی کوبا بووە. بەڵام ئەم خودەو خەیاڵەی ئەو زۆر زوو بووە بڵقی سەر ئاو و دوای ماوەیەك بێ هیچ گومانێك جیابوونەوەی تەواوی خۆی لە تەڤگەرە توندڕەو و چەپەکان ڕاگەیاند و کەوتە هەڵمەتی توند دژی کاسترۆ. لە ساڵی ١٩٨٨ لە پەنا ژمارەیەك پارتی ڕاستگەراوە بەشداری لە پێکهێنانی "تەڤگەری ئازادی"دا کرد. لە ساڵی ١٩٩٠ بووە کاندیدی سەرۆکایەتی پیرۆ، بەڵام لە بەرامبەر ئەلبێرتۆ فۆجیمۆری ڕکابەریدا شکستی هێناو دوای ئەوە هەموو بەرنامە سیاسییەکانی خۆی خستە لاوە. هەرچەندە بە وتەی خۆی لە چالاکییە سیاسییەکانی خۆیدا، بە باشی درکی "بە هەموو گەندەڵی حکومی و بزواندنی خەڵکی بە قوربانیکردنی هەموو شتێك لە ڕێگەیدا" کردبوو. بە هۆی پارێزگاری لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بڵاوکردنەوەی وتارگەلێك بۆ پشتگیری سیاسەتەکانی ئەمریکا، کەوتە بەر ڕەخنەگرتن. ئەم وتارانە لە دەورانی جەنگی عێراقدا نووسرابوون، ئەوسا کە یۆسا لەگەڵ کچە فۆتۆگرافەرەکەی "مۆرگانا" چووە بەرەکانی جەنگ و کارێکی هاوبەشیان بە ناونیشانی "ڕۆژانی عێراق" ئامادە کرد. هەڵبەتە لە ساڵی ٢٠٠٤ دیسان بەم بابەتەدا چۆوەو هێرشی ئەمریکای بۆ سەر عێراق بە "پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان" لەقەڵەم داو وتی کە لە پشتگیری ئەزنار تێناگات لەو

جەنگە. بەڵام زۆر زوو بەم پیاچوونەوەیەدا چۆوەو کشانەوەی هێزەکانی ئیسپانیای لە عێراق ئیدانەکردو بە مانای سەرکەوتنی تیرۆرستەکانی زانی.

یۆسا زۆر نزیك و خۆشەویست و میهرەبانە. ئەوەندە خوێنگەرم و سادەیە کەوا خەیاڵ دەکەیت هەمان ئەو مامەتە کە ساڵانێك لەمەوبەر، وەختێك منداڵ بوویت چووە بۆ ئەمریکای لاتین و ئێستا گەڕاوەتەوە. هەستێکی ئایرۆنی سەرنجڕاکێشی هەیە و کاتێك کاسێتەکەم دەخستە سەر، دەنگی قاقای پێکەنینی خۆمانمان دەبیست کە هەر پێنج خولەك جارێك بەرز دەبۆوە. هەروەك نووسەرە گەورەکانی تر، کە گفتوگۆم لەگەڵ کردوون، نیگەرانی باش کارکردنی ڕێکۆردەرەکە بوو "بەرلەوەی دەست پێ بکەین تاقیی بکەرەوە، ئەم ئامێرانە زۆر حەزدەکەن مرۆڤ بێزار بکەن". چەند کارێکی نەجیب مەحفوز و ئەمین مەعلوفی خوێندۆتەوەو ئۆپرای "عەشق لە دوورەوە"ی ئەمین مەعلوفی بینیوەو ئەفسوونی بووە. هەواڵی نووسەرە لاوەکانی لوبنان و ئامادەیی فرانکۆفۆنی لە ئەدەبیاتمانی پرسی. هەروەها لە چۆنێتی کارکردنی کۆمپیوتەریش لە زمانی عەرەبیدا.

یۆسا زۆر بە دەنگی بەرز قسە دەکات، وەك وتاردانی سەر تریبۆن (بڵندگۆ). هەروەها وەك هەمان وتاربێژان قسە لە بارەی سمبولەکانی ئەدەبەوە دەکات و لە جۆری قاوە: "حەزدەکەی شەکری تێدابێت یا شیر؟" لە نێوان قسەکانیدا لە بارەی ئیرۆتیزمەوە کتوپڕ ئەمەی پرسی، بێئەوەی

تۆنی دەنگی هیچ بگۆڕێت، بە جۆرێك كە بۆ چەند ساتێك وام خەیاڵ كرد ئەم گیانە میواندۆستییە بەشێك لە سوریالیزمە لە تیۆرەكەی لەمەڕ ئیرۆتیزم و ئەدەبیات. كاتێك پێم وت كە سبەی دەچم بۆ "مەدیین" و دەمەوێ خاڵێك لە كیشوەرەكەی بدۆزمەوە، كە هەستێكی توندم هەیە بۆی. وتی: "دەبێ كۆلۆمبیاییەكان تەواو پێتدا ڕابگەن. خەڵكێكی باش و شادن و ژیانێكی فەرهەنگیی دەوڵەمەندیان هەیە، هەرچەند ئاریشەیان زۆرە. بەڵام بێگومان دەبێ پیرۆ ببینی. وڵاتەكەمان زۆر جوانە. ڕەنگە لیما وا نەبێ، بەڵام شوێنەكانی تر جادوویەكەو بێگومان پێت خۆش دەبێت".

سەنتەری فەرهەنگی ئیسپانیایی سێرڤانتس لە بەیروت چەندینجار یۆسای داوەتی بەیروت كردووەو ئومێدەوارە كە بتوانێ وەڵامی ئەو بانگهێشتە بداتەوە، چونكە ئەو پەیوەندی زۆری لەگەڵ لوبناندا هەیە. مۆرگانای كچی عەشقی گەنجێكی بە ڕەگەز لوبنانی بوو: "خێزانەكەی خواردنی لوبنانی بەلەزەتی بۆ ئێمە دروست دەكرد، بەڵام بە داخەوە لێك جیابوونەوە". گۆنزالۆی كوڕی لەگەڵ كچێكی بە ڕەگەز لوبنانی هاوسەرگیری كردووەو ناوی ژۆزفینا سەعیدەو لەگەڵ یەكێك لە سەنتەرەكانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاروباری پەنابەران، كار دەكات و ئەگەری زۆر هەیە بەم زوانە بۆ كارو مانەوە بێنە بەیروت.

کاتی خوداحافیزی، ماریۆ لە تەنیشت دەرگای شوقەکەی توند دەستم دەگوشیّ و دەڵیّ:

"گوێبگرە، هەر ئێستا شتێك هات بە خەیاڵمدا. دەبیّ هاوڕێیەکی پیرۆییت بۆ پەیدا بکەم، تا تەواو ببیتە خەڵکی کیشوەرەکەی ئێمە. ڕێکەوتین؟"

؟؟؟

**- وەرە با لە سەرەتای کارەکەوە دەست پیّ بکەین. ئایا ماریۆی چکۆلە ئارەزووی دەکرد کاتێك کە گەورە بوو ببێتە نووسەر؟**

* ماریۆی چکۆلە بەر لە هەر شتێك کتێب خوێنەرەوەیەکی چلێس بوو. بە بۆچوونم وەك هەموو نووسەران، جوانترین دیاری کە بە درێژایی ژیانم پێم درابێت توانای خوێندنەوە بووە. بیرمە کە پێنج ساڵ بووم فێری خوێندنەوە بووم و ئەم پرسەیش هەموو دنیای چوار دەورمی گۆڕی. بە ڕادەیەك کە وام بیردەکردەوە توانای ئەدەبیم لەو دەورانەدا لەدایك بوو. ئەم ئامادەییە لە هەستی بەختەوەرییەك کە لە منداڵیمدا بە بینینی کتێب هەستم پیّ دەکرد، دروست بوو. بە کرداریش لە قۆناغی دواتردا، لەگەڵ ئەوەی کە نووکە نەوجەوان بووم، بە شێوەیەکی تەواو بیّ ویستی خۆم دەستم کرد بە نووسین. بەڵام لە قۆناغی زانکۆدا بوو کە بە شێوەیەکی وشیارانە وەك پیشە و کارێك دەستم کرد بە نووسین. لە

دەورانی گەنجیمدا، لە شوێنانی وەك پیرۆی وڵاتەکەی ئێمە، بۆ مرۆڤـ نەدەشیا کە تەنها بیەوێ نووسەر بێت، بەڵکو پێویست بوو بیر لەوەیش بکاتەوە لە کوێوە خواردن مسۆگەر بکات، لەبەر ئەوەی کە نووسەری: نابێتە نان و ئاو. هەر لەبەر ئەمە لە زانکۆیش هەم ئەدەبیاتم خوێند هەم یاسا، بەڵام لە حەڤدە یا هەژدە ساڵیدا بوو، کە بڕیارم دا و زانیم کە نووسەری هەموو ژیانمە.

**- ئەم بەختەوەرییە کە لە منداڵیدا بە کتێب بەدەستت هێنا، بە وردی کام نووسەرانە هۆکاری ئەمە بوون؟ دەزانم کە گرنگترینیان بۆرخیسە، چونکە کتێبە جوانەکەتم خوێندەوە بە ناونیشانی "نیو سەدە لەگەڵ بۆرخیس" کە تەنها بە زمانی فەڕەنسی بڵاو بۆتەوە....**

* هەمیشە بۆرخیس چاوەڕوانییەکانمی بەدی هێناوەو زۆر سەیر حەزم لێیەتی. کاتێك ئەوم دۆزییەوە، وەك لافاوێك هەڵی کەندم و لەگەڵ خۆیدا بردمی. بەڵام بە پێچەوانەی نووسەرانی تر کە وابەستەم پێیانەوە، سەراسیمەیی من بە کارەکانی بۆرخیس، ئەو تیۆرە بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێ: ئێمە لەگەڵ نووسەرانێك پەیوەندی چێدەکەین کە لە خۆمانەوە نزیك بن و لە خۆمان بچن. واتا بە کەسانێك کە خەیاڵ و حەزی ئێمە بەرجەستە دەکەن. لەبەرئەوەی نووسینەکانی بۆرخیس زۆر دوورە لە نووسینەکانی منەوەو "شەیتانەکان"ی ئەو تەواو لەگەڵ شەیتانەکانی من

پێك نامۆن. چونكه من چیرۆكنووسێكی ژەهراوی-بوو به مێژوو- و شێتی مێژوو بووم. من سەرباری تەكنیكه سەیرەكانم له گێڕانەوەدا و لەگەڵ ئەوەی كه جارجارێ خەیاڵ و واقیعییەت تێكەڵ دەكەم، بەڵام ئەم كارەی من لەگەڵ نووسەرانی تری ڕیالیزمی ئەفسووناوی جیاوازە. خەیاڵی من، واقیعییە، واتا جێگەی باوەڕەو جادوویی نییە. هەر لەبەر ئەمەیشە ڕەنگە به دڵتەنگی هەستی مالیخۆلیایی بۆرخیس بخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی كه ئەو هەیەتی و بۆتە هۆی پەیوەندیم بەوەوە، له مندا نییەو ناتوانێ هەبێت.

- **تفەنگ له شانەكانی تر كێن؟**

* چاكت كرد كه تفەنگ له شانت بەكارهێنا، لەبەر ئەوەی یەكەمین نووسەرێك كه له منداڵیدا سەرنجی منی بەلای خۆیدا ڕاكێشا "ئەلیكساندەر دۆما"، نووسەری "**سێ تفەنگ به شانەكە**" بوو- و بیرمە كه ماوەیەكی زۆر له دنیای سەرنجڕاكێشی ئەودا دەهاتم و دەچووم. دوای ئەوە له زانكۆ، زۆرێك له ئەوروپایی و ئەمریكاییەكانم خوێندنەوە، به تایبەت نەوەی ونبووی نەفرەتلێكراو: "هەمینگوای، فیتزجیرالد، ولیام فۆكنەر"، كه هێشتا به هۆی ئاڵۆزیی گێڕانەوەی و شێوەی چیرۆك دروستكردنی و یاریكردنی به زمان، به حەزێكی زۆرەوە دەگەڕێمەوە سەر كارەكانی. ئەو یەكەمین نووسەرێك بوو كه كاتێك كارەكانیم

خوێندەوە، قەڵەمەکەم بە دەستەوە بوو- و لە پەراوێزی هەر کتێبێکدا بۆ جیاکردنەوەی تانو پۆکانی یاداشتم دەنووسی.... بەڵام ناوێکی گرنگیش لەم دەستەیەدا هەبوو کە ناوەکەی لەسەر زمانمە (ماوەیەك بێدەنگ دەبێت) نەفرەت لە ڕۆژگار. وەك ئەوەی کە بە ڕاستی خەریکە پیریی کاری خۆی دەکات (پێدەکەنێ)... هەمان ئەو کەسەی کە سێینەیەکی گرنگی لە بارەی ولایەتە یەکگرتووەکانەوە نووسیوە...

**- دۆس پاسۆس؟**

* تەواوە. دۆس پاسۆس! نووسەرێکی گەورەیە کە کارەکانیم خوێندۆتەوەو زۆرم خوش دەوێ. هەستەکەم کاریگەرییەکەی ڕیشەیی لەسەر من و نووسینەکانم هەبوو. دوای ئەوە بوومە فەڕەنسی. زۆرم حەز لە نووسەرەکانی سەدەی نۆزدەی فەڕەنسا بوو، بە تایبەت فلۆبێر.

**- وتارێکت بە ناوی "ڕابواردنی بەردەوام"ت لە بارەی مادام بۆڤارییەوە نووسیوە...**

* بەڵێ، بەڵێ. چەند بێمانایە، نا؟ (پێدەکەنێ) مادام بۆڤاری حاڵەتێکی شازە و پێموایە لە مێژوودا وێنەی نییە. چونکە دەتوانین دوای ڕێچکەی شێوەگرتنی ڕۆژانەی ئەو بکەوین، لە ماوەی پەیوەندیی سەیرو سەمەرەی فلۆبێر و مەعشوقەکەی. ئەو مانگی جارێك زیاتر

مەعشوقەکەی نەدەبینی، بەڵام لە نامەی تێرو تەسەلی ڕۆژانەدا قۆناغی کار و ئارێشەکانی و پێداچوونەوەو خستنەسەرییەکانی لەگەڵ ئەودا باس کردووە. ئەم نامانە بەرلەوەی نامەی عاشقانە بن، ڕۆژانەی دروستبوونی مادام بۆڤارییە و ئەمەیش حەپەسێنەرە. بە تایبەت کە پەیوەندییەکەیان پێنج ساڵ تووڵی کێشاوە، واتا هەمان ئەو بڕە کاتەی نووسینی ڕۆمانەکە بردویێتی... دوای فلۆبێر، سەرقاڵی سارتەر و کامۆ و مالرۆ بووم. کتێبی "چارەنووسی مرۆڤـ"ی مالرۆ کاریگەرییەکی هەمیشەیی لەسەر من دانا. هەروەها سارتەر و تیۆرەکەی لە بارەی ڕۆشنبیر و ئەدەبیات، کە دەبێ ئاوێنەی سەردەمەکەی و ئارێشەکانی ئەو زەمانە بێت. یەکەمین کتێبەکانم، لە دەستەی ئەوانە **"شار و سەگەل"** تەواو هەمان شێوەیەو وا هەستەکەم گەر کاریگەریی سارتەر نەبوایە، ئەو ڕۆمانەم بەم جۆرە نەدەنووسی، هەرچەند دواتر لێی دوور کەوتمەوە.

## خۆماڵی و بیانی

**- بەڵام لە نێوان هەموو ئەو ناوانەدا کە دەیهێنی جگە لە بۆرخیس، هیچ نووسەرێکی تری ئەمریکای لاتینی تێدا نییە. ئاشکرایە نووسەرەکان سەرزەنشتت دەکەن وەختێك ببینن کە کاریگەریی نووسەری دەرەکی لەسەرەو تەنانەت بە چاوی ناپاکێك، یا خۆفرۆشێك دەیبینن (چی؟**

**مەملەکەتەکەی خۆت هیچی نییە کە هەمیشە ناوی ئەم بیانییانەی لەسەر زمانە؟) تۆیش نووسەرێکی لە کیشوەرێك بەم فەرهەنگە دەوڵەمەندەوە کە ڕێگەی بۆ هەموو نووسین و زمانە جیهانییەکان کردۆتەوە، بەڵام تەنیا "بیانی"یەکان کاریان لە تۆ کردووە.**

* ئافەرین! وەلیێ کەسانێك کە ئەم تۆمەتەم ئاراستە دەکەن، خەڵکێکن ڕووکار دەبینن. بە بۆچوونی من تەواو سروشتییە کە نووسەر بکەوێتە ژێر کاریگەریی بێگانەوە. بکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسێکەوە کە لە فەرهەنگی ئەو نییە. من دوای ئەوەی کە چووم بۆ ئەوروپا، بە تایبەت دوای ئەوەی کە گەیشتمە پاریس، نووسەرانی ئەمریکای لاتینم ناسی! لەوێ بوو کە خۆلیۆ کۆرتاسار و ئەلیخۆ کارینتییە و ئەوانی ترم ناسی. لە پیرۆ هیچم لە ئەمریکای لاتینییەکان نەخوێندبۆوە. دەزانم کە سەیرە، بەڵام حەقیقەتە. لە ئەوروپا بووم کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی کارەکانیان و لەوێ بوو کە هەستم کرد خەڵکی ئەمریکای لاتینم و تێگەیشتم کە ئەم بەشەی جیهان، فەرهەنگ و دەوروبەر و ڕێتواڵ و نەریت و هونەری خۆی هەیە، کە گەیشتۆتە تەواو کۆیی. بەر لەوە ئەم شوناسە یا ملکەچییە بۆ نەتەوە لە مندا بەهێز نەبوو. لە پیرۆ هەرگیز هەستم نەدەکرد کە خەڵکی ئەمریکای لاتینم. تەنیا پیرۆییەك بووم. وەك زۆرێك لە نووسەرانی هاونەوەکەم تەنها "بیانی"یەکانم دەخوێندەوە.

**- هەستەکەم ئەم پرسە لە زۆرینەی نووسەرانێك کە مەملەکەتەکەیان جێ دەهێڵن، ڕوودەدات. کاتێك لە وڵاتەکەیان دەچنە دەرێ، مەفتەنەکەی خۆیان زیاتر دێتە بەر چاویان، وەك ئەندامێك کە لە جەستە جیا بۆتەوە. بە هەرحاڵ ئێمە تەنیا یەك ئەمریکای لاتین دەناسین و دەڵێین نووسەرانی ئەمریکای لاتین، میللەتانی ئەمریکای لاتین و... ئەم پرسە لە بارەی جیهانی عەرەبیشەوە هەیە کە بە زۆری وەك کۆیەك لێی دەڕوانن، بێئەوەی ئاگایان لە وردەکاریی هەر وڵات و تایبەتمەندییەکانی بێت. ڕەنگە ئەمە "بەدبەختی"ی وڵاتانێك بێت کە لە لایەنی جوگرافیایی و زەمانیی و مێژووییەوە پێکەوە هاوبەشن...**

* ڕاستە. لە تافی لاویمدا، بۆ ئێمەی خەڵکی ئەمریکای لاتین، هەستی وابەستەیی بۆ کیشوەرێك بوونی نەبوو، بەڵکو تەنیا خەڵکی وڵاتەکەی خۆمان بووین. بەڵام ئەمڕۆکە پرسەکە تەواو گۆڕاوە، ئەمڕۆکە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بینینی هەمەلایەنەی ئەوروپایی بۆ خۆمان. ئەمڕۆ ئیتر کوڕ یا کچێکی گەنجی شیلیایی، یا ئەرجەنتینی، یا مەکسیکی، یا کوبایی، یا کۆلۆمبیایی، یاخود ڤەنزویلایی نادۆزیتەوە کە هەر لە منداڵییەوە هەست نەکات کە بەشێکە لە جیهانی ئەمریکای لاتین و لە هاوبەشیی شارستانی و زمان و مێژوو- و فەرهەنگ و کۆمەڵگەو ئەدەبیات و ڕێوڕەسمی خۆی لەگەڵ وڵاتەکانی هاوسێی بەئاگا نەبێت.

پێشتر بەرامبەر بە وڵاتە بیانییەکان نزیکەی جۆرێك نا-ڕوونیی بوونی هەبوو، تا ڕادەیەك کە ئیکوادۆرییەك نەیدەزانی لە پیرۆ چی دەگوزەرێ و بە پێچەوانەیشەوە.

**- هەڵبەتە وا هەستەکەم پرسەکە پەیوەندیی بە حکومەتە دیکتاتۆرییەکانیشەوە هەبوو. هەندێك لە هاوڕێکانم باسیان لە قاچاغی کتێبە یاساغەکان دەکرد کە دەستاو دەستی دەکرد...**

* هەڵبەتە. بۆ نمونە نووسەرێکی ئەرجەنتینی کە کتێبەکەی لە بۆینس ئایرس دەنووسێت، بە خەیاڵیشیدا نەدەهات کتێبەکانی لە دەرەوەی ئەرجەنتین بڵاو ببێتەوە. کتێبە ئەورووپی و ئەمریکاییەکان، زۆر ئاسانتر لە کتێبە کۆلۆمبی، یا ئەرجەنتینی، یا ڤەنزویلییەکان دێنە وڵاتەکەمانەوە. بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە تەواو فەرقی کردووە، نەك لەبەر ئەوەی سیاسەتەکە فەرقی کردووەو ئازادی بەدەست هاتووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بڵاوکەرەوەی گەورە کە لە هەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتین و لە ئیسپانیا نووسینگەو هۆبەیان هەیە. ئەمەیش هەموو ئەنجامی تێکەڵاویی گەورەیە لەگەڵ بڵاوکەرەوە ناوخۆییەکان کە تۆڕی تایبەتی دابەشکردنی کتێبیان هەیە. بەم شێوەیە کاتێك کتێبێك چاپ دەبێت، بە شێوەیەکی خۆبزۆك (ئۆتۆماتیکی) لە تەواوی وڵاتەکان

بلاو دەبێتەوەو لەبەر ئەوەی زمانەکەیشمان یەکە، پێویست ناکات چاوەڕێی وەرگێڕان بین.

دەبێ ئەوەیش بلێم کە لە جیهانی ئیسپانیۆلی ئێمەدا، ناوەندی سەرەکیی بلاوکردنەوە ئیسپانیایە، کە لەم سالانەی دواییدا گۆڕاوە بۆ تەوەرەیەکی ژیانی و ناوەندەکانی بلاوکردنەوەی لە هەموو جێیەکی جیهانی لاتین زمان هۆبەی هەیە. ئەمەیش پێشڕەفتێکی باشە کە هەم بە سوودی بلاوکەرەوەکەیە، هەم بە سوودی نووسەر و خوێنەریش. بلاوکەرەوە قازانجی زیاتر دەکات و نووسەریش پەیوەندی زیاتر دروست دەکات و خوێنەریش زانیاری زیاتر. سەرباری ئەمەیش، ئەم بەربلاوییە، شوێنەواری باشی بەسەر خودی زمان و ئەدەبیاتدا هەیە. وا هەستەکەم لە جیهانی عەرەبی تۆ و لە زمانەکەشتاندا بەم شێوەیە بێت، وا نییە؟

**- نا، بە داخەوە هێشتا ئەم ئارێشەیەمان چارەسەر نەکردووە....**

* بە ڕاست؟ سەیرە! بە ڕاستی ئارێشەیەکی بێماناو بەلکو گالتەجاڕیشە، بەتایبەت لە ولاتانێك کە زمانی هاوبەشیان هەیە. ئەم ڕۆژانە دروستکردنی پەیوەندیی فەرهەنگی زۆر ئاسانە و دەبێ سوود لەو پێشقەچوونانە وەربگیرێ کە لەم بوارەدا ڕووی داوە. واتا دەتەوێ بلێی بۆ نمونە شاعیرێکی جەزائیری ناتوانێ کۆمەلە شیعری شاعیرێکی لوبنانی لە کتێب-فرۆشییەکانی ولاتەکەی پەیدا بکات؟

**- تاڕادەیەك دەکرێ بڵێی مەحاڵە. هەڵبەتە پێشڤەچوونی زۆر هاتۆتە پێش کە هەمان بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنییە کە تا ڕادەیەك ئاستەنگیی دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی چارەسەر کردووە. کە هەڵبەتە باش و خراپ لەوێدا بڵاو دەکرێتەوە.... با بگەڕێینەوە بۆ بابەتی "تفەنگ لە شانەکان". دۆنکیشۆت چی؟ ماوەیەك لەمەوبەر لە ڕێزلێنانی چوارسەدەمین ساڵی لە دایکبوونی ئەودا بەشداریت کردبوو.**

* بڕوانە، هەندێك کات مرۆڤ ناتوانێ بە شێوەیەکی دیاریکراو بڵێ چۆن و لە چ بارەیەکەوە بەم نووسەر، یا بەو نووسەر کاریگەر بووە. ئەو کاریگەرییەی مرۆڤ لە خەڵکانی تری وەردەگرێت، تەمومژاوییە. من لەگەڵ دۆن کیشۆت دا چیرۆکێکی زۆر سەرنجڕاکێشم هەیە: کاتێك لە قۆناغی ئامادەیی بووم هەوڵم دا بیخوێنمەوە، بەڵام نەمتوانی. کۆنی زمانەکەی و درێژی ڕستەکانی ماندووی دەکردم و سەرنجی ڕانەکێشاوم و نەمتوانی تا کۆتاییەکەی بەردەوام بم لە خوێندنەوەی و وازم لێ هێنا. بەڵام لە دەورانی زانکۆدا، بە یارمەتی کتێبی "مارتین ئۆتۆرین"ی نووسەری ئیسپانیایی، کە لە ساڵی ١٩٠٥ کتێبێکی بچوکی جوانی بە ناونیشانی "ڕێگەی دۆن کیشۆت" نووسیبوو، دووبارە گەڕامەوە سەری و خوێندمەوە. کتێبەکەی ئۆتۆرین ڕاپۆرتێك بوو لەو جێگایانەی کە سێرڤانتس پێیدا تێپەریوە. ئەم کتێبە دووبارە منی بۆ ئەزموونێکی دووبارە بزواندو ئەم جارە تا کۆتایی بە لەزەت و وریایی و حەزێکی

زۆرەوە خوێندمەوە. ئەم کتێبە ڕۆمان و زمانی مۆدێرنی دروست کردووەو ئەمەی کە دەیلێم تەواو ئاشکرایە. هەرچی بە زمانی ئیسپانی بنووسرێ، بۆنی سێرڤانتس ی لیّ دێت. هەر وەك چۆن بە بۆچوونی من هەرچی بە زمانی ئینگلیزی بنووسرێ، بۆنی شکسپیری لیّ دێ. ئەوەی منی عەشقی سێرڤانتس کردووە، تەنزەکەیەتی. بە کاربردنی وشیارانەی تەنز (ئایرۆنی)، نیشانەیەکە بۆ چیرۆکنووسی سەرکەوتوو، لەبەر ئەوەی مەودای پێویستی ئەو و تێکستەکە دابین دەکات.

**- زمانی خۆیشت ئەم ئایرۆنییەی هەیە، هەرچەند جۆرێکی ترە....**

* بێگومان لە دۆن کیشۆت م وەرگرتووە! چەندین جار ئەم کتێبەم خوێندۆتەوەو وەکو وانە وتوومەتەوە. وتنەوەی کتێب ئەزموونێکی تایبەت و زۆر جوانە، چونکە لە ڕۆح و یادەوەری و ناخودئاگاو زەینی مرۆڤدا هەڵدەکۆڵرێ. هاوکات پەیوەندیت لەگەڵ ئەودا دەپارێزێ، چونکە گەر بتەوێ مەتنێك لێك بدەیتەوە، بێگومان دەبێ لێی بێیتە دەرێ و پێی نامۆ بیت.

**- بەڵام ئەفسوونی زمان بە شەرحکردن لەناو ناچێت؟ وا هەستەکەم وتنەوەی کتێبێك وەك نووسینگەی هاوسەرگیری وایە. هەمان پەیوەندی تەشریفاتی، ئەنجام دەداتە هەمان کار...**

* (پێدەکەنێ) ڕاستە. ئاسایی ئەفسوون لەناو دەچێت. زیادەڕەوی لە ڕەخنەو شیکردنەوەو لێکدانەوەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە {خەیاڵێك} بە ئێمەی {دەفرۆشێت}، لەناو بچێت. چ چیرۆك بێت، چ شیعر، چ ڕۆمان. لەم حاڵەتەدا هەموو شتێك، شتێکی ئەقلانی و سارد دەبێت. تەنانەت ئەو وڵاتە بیانیانەی کە هەمیشە حەزدەکەین پیایدا بگەڕێین، بە تێپەڕینی کات ئەو سەرنجڕاکێشییەی لەدەست دەدات.

**- لە بارەی گەڕۆکیی، وتت کە ڕێگەی دۆن کیشۆت کاری لەتۆ کردووە. بیرمە کە تۆیش هەمان کارت لەگەڵ "ڕێگەیەك بەرەو بەهەشت" کرد، واتا کەوتیتە جۆرێك گەشت و گوزار تا ڕازی پاڵەوانەکانی ئەو چیرۆکە، پۆل گۆگان و فلۆرا تریستان، باشتر پیشان بدەیت.**

* ڕاستە. سەفەری زۆرم کردووە، لە پاریس تا لەندەن، تا ئەریکیبا، تا دورگەکانی مارکیز، تا تاهیتی و ئارل و لیما. تا شوێنەوارێکی ئەو دوانە بدۆزمەوە. کچە فۆتۆگرافەرەکەم (مۆرگانا)یش هاوڕێی ئەم سەفەرەم بوو، کە دواتر پێشانگەیەکی فۆتۆی لە بارەی ئەم بابەتەوە کردەوە. ئەزموونێکی نایاب بوو. بەڵام ئەمە یەکەمین جار نەبوو، من بە زۆری لە بارەی کارەکتەرەکانمەوە بە دواداچوون دەکەم. حەزدەکەم خەیاڵ و حەقیقەت تێکەڵ بکەم تا باشتر {درۆ} هەڵبەستم.

**- بەڵام بۆچی "فلۆرا تریستان"ت هەڵبژارد؟**

* لەبەر ئەوەی کاتێك هەواڵی چیرۆکەکەیم زانی، لە بارەی ئەو و خەباتی بوێرانەی لە دەورانێکدا کە ژن تەنیا بۆ ڕۆڵی ناوەندی هەڵدەبژێررا، زۆرم حەز پێی کرد. تریستان، کە لە دایکێکی فەڕەنسی و باوکێکی پیرۆیی هاتۆتە دنیاوە و واتە دروست لە شارەکەی خۆم کە ئەریکیبایە. ڕاپەڕینی بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەتر کرد. کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵ کە لەوێدا ڕێز لە مافەکانی ژن بگیرێ. هەروەها ژیانی ئەو زنجیرەیەك سەرکێشی و سەفەر و موسیبەت و خەبات و بێ بەشییە. بەڵام هەموو ئەم ساڵە لێوڕێژ لە سەختی و ئەزموونی ئازاراوی، ژنێکی بەهێز و سەرسەخت و تازەگەری دروست کرد کە خەبات لە ژیانی سەرشۆڕییەو یاخیگەری لە ملکەچی بەباشتر زانی. هەروەها تێش گەیشت کە چۆن لەگەڵ کەسێتییەکی بەهێز و خەیاڵیی بەرچاو و باوەڕ بە پێداویستی ئازادی ژن، لە بەندێك کە بەسەر ئەودا دراوە، ناخۆشی بگۆڕێ بۆ خۆشی. ئەمە پرسێکی سەرسووڕهێنەرە. فلۆرا تریستان بێئەوەی کە پێویستی بە جوانکاری هەبێت، سیمایەکی چیرۆك ئاسای ڕاستەقینەیە.

جارجارێ خەیاڵ خودایە.

**- هەر لەم کتێبەدا دوو نواڕینی دژبەیەك هەیە بۆ سێکس. یەکیان نواڕینی تریستان-ە کە تەواو بە هۆکارێکی دەزانێ بۆ باڵادەستی و زاڵبوونی پیاو.**

**ئەوەکەی تریشیان نواڕینی گۆگانە کە بە هێزێکی گەورەی دەزانێ بۆ داهێنان. تۆ کە هەمیشەو بە توندی سوود لە ئیرۆتیك وەردەگری، لە ڕۆمانەکانتدا، لە کوێی ئەم دوو نواڕینە زیادەڕەوییە دایت؟**

* من هیچیانم قبوڵ نییە. نواڕینی من سروشتیتر و {تەندروستتر}ە. بە بۆچوونی من ئیرۆتیکا یەکێك لە ڕەگەزە خۆیی جەوهەرییەکانی ژیان و بە تایبەت ژیانی و نووسینەکانی منە. ئیرۆتیك واتا جیاکردنەوەی ئاژەڵێتی لە کردەی سێکسی و گۆڕینی بە کارێکی هونەری کە خەیاڵ و هەستیاری و فەرهەنگ لەوێدا گردبۆتەوە. ئەمەیش دەستکەوتێکی شارستانیانەیەو هۆکارێکی دەوڵەمەندە. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ئیرۆتیك بوونی نییە و کردەی سێکسی کارێکی تەواو ئاژەڵییەو باشترین بەرهەمیشی وەچەخستنەوەیە. ئیترۆتیزم تەنیا دوای پێشکەوتن و ئازادی و ڕۆشنبیربوونی کۆمەڵگە دەرکەوت. دوای ئەوە بوو کە ئەویننداری ڕێوڕەسم و جەژن و لە دایکبوون و نمایشی پەیدا کردو هەموو ئەمانەیش بە وێناکردن و توانا و ئاتاجی هۆشمەندانە و تکای شاراوە هاوڕێ بوو، کە پەیوەستییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ هونەر هەبوو.

**- بەهەرحاڵ ئەمە بابەتی کتێبی یاداشتەکانی {دۆن ڕیگۆبرتۆ}یە، کە لەوێدا ئیرۆتیك لەگەڵ هەستی گاڵتەبازی لە جیهانی هونەر و ئەدەبیات و فەلسەفەدا دەخرێتە ڕوو. هەمان کارێك کە پێشتر لە قسەکردن لە بارەی {پورێ}وە کردبووت.**

* بەڵێ. لەبەرئەوەی گەر ئیرۆتیزم لە خەیاڵ و ڕەگەزەکانی تر و ژیان و جیهان خاڵی بێتەوە، دەبێتە شتێکی تەشریفاتی و پووچ. لە کارەکتەری دۆن ڕیگۆبرتۆدا زۆرێك لە کەڵکەڵەو خەیاڵە تایبەتییەکانم بەکار بردووە. دۆن ڕیگۆبرتۆ هەوڵ دەدات کە هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنەدا، کە عاشقییەتی پڕتر و جوانتر بکات. ئەم ژنە، هاوسەرو قارەمان و بابەتی واقیعی هەموو ئارەزوو- و خەیاڵی سێکسی و ویستە شاراوەکانی ئەوە. ئەو پیاوێك نییە بە دوای لەزەتێکدا بگەڕێ لە دەرەوەی پەیوەندیی هاوسەرگیری، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو، هاوسەرگیری دنیایەکی دەوڵەمەندە، کە هەموو خەیاڵەکان لەوێدا جێگە دەگرن و دەتوانێ دوور بێت لە تەشریفات، بە مەرجێك کە بە ڕاستی خەیاڵێك بوونی هەبێ. نواڕینی من بۆ پەیوەندیی هاوسەرگیری ئەمەیە. خەیاڵ چەکی ڕاستەقینەی ئێمەی مرۆڤە.

**- لەبەر ئەمەیش ڕستەیەکی هۆڵدەرلین دووبارە دەکەیتەوە: کە مرۆڤ کاتێك خەو دەبینێ خودایەو کاتێکیش بیر دەکاتەوە گەدایە.**

* تەواوە. چونکە ئەم خەیاڵە ئیرۆتیکییە، نەك تەنیا چاوەی لەزەتێکی مەزنە، کە چاوەی ئەدەبیاتی سەرنجکێش و شێوەکاری سەرنجکێش و سینەمای سەرنجکێش و مۆزیك و پەیکەرسازی سەرنجکێش و بە جۆرێکی تایبەت و دیاریکراو هێزی خولڤاندنی داهێنانی زیاتر

کردووه. هەڵبەت ڕوویەکی تاریك و پووچ و ڕووکاریشی هەیە، کە هەمان ئیرۆتیکی {پلەی بۆی}و {فاشن تیڤی}و بووکەڵە بە جوانییەکی دەستکرد و جوانی تری بەرنامە بۆ داڕێژراوە، کە ئەوەندە پلاستیکییە وەك کاریکاتێری لێ هاتووە.

**- هەر لەم کتێبەدا وتبووت کە ئەوینداری لە وڵاتە کاتۆلیکەکاندا باشتر شێوە دەگرێت تا وڵاتە پرۆتستانتەکان. ئەمەیش زۆر پێکەنیناوییە و کاتێك ئەمەم خوێندەوە بیرم کردەوە کە بێگومان ئاماری کۆچ لە وڵاتە کاتۆلیکەکان بەرزدەبێتەوە.**

* (پێدەکەنێ). ئەمەیش شێوەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە بڵێم ئیرۆتیزم لە کۆمەڵگەی سەرکوت کراودا پێ دەگات. جێگایەك کە تابۆ و حوکم و یاساغ و پێشداوەرییەکان لە بارەی عەشق و سێکسەوە کاریگەریی پێچەوانەی هەیە.

**- جۆرج باتای لەگەڵ پرسەکەدا کۆکەو لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵگەیەك کە بەرامبەر سێکس نەرمی بەکار دەبات، ئیرۆتیزم دەکوژێت. بەڵام پێت وا نییە کۆمەڵگەی سەرکوتکەر، بە لە چوارچێوەدانی ڕۆڵی ئیرۆتیزم بە یەك پەرچەکردارو یاخیبوونێك، سێکس**

**دەکاتە بابەتێکی سیاسی، لە کاتێکدا کە ئازادی زیاتر یارمەتی ئیرۆتیزم دەدات. لەبەر ئەوەی پێچاو پێچەکان کەم دەکاتەوە؟**

* بێگومان ئیرۆتیزم بۆ پێگەیینی پێویستی بە ئازادییە، بەڵام نەك ئازادی زیاد لە پێویست، ئەگەرنا لەو حاڵەتەدا دەبێتە وەرزشێکی ماندووکەر. وا هەستەکەم ئەمە حاڵەتێکە کە لە هەندێك کۆمەڵگەی زیاد لە ڕادە ئازاد، ڕووی داوە.

تێگەیشت کە ئەو هەموو شتێکە.

**- با بگەڕێینەوە بۆ ڕوانینت لە پەیوەندیی ژن و مێردایەتی. هەستەکەم پەندە بە ناوبانگەکە "لە پشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە، ژنیکی مەزن هەیە" بۆ تۆ و پاتریسیای هاوسەرت ڕاست بێت. تۆزێك لە بارەی ئەم پەیوەندییە جوانەوە قسەمان بۆ بکە.**

* من و پاتریسیا زیاتر لە چل ساڵە پێکەوەین. هەر کە یەکەمجار ئەوم بینی، تێگەیشتم کە خانمی ژیانی منە. هەندێك کات مرۆڤ لە نمونەیەکی دەگمەندا خۆی بە پەیامبەر دەزانێ، دیداری من و پاتریسیا ساتەوەختی پەیامبەری من بوو. کتوپڕ و بروسکەئاسا تێگەیشتم کە ئەو هەموو شتێکە و تا کۆتایی ژیانیشم هەموو شتێك دەبێت. ئەو جگە لەوەی کە عەشقی منە هاوبەشی ڕەهاشمە. هەموو سەفەرە زۆرەکانی من، ئەو ڕێکی دەخات.

**- هەڵبەتە، هەموو دنیا پێکەوە گەڕاون و هەنووکەیش موسافیرێکی ماندوو نەناسن. چۆن کاتت هەیە ئەم هەموو سەفەرە بکەیت و ئەم هەمووەیش بنووسی؟**

* من و پاتریسیا عەشقی سەفەرین. هەمیشە هەوڵ دەدەم کاتێك نەسکێك لە ڕۆمانێك تەواو دەکەم سەفەر بکەم، چونکە گەر نەسکێك نیوە-ناچڵ جێ بهێڵم، ناتوانم دووبارە بچمەوە سەری و بەردەوامی پێ بدەم و زنجیرەی کارەکەم تەواو لەدەست دەردەچێت. هەمیشە وتوومە: من بە ئەندازەیەك پیرۆییم، چونکە لەوێ هاتوومەتە دنیاوە، هاوکات ئیسپانیایی و ئینگلیزی و فەڕەنسیشم. لە هەر یەکێك لەم وڵاتانە کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لێیان دەژیم، هەستەکەم لە ماڵی خۆمم. هاوکات خۆم وەك هاوڵاتییەکی جیهانیی دەبینم. لە خێزانی کەسانێك کە لە گەڕان ماندوو نابن. هەرگیز نەچوومەتە ژێر باری ئەوەی کە لە وڵاتێك، یا دەورەیەك، یا زمانێك، یا شوێنێك گەمارۆم بدەن. بڕیارم دا کە لە زیندانی هۆز بێمە دەرێ: لە مەحکومیەتێك کە کات و شوێنی هاتنە دنیامان بەسەردا دەیسەپێنێ. سەرباری ئەوەیش سەفەر بەشێکی جەوهەرییە، لە قۆناغەکانی شێوە گرتنی نووسینم.

**- تۆزێ باسی ئەم قۆناغەمان بۆ بکە.**

* ڕێگە دەدەم فکر و بینینەکان لە زەینمدا وەك هەویر هەڵبێن، دواتر دەست دەکەم بە وڕێنە کردن، واتا هەندێك لە کارەکتەرەکان بۆ ئەو بیرە/ تۆوە، زیاد دەکەم. تا ئەوەی کە ڕۆژێك بە شێوەیەکی نیمچە ئاسۆیی دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە بیرۆکەکەم شێوەی گرتووە. دواتر یاداشتی لێ هەڵدەگرم و کاتێکیش ئەم بەرنامەیە گۆڕا بۆ یەکێك لە کەڵکەڵەکانم، مانای وایە کە چیرۆکەکەم بە لاوە گرنگ بووە. حەزناکەم هەست بکەم بێکارم. بەڵکو تەنانەت بە بۆچوونی من، مەرگ لە ژیاندا، مانای ئەوەیە کە بەرنامەیەکم بۆ نووسین نەبێت. هەر لەبەر ئەمەیشە هەر کە کتێبێك تەواو دەکەم، دەکەومە بیری کتێبێکی ترەوە. وتارەکانم بە کۆمپیوتەر تایپ دەکەم، بەڵام ناتوانم ڕاستەوخۆ چیرۆك یا لێکۆڵینەوەکانم بە کۆمپیوتەر تایپ بکەم. سەرەتا بە دەست دەینووسم و دواتر یاریدەدەرەکەم بە کۆمپیوتەر بۆم تایپ دەکات، تا دواتر هەڵەچنیی بکەم. ئەوەی لە کۆمپیوتەردا سەرنجم ڕادەکێشێ ئەوەیە: کە مەودا دەخاتە نێوان نووسەر و تێکستەکەیەوە و ئەمەیش نیگایەکی فراوانتر دەداتە نووسەر بەرامبەر تێکستەکەی و لەم حاڵەتەشدا دەتوانێ ئاسانتر تاقی بکاتەوە، یا بیگۆڕێت و ئەمەیش زۆر چاکە. بەرلەمە، نووسەر چەندین کاتژمێر و ڕۆژی پێویست بوو تا ئەم کارە بکات، بەڵام ئێستا تەنها چەند خولەکێك یا تەنانەت چرکەیش بەسە. بە بۆچوونی من، ئەمە شۆڕشێکی مەزنە لە سەردەمی ئێمەدا. کۆمپیوتەر بۆ من تەنها

ئامێرێکی پێشکەوتووی تایپە. بەڵام هەمان شێوە کە وتم، هەمیشە دەستنووسەکە لە دەفتەردا دەنووسم، لەبەرئەوەی خووم گرتووە بە کاریگەریی دەستم و پەیوەندیی گەرمی دەستم لەگەڵ تێکستەکەم. پەیوەندییەك کە ئەم ڕۆژانە لە ڕۆمانە تازەکەمدا بە چێژەوە هەستی پێ دەکەم.

**- دەکرێ تۆزێك لەو بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت؟**

* باشە. ڕۆمانێکی زۆر گەورە نییە، هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتادایە. ناونیشانەکانی بریتییە لە ((لاسارییەکانی کچە خراپەکە))، کە چیرۆکی عەشقێکی ڕۆمانتیکییەو دیمەنەکانی لەو شارانەیە کە لێی ژیاوم، واتا لیما-ی دەیەی پەنجاکان و پاریس-ی دەیەی شەست و لەندەن-ی دەیەی حەفتاو مەدرید-ی دەیەی هەشتا. چیرۆکی چل ساڵ ژیانی هاوبەشە. هەڵبەت ئەمە تەنیا بەشە واقیعی و ئۆتۆبایۆگرافیکییەکەیەتی و باقییەکەی تری هەمووی داهێنراوە.

**- بە ئاگاداربوون لەوەی کە بەشە واقیعییەکەت لە بەشە داهێنراوەکەی چیرۆکەکەت جیاکردەوە، کەوتمە بیری ئەم ڕستەیە لە پێشەکیی پورە خولیا و شانۆنووس کە لەوێدا دەڵێی ئەدەبیات پرۆسەی درۆ کردنە. لە ڕاستیدا ئەم تیۆرییە لە واقیعێکی داپۆشراویشدا، بەرچاو دەکەوێ...**

* سەیر کە، من بەشبەحاڵ خۆم ناتوانم چیرۆکێك بنووسم کە لە یادەوەریمەوە دەست پێ نەکات. واتا کەسێك، یا بینینێك، یا بارودۆخگەلێکی ئەزموونکراوی تێدا نەبێت. بۆ من یادەوەری، خاڵی دەستپێکی خەیاڵە، کە لەسەر ئەو ڕۆی دەنێم، یا بە دەوریدا دەیرێسم و ((درۆ)) دەست پێدەکات. لەبەر ئەمەیشە هەمیشە بەشگەلێکی زۆری ژیانم لە کارەکانمدا هەیەو لە ڕاستیدا کاکڵەکەیانە، هەرچەند بچوکیش بێت، ئەنگێزەی نووسین، ئەفسووناوی و هاوکات تەمومژاویشە. کەس نازانێ بۆچی لە بارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە دەنووسێت و واز لە بابەتەکانی تر دەهێنێ.

هەمان ترس.

**- بە زۆری لەو بڕوایەدان خەیاڵ ئازادییەکی زیاتر سەبارەت بە واقیعییەت دەدات. بەڵام وا هەست ناکەی وەبیرهێنانەوە، ئازادییەکی کاری زیاتر سەبارەت بە خەیاڵ بدات؟**

* پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە. بێگومان دۆزینەوەو داهێنان چالاکییەکی مەرجدارەو مرۆڤ وەختێك کە شتێك دادەهێنێ، ئەم داهێنانە، بە پێچەوانەی ئەوەی زۆرێك خەیاڵ دەکەن، بەرئەنجامی ئازادی نییە، بەڵکو ئەنجامی پێشهاتگەلێکە کە ڕووی داوەو ناخودئاگا ئەوی ناچاری نووسین کردووە. ئەنگێزەی نووسین لە ناوەوەی مرۆڤدا شێوە

دەگرێت، لەو بۆشاییە تاریك و نادیارە. ئەمەیە کە ئێمە بەرەو لایەکی تایبەت ڕادەکێشێ. من بە تایبەتی وەختێك کاری ئەوانی تر دەخوێنمەوە، بە باشی هەست بەوە دەکەم و دەستی لێ دەدەم، چونکە دەبینم کە کەڵکەڵەکانی نووسەر، لە هەموو کتێبەکانیدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بە دەمامکی جیاواز.

**- وەك ئەوەی کە تاڵە دەزوویەکی نەبینراو هەموو کارەکانی پێکەوە بەستبێت...**

* تەواوە. ئەمە مەرجێکە کە ئەزموون دروستی کردووە: هەڵبژاردنی کارەکتەر و بابەت. وەك چارەنووس وایە و ناکرێ لێی هەڵێی. بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەوەی کە دەیان ساڵە دەنووسم، دیسانیش نووسین و نووسەریی بۆ من مەتەڵێکە. ئەم تاڵە دەزووە نەبینراوە دەبێت لە یەك کتێبیشدا ڕەچاو بکرێت. من بەر لەوەی کە بە ڕاستی دەست بە کاری نووسین بکەم، بەرنامەڕێژی، یا پلانێك دادەنێم. ئەمەیش بەو مانایە نییە کە من تەواو بە پێی ئەو بەرنامەیە کاردەکەم، بەڵکو زۆرجار بە تێپەڕینی کات دەیگۆڕم، بەڵام بۆ من زۆر پێویستە تا ئاگای لێم بێت و ڕێكو پێکم بکات، ئەگەر نا دەکەومە چاڵێکی قووڵەوە، کە هەرگیز ناتوانم لێی بێمە دەرێ. بەم جۆرەیە ئەو بەرنامەیە جۆرە ئاسایشێکی سەرەتایی دەداتە من. باشم لە بیرە کە وەختێك لە دەیەی شەستەکان لە پاریس دەژیام، هاوڕێیەتییەکی زۆر قووڵم لەگەڵ خۆلیۆ کۆرتاسار

هەبوو، دەورانێك كە ڕۆمانە بەناوبانگەكەی ((پەردە))[3]ی دەنووسی، كە ڕۆمانێكە بە پێكهاتەیەكی زۆر ئالۆز، دیداری زۆر زۆرمان پێكەوە هەبوو. ببینە ئەم نووسەرە هەموو بەیانییەك لە بەرامبەر ئامێری تایپەكەی دادەنیشت و تەنانەت نەیدەزانی كە ئەو ڕۆژە چیی نووسیوە! بەڵام لە كۆتاییدا كتێبێكی زۆر ڕێكو پێك بوو- و چنینێكی پتەوی هەیە. واتا لەگەڵ ئەوەی كە نەخشەیەكی دیاریی نەكردبوو، پێكهاتەكە لە ناخود ئاگاییدا شێوەی گرتبوو.

**- ئەمە هەمان پێكهاتەی پێچاو پێچی بۆرخیس بوو. هەڵبەت لە چیرۆكەكانی ئەودا زۆر چڕتر بەكار برابوو.**

* بەڵێ. ئەمەی كە فێربین چۆن بونیادی زمان و هێنانە جۆشیی بەكاربەرین، بە مانای ئەوەیە كە فێربین چۆن بیر بكەینەوەو ئەوەیش هۆكارێكە كە بەوە دەتوانین هەستیاری و خەیاڵ و بیركردنەوەی ڕەخنە گرانەمان كامڵ بكەین. بەڵام دەزانی، كاتێك بیر لە ڕابردووی خۆم دەكەمەوە، دەبینم كە ئەزموون هیچ بە كەڵكم نەهاتووە. ئەزموونی ئێمە وەك ئەزموونی ئەندازیاران، یا پزیشكان، یا مافناسان نییە، كە بە تێپەڕینی زەمان و بە پراكتیككردنی كارەكەیان متمانە بە خۆبوونیان بەرامبەر بە كار و پسپۆڕییان زیاتر دەبێت. كاری داهێنان هەرگیز ئەو

[3] شوێنی خەوی بووك و زاوا. و. كوردی

هەستە دڵنیاییەی نییە، تەنانەت گەر حەفتاهەمین کتێبیشت بێت. هەمان دەستەپاچەیی و ترس و تەنانەت دەتوانم بڵێم هەمان بێتوانایی لە بەرامبەر کاغەزی سپیدا، ترسناك و هەڕەشەو پووچیی و بێمانایی.

**- بەڵام هەندێك داهێنەر هەن کە لە یەکەمین کتێبیاندا ئەم ئارامیی و متمانە بە خۆبوونەیان هەیە.**

* (پێدەکەنێ) دەزانم. ئەم جۆرە داهێنەرانە باش دەناسم. بەڵام من باسی ئەو تاوسانە ناکەم کە لە زۆری غروری توند و مەسخەرەیان، بت لە خۆیان دادەتاشن. قسەی من لە بارەی داهێنەرانی واقیعییەوەیە. ئەم کەسەیان ناچارە هەمیشە نیگەران بێت، بەڵکو هەرچەند گەورەتر و ئەزموونەکانی زیاتر بێت، ترس و هەستی بەرپرسیارێتی زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو جارێ ئامانجی دژوارتر بۆ خۆی دەست نیشان دەکات. زیاتر ئاگای لە سنورەکانی خۆی دەبێت. ئارامی بۆ داهێنەر هەستێکی سەیرە. کەسی داهێنەر هەمیشە سەرەتاییە و هەموو جارێ بە خۆی دەڵێ کە ڕەنگە قسەیەکی بۆ وتن نەبێت. بەڵام دەگەڕێ و دەگەڕێ تا قسەیەك بۆ وتن بدۆزێتەوە. بەم شێوەیە بە تێپەڕینی کات لەگەڵ خۆی سەختگیرتر دەبێت و زیاتر ڕەخنە لە نووسینەکەی دەگرێت و زیاتر درك بە بێتواناییەکان دەکات، ئەگەرنا زیندوو نامێنێ. من کاتێك یەکەمین ڕۆمانم بڵاوکردەوە، هێندەی ئێستا نەدەترسام. سەرباری ئەمەیش، ئەم

مەترسییەش هەیە کە نووسەر خۆی دووبارە بکاتەوە: دەبێت هەمیشە ئەم هەڕەشەیەی لە زەیندا بێت، کە سەربای ئەزموونگەلی تازەو جۆراوجۆر، هەمووی بە پێی پێویست سەرکەوتوو نین. داهێنەر سەیری هەر کوێ بکات مینڕێژ کراوە، کەواتە چۆن دەتوانێ هەست بە ئارامی بکات؟

**- لە بارەی شانۆوە، تۆ هەم نووسیوتە، هەم لێکۆڵینەوەت کردووە، هەم وتار و.... لە کام لەمانەدا بالاّ دەستتری؟**

* گەر تفەنگێك بەسەر سەرمەوە ڕابگرن و بڵێن تەنها یەکێکیان هەڵبژێرە، بێگومان ڕۆمان هەڵدەبژێرم. (پێدەکەنێ) بەلاّم هەر یەکێك لەمانە ئەفسوون و لەزەتی خۆی هەیە. من حەزم لە تیۆری ((تایبەتمەندی)) نییە، بەڵکو زیاتر حەزم لە جۆراو جۆرییە. گواستنەوە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر مرۆڤ ئەژێنێتەوە. ڕاستیت بوێ شانۆ لە هەموویان زیاتر خۆشەویستترە لام. ڕەنگە گەر کاتێك کە دەستم بە نووسین کرد، لە لیما بزووتنەوەیەکی نمایشیی واقیعی و گرنگ و کاریگەر هەبوایە، تەنیا شانۆنامەم دەنووسی. بیرمە کاتێك لە ئامادەیی بووم نمایشێکی سەرنجڕاکێشم لە ((مەرگی موسافیر))ی ((ئارتۆر میللەر)) بینی کە گروپێکی ئەرجەنتینی لە لیما نمایشی دەکرد. بە ڕاستی ئەم نمایشە سیحری لە من کرد و لەو ڕۆژەوە دەستم کرد بە شانۆنامە نووسین. بەلاّم بە ڕاستی شانۆنامە نووسین نائومێدکەر بوو، لەبەرئەوەی

نمایشکردنی ئەوەی کە دەمنووسی تاڕادەیەك مەحاڵ بوو. هەر بۆیە بڕیارم دا لە ڕێگەی ڕۆمانەوە پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا چێ بکەم.

**- ئەم پەیوەندییە چ جۆرە پەیوەندییەکە؟**

* لە پلەی یەکەمدا پەیوەندی خۆمە لەگەڵ خۆمدا. من لە کاتی نووسیندا خۆم لەت دەکەم. دەبمە دوو کەس. هەم نووسەر و هەم خوێنەر. لەبەر ئەوەی هەمیشە خۆم دەخەمە بری خوێنەر تا تێبگەم چی باشەو چیش خراپ. هەوڵ دەدەم بە دوو چاوی تر خۆم بخوێنمەوە و بە نیگایەکی تر بە جۆرێك کە وەك بڵێی نازانم قەرارە چی بقەومێت. هەرچەند زۆر گرفتە کە نووسەر کەسێتی خۆی بخاتە لاوەو بەرامبەر تێکست و تەکنیکەکانی بێلایەن بێت. ئەمە جیاوازی بنەڕەتی ڕۆمانە لەگەڵ فیلم. "بینەر"ی فیلم، ناچارە بەو جۆرەی کە دەرهێنەر بە سەریدا دەسەپێنێ فیلمەکە قبوڵ بکات، بەڵام خوێنەری ڕۆمان کەشێکی ئازادی هەیە کە دەتوانێ تێیدا بگەڕێ و وردەکارییەك بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ بیخاتە سەری و هەروەها دەشتوانێ چیرۆکەکە وەربگێڕێت (بۆ وێنە). خوێنەر بینەرێکی خوڵقێنەرە لەبەرئەوەی خۆی وێنەکان دروست دەکات. تەنانەت گەر وەسفی ڕووخسارێك لە چیرۆکێك بخوێنیتەوە، هەر چەند ئەم وەسفە وردیش بێت، دیسان ئەوەی تۆ وێنای دەکەیت جیاوازە لەوەی خوێنەرێکی تر وێنای دەکات. بەڵام لە فیلمدا، وێنەکە هەمان ئەو وێنەیەیە کە دەیبینی و جێگەیەك بۆ گۆڕینی نییە. هەر

بۆیە دەڵێم ئەدەبیات بەرامبەر بە سینەما خوێنەری خوڵقێنەرتر بۆ خۆی دروست دەکات. (خوێنەرانی) سینەما پاسیڤن و تەنیا وەردەگرن. وەها نووقمی وێنەکان دەبن کە وەك بڵێی ژێرەمەلە دەکەن. من زۆرم حەز لە سینەمایە، بەڵام دەبێ بزانین کە جیاوازی ئەم دووە، نەك تەنیا لە زمانی سیناریۆ و زمانی کتێب، کە لە جۆری ئەو وەرگرتنەیە کە  هەر کامیان دەیخاتە ڕوو.

## سینەماکارێکی سەرنەکەوتوو

- تۆ لە سینەمایشدا کارت کردووەو لە دەیەی حەفتاکاندا بە وەرگرتن لە یەکێك لە ڕۆمانەکانت، سیناریۆیەکت نووسی و هاوکاری دەرهێنانەکەیشیت کرد...

* ئاه.... نا. هەر دەبێت قسە لەم ڕسواییەم بکەین؟ نەکا ئەم فیلمەت بینی بێت؟

**- بە داخەوە، نا.**

* بەداخەوە؟ بڵێ بەختەوەرانە! (پێدەکەنێ) نەکا تەماشای بکەیت... یەکێك لە ئارەزووەکانم ئەمەیە کە ئەم فیلمە لە یادەوەریم و لە یادەوەریی خەڵکیشدا بسڕێتەوە. تەنیا سوودێکی بۆ من هەبوو- و ئەویش ئەمە بوو کە تێگەیشتم هەرگیز نابمە سینەماکارێکی باش. لە خەیاڵمدایە

ڕۆژێك چیرۆكی شەرمهێنەری ئەزموونیی سینەماییم بنووسم، لەبەر ئەوەی پیشانی دەدات كە چ جیهانێكی پووچە و چەندە لەگەڵ ئەدەبیات جیاوازە. لێگەڕێ بڵێم چۆن بوو: ڕۆژێكیان لە مەكسیك سەرقاڵی نووسینی ڕیپۆرتاژێك بووم. زەنگی تەلەفۆن لێی داو یەكێك لە بەڕێوەبەرانی كۆمپانیای پارامۆنت لەوسەری هێڵەكەوە بوو. پارامۆنت كۆمپانیایەكی فەڕەنسییە و سەرقاڵی كڕینی مافی كۆپی ڕایتە لە جیهانی ئسپانیۆڵی. وتی پارامۆنت مافی بە فیلمكردنی یەكێك لە كتێبەكانم بە ناونیشانی ((پانتالیۆن و میوانانی))ی كڕیوە، لەبەرئەوەی ڕۆژێكیان یەكێك لە خاوەنانی كۆمپانیاكە چیرۆكەكەی لە هاوسەفەرێكی بیستبوو و بیری كردبۆوە كە فیلمێكی سەرنجڕاكێش و دڵڕفێن دەبێت. تا ئێرە گرفتێك نییە. بەڵام بەداخەوە ڕستەی دواتری وت: "بیردەكەمەوە كە دەبێت نووسەر بێت، واتا دەبێت دەرهێنەرەكەی خودی نووسەر بێت و دەبێ خۆت ئەو كارە بگریتە ئەستۆ". و لێرەدا بوو كارەساتەكە ڕووی دا. چون ئەو كاكی نووسەرە هیچی لە سینەما نەدەزانی و تەنیا پەیوەندیی لەگەڵ وێنەدا، چالاكیگەلی تەواو بێ بایەخ ((ئەگەر نەڵێم كارەستبار)) لە بواری فۆتۆگرافەریدا بوو. ئەویش بەجۆرە كە ڕۆژێك گۆڤارێك داوای كۆمەڵێك وێنەی كرد لە پێشبڕكێیەكی گابازی و منیش ئەنجامم دا، بەڵام ئەنجامەكەی ئەوە بوو كە هەموو وێنەكان سووتان و تەنیا وێنەیەك بە ساغڵەمی قوتار بوو، ئەویش وێنەی گایەك بوو لە كاتی ئاو خواردنەوەدا،

چەند سەرسوورِهێنەرە! (پێدەکەنێ) و ئەمەیش تەنیا شایستەیی من بوو لە فیلمسازیدا! بەڵام ئەوان پێداگری و جەختیان کردەوە کە یاریدەدەری پیشەگەرم دەبێت. منیش قبوڵم کرد و بەرهەمەکەیشی جگە لە ئابروچوون شتێکی تر نەبوو...

**- ئاغای یۆسا، دڵنیام زیادی پێوە دەنێی...**

* نا، نا. باوەڕ بکە. هەرگیز زیاد پێوەنان نییە. گەر ڕۆژێك ئەم فیلمە هاتە سەر ڕێگەت، بێگومان و بە خێرایی ڕێگەکەت خوار بکەوەو لە لایەکی ترەوە بڕۆ. هەڵێ و ئاوڕ بۆ دواوە مەدەرەوە.... من هیچ توانایەکم لە سینەمادا نییە و ئەمەیش ڕاستییەکە.

لە زیادە ڕەویدا کەم دەهێنێ.

**- ئێستا کە قسەت لەسەر توانا کرد: وتت کە لە لایەنگرانی فلۆبێریت و دەشزانین کە فلۆبێر نموونەی نووسەرێکی هەوڵ دەرە، نەك کەسێك کە بە خۆڕسك نووسەر بێت.**

* من لە فلۆبێرەوە فێری دیسپلین بووم. ئەوەی کە دابنیشم و بە شێوەیەکی میتۆدی و ڕێکوپێك کار بکەم. هەستەکەم نووسەرێك کە هەر بە زگماك ئامادەیی نووسەری نەبێت، دەبێ دابنیشێ و بە کار و هەوڵ و ڕەخنەگرتن لە خۆی، ئامادەیی خۆی {دروست بکات} وەك فلۆبێر.

هەڵبەت حاڵەتی ڕێزپەڕیش هەیە کە خۆڕسك و پێگەیشتووە وەك ئەو نووسەرانەی کە لە دەورانی لاویشدا کتێبی بەنرخ دەنووسن. وەلێ ئەمە پێوانە نییە. مرۆڤ کاتێك کارە سەرەتاییەکانی فلۆبێر دەخوێنێتەوە، هەرگیز ئەگەری ئەوە دانانێ کە ئەم کەسە لە داهاتوودا ڕۆمانی زۆرباش دەنووسێ. بەڵام ئەو ڕۆحییەتێکی زۆرانبازانەو کەڵکەڵەی نووسینی هەبوو- و ئەوەندە کاری کردووە و کاری کردووە، تا ئەوەی کە دواجار پێگەیشتنی لە دایك بووە. گەورەترین یارمەتییەك کە لە سەرەتای نووسەریدا بە من گەیشت، نامەکانی فلۆبێر بوو لە بارەی کارکردن لەسەر ڕۆمانی ((مادام بۆڤاری)). کارێکی زۆر وردەو لەسەر هەموو وشەو ڕستەیەکی کارکراوە، تا ئەوەی کە ڕۆمانێکی تەواوە و ئەمەیش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو.

**- یەکێك لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی ((تاعوون)) ی ((ئەلبێر کامۆ))م بیر کەوتەوە. جۆزیف گران کە دەیەوێ ببێتە نووسەر و کارێکی بەرجەستەی ئەدەبی بنووسێت، بەڵام ناتوانێ ڕستەیەك زیاتر بنووسێ و دەشیەوێ کارەکەی کامڵ بێت. هەندێکجار گەڕان بە دوای کامڵبووندا مرۆڤ لە کار دەخات...**

* بێ چەندو چوون، ئەمە زیادەڕۆییە. دەتوانی سەدان-جار ڕستەی یەکەم ڕاست بکەیتەوە. بەڵام ئەمەیش مانای کەمتەرخەمی نییە.

نووسەر دەبێ ورد بێت لە نووسینەکەیدا و هەوڵ بدات و ماندوو بێت تا ئەوەی کە ئەنجامەکەی کارێکی گەورە بێت. نابێ قانع بێت. دەبێ هەمیشە بە دوای باشتریندا بگەڕێ.

**- بەڵام پۆل ڤالێری دەڵێ: تێکست کارگەییەکی هەمیشە لە کارەو قەت ناوەستێ. لانی زۆرینەی شتێك کە ڕوو دەدات ئەوەیە کە مرۆڤ لە ساتێکدا لێی لا دەدات. هەست ناکەیت گەر نووسەر زۆر دەستی بۆ تێکستەکەی برد لەبری ئەوەی کە باشتری بکات، تەمومژاوی دەکات و دەیشێوێنێ؟ ئەمەیش بۆ نموونە لە وەسوەسەی سان ئەنتوانی فلۆبێر ڕووی دا لە چاپی یەکەمیان، بەر لە مادام بۆڤاری، زۆر بە نرخترە لە مەتنی دەستکاریکراو و دەست-تێوەردراو (بەوجۆرەی کە لویس بیرتران لەگەڵ چاپە چاك کراوەکەی یەکەم پیشانی دا). شتێکی گرنگتر لە کەماڵی تێکست هەیەو ئەویش زیندووبوونی تێکستە.**

* بێگومان وایە. ئەم ترسە بوونی هەیە. زیادەڕەوی لە پاکسازی و پێداچوونەوە، لە بەهای کارەکەی کەم کردووە. لەبەر ئەمەیشە باوەڕم وایە کە دەبێ نووسەر زۆر کار بکات، بەڵام دەبێ بزانێ لە کوێ دەست هەڵدەگرێ.

**- ماریۆ بارگاس یۆسا چۆن دەزانێ و تێ دەگات، کە دەبێ لە کوێ {دەست هەڵبگرێ}؟**

* ئەمە پرسێکی غەریزییە کە دەبێت ملکەچی بیت. لە ساتێکدا تێدەگەم کە تێکستەکە تێر بووەو ناتوانم کارێکی لەوە زیاتر بکەم. وەك زەنگێکی مەترسی، یا ئاژێرێك کە دەڵێ دەست هەڵبگرەو دەست هەڵدەگرم. زۆربەی نووسەرانی سەدەی نۆزدەهەم لەم قۆناغەدا زۆرباش کاریان کردووە. لەو باوەڕەدام دەورانی ئایدیاڵی ئەدەبیات، سەدەی نۆزدەهەم بووە. لەم دەورانەدا نووسەر وەك ئەستێرەیەکی زۆر لایەنگر بووە، بێئەوەی کە ئەم زۆرلایەنگرییە کاریگەری نەرێنیی لەسەر نووسینەکەی هەبێت. ئەوەی کە کتێبەکانی پڕ-فرۆش بووە، نووسەرێکی مەزنی ڕاستەقینە بووە، نەك نووسەرێکی بازرگانی.

**- جۆرێك هاوسەنگی لە نێوان جۆری تێکست و ئاستی هەوادارانیدا بوونی هەبووە.**

* تەواوە. دوای ئەم قۆناغە، حاڵەتێکی تەڵاق و جیابوونەوە لە نێوان چەندێتی و چۆنێتیدا دروست بوو. هەوادارانی ئەدەبیاتی باش سنووردار بوون و ئەو ئەدەبیاتەیش بووە ئەدەبیاتی نوخبەگەرا. هەروابێتەوە ئەدەبیاتی بازرگانیش هەواداری زۆربوو- و بووە ئەدەبیاتێکی بەکاربەر. هەڵبەت جگە لە چەند نموونەیەکی تایبەت و دیاریکراو. هەڵبەت بە

بۆچوونی من، خەڵکی کتێبە پڕفرۆشەکان (best seller) بخوێننەوە زۆر باشترە لەوەی کە هیچ نەخوێننەوە، یا تەنیا سەیری تیڤی بکەن. لێگەڕێ **کۆدی داڤنشی** بخوێننەوەو ئەگەریش ویستیان لەزەتی لێ وەربگرن، گرفتێك نییە. تەنیا بخوێننەوە.

**- بەڵام ئەم زەوقە ئەدەبییە مرۆڤـ بێ بایەخ، یا کوێر دەکات. کەسێك خوو بگرێت بە خوێندنەوەی ئەم شتانەوە، دواتر ناتوانێ درك بە ئەدەبیاتی ڕاستەقینەی وەك مارسیل پرۆست، یا بۆرخیس، یا کافکاو جیمس جویس بکات. لەبەر ئەوەی درککردنی ئەم کارانە پێویستی خەرج کردنی وەخت و هەوڵدانێکە، کە ئەو جۆرە کەسانە توانا، یا ئامادەیی ئەوەیان نییە.**

* ڕاستە. بەڵام زیانی هەموو ئەم لایەنە نەرێنیانە کەمترە لە باڵادەستیی وێنەکەی. سەرباری ئەمەیش، کەمێك لە ئارێشەکە دەکەوێتە ئەستۆی نووسەرانێك کە ئەدەبیاتێك دەنووسن نەخوێنرێتەوە، کە گوایە بۆ نائومێد کردن و پەرێشانکردنی خۆڕایی خەڵك نووسراوە. ئەم ڕێگەیە بە سوودی ئەدەبیاتی جددی نییە، وەك چۆن سیاسەتمەداری خراپ، سیمای سیاسەتمەداری باش خراپ دەکات، نووسەری خراپیش سیمای نووسەری باش، خراپ دەکات.

## يۆسای سەر کۆمار

**- باشە: گەیشتینە سیاسەت. ئاشکرایە ئەدەبیات و سیاسەت پێکەوە تێکەڵەیەکی کوشندەو تەقێنەرەوە پێك دەهێنن. کەمێك باسی ئەزموونت بکە وەك کاندیدی سەرۆکایەتی کۆماری پیرۆ لە ساڵی ١٩٩٠.**

* ئەزموونێکی ترسناك بوو. بە تایبەت کە بارودۆخی ناوخۆی وڵاتەکەم زۆر دژوار بوو. توندڕەوی و تیرۆریزم و شتێکی نزیك لە جەنگی ناوخۆ. بەڵام سیاسەت ئەزموونێکی ناپابەندە. هەمان شێوەیش کە وتت لەگەڵ ئەدەبیات زۆر دژە. بەتایبەت لە بواری زماندا. زمانێك کە سیاسەتمەداران بەکاری دەبەن، لەگەڵ زمانی نووسەران زۆر جیاوازە.

**- بەڵام خەیاڵ لە هەر دووکیاندا ڕۆڵێکی دیاری هەیە...**

* باوەڕ بکە خەیاڵ لەو بوارەدا هیچ بە کەڵکم نەهات. ئەزموونێکی نائومێدکەر بوو کە ناکرێ دووبارەی بکەمەوە. دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩ زۆرێك لە ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە دەورانی فەرهەنگی هەمەلایەنە و تۆلێرانس و دیموکراتی گەیشتووە. ئەم باوەڕە تەنیا یۆتۆپیایەك بوو. هەڵبەتە ماناکەی پشتکردنە ئەدەبیات نییە بۆ سیاسەت، من هەنووکەیش پابەندم بە ئەدەبیات و باوەڕیشم بەوە هەیە کە ئەرکی موراڵی ئێمەی نووسەران، بریتییە لە دەستدانان لەسەر برین و بەشداری لە ژیانی

شارستانی، هەر چەند بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت. هەندێك دەڵێن باشترین کارێك کە نووسەران لە دەستیان دێت دەرنەبڕینی بیرو بۆچوونە لە کاروباری سیاسیدا، چونکە خەڵك بایەخ بە بۆچوونیان نادەن. بەڵام من دیسان بەرگری لە ڕۆشنبیرییەکی پابەند دەکەم کە لە ڕووی ڕەوشتییەوە، هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. زۆر پێویستە تریبۆنێك بۆ بەرگری لە ئازادی و مافی مرۆڤ دروست بکەین. پرسێك کە لە ئێستادا لە جیهانی سێهەمدا بە کەمایەسییەکی گەورە هەژمار دەکرێ. لەم میانەیەدا، ئەمریکای لاتین بارودۆخێکی زۆر جەخارباری هەیە کە تەمەن درێژترین دیکتاتۆری مێژووی هەیە: ٤٦ ساڵ دیکتاتۆریی کاسترۆ لە کوبا.

**- لە ((گفتوگۆ لە کاتدرال)) باس لە ئۆدریا دیکتاتۆری پیرۆ و لە ((ئاهەنگی سابرێن))دا باسی ترۆخیۆی دیکتاتۆری دۆمینیکان دەکەیت.**

* بەڵێ. ئەمە ڕێگەی منە بۆ ڕیسواکردن. بۆ خەبات. توندوتیژیی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دزەیان کردۆتە هەموو چینەکانی کۆمەڵگەو ژیانەوەو پەرێشانی دەکەن. نەك تەنها لە مەیدانی سیاسیدا، بەڵکو بۆ خێزان و کارو زانکۆیش دەکشێت. دیکتاتۆری گەندەڵی-هێنەرە.

**- نەك تەنیا دیکتاتۆری. دیموکراسیش گەندەڵی-هێنەرە. باشترین نمونەیش ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی جیهانە کە دەیبینین.**

* هەڵبەت، ئاشكرایە. (دەستەپاچە دەبێت) بەڵام جیاوازییەكەی ئەوەیە كە دیموكراسی تا ڕادەیەك نەرمەو دەتوانی لە ناوەوە بیگۆڕیت. بەڵام گۆڕینی دیكتاتۆری لە ناوەوە تا ڕادەیەك كاری نەكردەیە.

**- بەڵام گۆڕینی لە دەرەوە سەپێنراویش دەگۆڕێت بۆ كارەسات و ڕێگەچارەیەكی گونجاو نییە. وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق دەگوزەرێ.**

* ڕاستە. هەر كاتێك دیموكراسی خواستی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێ، دۆزەخ دروست دەبێت، بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەم ڕاستییەی كە هەندێك ڕەگەزی دیموكراسی وردە وردە لە گۆڕینی دنیا سەركەوتوو بووە، ناتەبا نییە. بۆ من جێگەی داخە كە زۆرێك لە نووسەرانی كۆمەڵگەی پێشكەوتووی دیموكراتی چاوپۆشییان لە دەستوەردان لە كاروباری ڕای گشتی، بەو هەنجەتەی كە ئەم كارە زۆر ئایدیاڵ یا سادەیە.

## هەڵەكانی تافی لاوی

**- بۆچی؟ مەگەر نووسین چ كاریگەرییەكی هەیە؟**

* نووسین ژیان دەگۆڕێت. ئاگایی قووڵ دەكاتەوەو مرۆڤ ناچاری بیركردنەوە دەكات. بێگومان ئەو كتێبە باشانەی كە خوێندوومنەوە ژیانیان باشتر كردووم. بەڵام سەرباری لەزەتێكی زۆر كە خوێندنەوە

دەتداتێ، نابێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەست بە بەختەوەری بکات. بەڵکو بە بۆچوونی من زیاتر مرۆڤ دەخاتە سەر خەم و لاوازی، لەبەر ئەوەی هەستیاری مرۆڤ زیاد دەکات. کۆمەڵگەیەك کە لێوڕێژ بێت لە ئەدەبیات، کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند و دینامیکی و داهێنەرە. حکومەتەکان زۆر بە زەحمەت دەتوانن یاری بە کۆمەڵگەی خوێندەوار بکەن و فریوی بدەن، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی وادا فکری ڕەخنەگرانە زۆر گەشە دەکات. ڕۆمان، بەو مەرجەی کە هۆکاری برەودان بە ئایدۆلۆژی، یا سیاسەت، یا دین نەبێت و بە جددی و داوێن پاکی بەکاربێت، هۆکارێکی کارامەیە بۆ گۆڕین.

**- لە جێیەك وتووتە "ڕۆمان شێوەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ خۆشگوزەرانی".**

* بەڵێ. ئەوەیش ڕاستە. چون بە سەرنجڕاکێشترین شێوە ڕازەکانی جیهان و زمانمان بۆ ئاشکرا دەکات. ڕۆمان ڕوویەکی جیاواز و تایبەت بە ژیان دەبەخشێت. ڕۆمان یا گوزارشتێکە لە ژیان کە دەستمان نەکەوتووە و ئارەزووی دەکەین، یا گوزارشتێکە لە گۆشەیەکی بێ بەها و موسیبەتبارتری ئەزموونی مرۆیی. ڕۆمان، لەگەڵ ئەوەی کە سەرنج دەداتە حەقیقەت، حەقیقەتیش ناڵێ، بەڵکو هەرێمی خەیاڵ و وەهم و درۆیە.

**- بە بۆچوونی تۆ شیعر لە کوێیە؟**

* شیعر ویژدانی جیهانە. بە توێژگەلێك ژیان دەدۆزینەوە کە بە ناسینی ئەقڵانی و هۆشی لۆژیکی دەستمان پێیان ناگات. ئەو دۆڵە قووڵانەی کە بۆ گەیشتن پێیان، پێویست بە قبوڵکردنی مەترسیی جددی دەکات. تەنیا لە ڕێگەی درك و ناوەڕۆکەوەیە کە دەتوانی بگەیتە شیعر، نەك لە ڕێگەی ئەقڵەوە.

**- بەم بۆنەیەوە، تۆ شیعریشت نووسیوە...**

* بەڵێ، بەڵام تکا دەکەم بە کەس نەڵێی! هەڵەگەلی تافی لاوی بوو. (پێدەکەنێ)

**- ئەمە جاری دووەمە کە داوا لە من دەکەیت هەڵەو کارە خراپەکانت بشارمەوە. بەڵام بە ڕەچاوکردنی پیشەو حەزەکانم، ناتوانم گرنتی ئەمەت بدەمێ. جگە لەوەش، تەنیا هەڵەی تافی لاوی نەبووە، چونکە لەم دواییەشدا دووبارەت کردەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤ چەند پەیکەرێکی مانۆلۆ ڤالڵدیس، لە مەدرید دانرا، شیعری تۆی لەسەر هەڵکۆڵراوە.**

* چەند ترسناکە! تۆ زۆر ترسناکی! شارلۆك هۆڵمزێکی ڕاستەقینەی! دەمەوێ بزانم ئەم هەموو ڕازەت سەبارەت بە من لە کوێ دەست کەوتووە؟

**- هەر یەکە لە ئێمە ڕێگە و ڕازی خۆی هەیە...**

❊ (چاو دادەگرێ) ئافەرین.

**سەرچاوە:**

**پێگەی**

**http://www.jenopari.com/article.aspx?id=171**
**www.joumanahaddad.com**

# گفتوگۆی گۆڤاری پاریس ڕیویۆ
# لەگەڵ ماریۆ بارگاس یۆسا

من، بۆرخیس و پاپلۆ نیرۆدا

**- ئێوە نووسەرێکی ناسراون و خوێنەرانتان ئاشنای کارەکانتانن. باسی ئەو کتێبانەمان بۆ بکە کە دەیان خوێنییەوە.**

* لە چەند ساڵی ڕابردوودا شتێکی سەیر ڕووی دا. هەستم کرد کەمتر کاری نووسەرانی هاوچەرخ و زیاتر کاری نووسەرانی ڕابردوو دەخوێنمەوە. پتر نووسەرانی سەدەی نۆزدە دەخوێنمەوە تا کاری نووسەرانی سەدەی بیست. ئەم ڕۆژانە زیاتر حەزم لە کارە ئەدەبییەکانە تا کتێبی مێژوویی یا وتار. زۆر بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە بۆچی شتێك کە دەیخوێنمەوە، دەیخوێنمەوە. هەندێك کات بە دەلیلی پیشەییە. پرۆژە ئەدەبییەکانی من پەیوەندیی بە سەدەی نۆزدەیەمەوەیە: وتارێك لە بارەی ڕۆمانی ((بێ-

نەوايان)) ی ڤیکتۆر هۆگۆ و ڕۆمانێك لەسەر بنەمای ژیانی فلۆرا تریستیان، ڕیفۆرمیستی کۆمەڵایەتی و فیمینیست. بەڵام هەست دەکەم مرۆڤ لە پازدە یا هەژدە ساڵیدایە کە هەست دەکات لە جیهانی داهاتوویدا، هەموو زەمانی لەبەر دەستدایە. بەڵام وەختێك دەبیتە پەنجا ساڵ، توند هەست دەکەیت کە ڕۆژەکانت کەوتوونەتە ژماردن و دەبێت هەڵبژێریت. ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت کە زۆر کاری نووسەرە تازەکان ناخوێنمەوە.

**- بەڵام لە نێوان نووسەرانی هاوچەرختان کە کارەکانیانت خوێندۆتەوە، بە تایبەتی کاری کێت پێ باشە؟**

* لە تافی لاویدا، خوێنەرێکی باشی سارتەر بووم. کاری ڕۆماننووسە ئەمریکییەکانم خوێندۆتەوە، بە تایبەتی نووسەرانی نەوەی ون-بوو - ولیام فۆکنەر، هەمینگوای، فیتزجیرالد، دۆس پاسۆس و بە تایبەت فۆکنەر، لە نێوان نووسەرانێك کە لە تافی لاویدا کارەکانیانم دەخوێندەوە، ئەو یەکێکە لەو دەگمەنە نووسەرانەی کە هێشتا بایەخی هەیە بۆم. کاتێك دووبارە خوێندمەوە هەرگیز نائومێد نەبووم. جارجار لەگەڵ هەمینگوایش هەر وام. ئەمڕۆکە، چیرۆکەکانی سارتەر بە بەراورد لەگەڵ کارەکانی تری کە خوێندوومنەوە، کۆن دێنە بەرچاو و زۆرێك لە بەهاکانی لەدەست داوە. بەڵام وتارەکانیم بە کەم بایەخ دانا. بەدەر لە (سانت ژینێ:

کۆمیدیکار یان شەهید) کە هێشتا خۆشم دەوێ. کارەکانی سارتەر پڕن لە ناودژی، تەمومژی، هەڵەو شتانی بێ سەروبەر کە هەرگیز لە کارەکانی فۆکنەردا بوونیان نییە. فۆکنەر یەکەمین نووسەرێك بوو کە من لە کاتی خوێندنەوەیدا کاغەز و قەڵەمم بە دەستەوە گرت، چونکە تەکنیکەکەی دەیحەپەساندم. ئەو یەکەمین نووسەرێك بوو کە ئاگایانە هەوڵم دا بە کۆپیکردنی، دەستکاری کارەکانی بکەم، بۆ نموونە ڕێکخستنەوەی زەمان، یەکتربڕی کات و شوێن، پچڕانەکانی گێڕانەوەو توانایەك کە ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆکدا هەیەتی لە گۆشەنیگای گێڕانەوەی جیاواز بۆ خەڵقکردنی چەند مانایی، کە قووڵاییەکی زیاتر دەداتە چیرۆك. من وەك نووسەرێکی خەڵکی ئەمریکای لاتین هەست دەکەم کە خوێندنەوەی کارەکانی فۆکنەر ئەو کاتە کە خوێندمنەوە کەڵکێکی زۆریان هەبوو، چون سەرچاوەیەکی بە نرخە لە تەکنیکی وەسفی کە بۆ جیهانێك کە بە مانایەك لەگەڵ جیهانێك کە فۆکنەر وەسفی دەکات، زۆر نامۆ نییە، گونجاوە. دواتر هەڵبەتە کاری نووسەرانی سەدەی نۆزدەیش بە تامەزرۆییەوە دەخوێنمەوە: فلۆبێر، بالزاك، دایستایۆڤسکی، تۆڵستۆی، ستانداڵ، هورسۆرن، دیکنز، مێلڤێل، من هێشتاکە خوێنەرێکی تامەزرۆی کاری نووسەرانی سەدەی نۆزدەم. بەڵام لە بارەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینەوە، بە ڕادەی پێویست سەیرە، بە ڕاستی وەختێك کە لە ئەوروپا ژیام ئەم ئەدەبیاتەم دۆزییەوە و بە جۆش‌و خرۆشێکی زۆرەوە

کەوتمە خوێندنەوەی. دەبوو لە زانکۆی لەندەن، ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین بلێمەوە کە بە ڕاستی ئەزموونێکی بەنرخ بوو، چون ناچاری کردم بە شێوەیەکی تەواو بیر لە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین بکەمەوە.

لەوەودوا کارەکانی بۆرخیس کە بە جۆرێکی زیاتر پێی ئاشنا بووم، کارپینتیر، کۆرتاسار، گوییماراس ڕۆس، لزاما لیماو هەموو نووسەرانی ئەم نەوەیەم خوێندەوە بە هەڵاوارتەی کارەکانی مارکیز. دواتر مارکیزم دۆزییەوە و تەنانەت کتێبێکم لە بارەیەوە نووسی، ((گارسیا مارکیز: مێژووی بڕیارێك)). هەر وا کەوتمە خوێندنەوەی کاری نووسەرانی سەدەی نۆزدەی ئەمریکای لاتین، چونکە دەبوو وەك وانە بیانلێمەوە. هەستم کرد کە ئێمە نووسەری باشمان زۆرە، ڕۆماننووس کەمتر لە وتارنووس و شاعیر. بۆ نمونە سارمینتۆ کە هەرگیز ڕۆمانی نەنووسی، بە بۆچوونی من یەکێك لە مەزنترین حیکایەتخوانانی ئەمریکای لاتینە. کتێبی ((فۆکۆندۆ))ی ئەو یەکێك لە شاکارەکانە. بەڵام گەر ناچار بوومایە تەنیا ناوی یەکێکیان بەرم، دەبوو بموتایە بۆرخیس. چونکە جیهانێك کە ئەو دەیخوڵقێنێ، تەواو ڕەسەن دێتە بەرچاو. جیا لە ڕەسەنییەتی زۆری ئەو، خاوەنی نیعمەتی خەیاڵ و کولتوورێکی دەوڵەمەندە کە تایبەتە بە خۆی. هەڵبەت زمانی بۆرخیس کە بە جۆرێك نەریتی زمانی ئێمە دادەنرێ و نەریتێکی نوێ دەکاتەوە. زمانی ئیسپانی زمانێکە کە حەزی بە فرەیی و فراوانییە. نووسەرە مەزنەکانی ئێمە لە سێرڤانتسەوە بیگرە تا ئۆرتیگا گاست و واڵد ئینکلان یا ئەلفۆنسۆ ڕیز، زۆریان وتووە. بەڵام لە بەرامبەردا، بۆرخیس

زمانێکی کورت-بڕ، میانڕەوانەو  ناسکی هەیە. ئەو تەنیا نووسەرێکی ئیسپانی زمانە کە تا ڕادەیەك بە هەمان ئەندازە کە وشەی هەیە، ئایدیاشی هەیە. ئەو یەکێك لە مەزنترین نووسەرانی سەدەی ئێمەیە.

**- پەیوەندیت لەگەڵ بۆرخیس چۆن بوو؟**

* یەکەمین جار لە پاریس بینیم، گاڤێك لە دەیەی شەستەکاندا لەوێ دەژیام. ئەو لە پاریس بوو تا سیمینارگەلێك لە بارەی ئەدەبیاتی خەیاڵی و گاوچۆ _((بزاوتێك لە چیرۆکنووسی ئەمریکای لاتین کە لەوێدا نووسەر باسی پاڵەوانە میللییەکانی ناونراو بە گاوچۆ- مابەئازای کاوبۆ ئەمریکاییەکان)) بەڕێوە بەرێت. دواتر گفتوگۆیەکم لەگەڵ وی ئەنجام دا بۆ تۆڕی ڕادیۆ و تیڤی ئەفیسی فەڕەنسی دوو (کە ئەوکات لەوێ کارم دەکرد). هێشتایش بە هەیەجانەوە بیر لەو گفتوگۆیە دەکەمەوە. دوای ئەوە ئێمە چەندینجار لە شوێنی جیاجیای دنیادا یەکترمان بینی، تەنانەت لە لیما کە من لەوێ بۆ نانی ئێوارە داوەتم کرد. لە دواییدا داوای لێ کردم بیبەم بۆ دەستشۆر. دواجاری کە بینیم لە ماڵەکەی خۆی لە بۆینس ئایرس، گفتوگۆیەکم لە گەڵی کرد بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کە لە پیرۆ هەم بوو. هەستم دەکرد هەندێك لەو پرسیارانەی لێم دەپرسی، تووڕەی کردووە. بە شێوەیەکی سەیر تووڕە ببوو، دوای گفتوگۆکە کە بە توندی چاودێریم دەکرد- نەك بەهۆی ڕێزێکەوە کە بۆم دادەنا، بەڵکو بەهۆی عەشقێکەوە کە بۆ ئەم پیاوە سەرنجڕاکێش و

دڵناسکە هەمبوو - پێموت شەپڕیوی ماڵەکەی کە کاغەزە دیوارییەکەی لێ ببۆوەو بنمیچەکەی کونکون ببوو، حەپەساندوومی. ئەم قسەیە بە ڕواڵەت قووڵ ئەوی ئازار دا. دوای ئەم گفتوگۆیە یەك جاری تر ئەوم بینی و زۆر لەگەڵمدا ساردبوو.

ئۆکتاڤیۆ پاز پێی وتم ئەو بەهۆی ئەو ئاماژەیەی بۆ خانووەکەیم کردووە تەواو ڕەنجاوە. تەنیا شتێك کە بووە هۆی بێتاقەتییەکەی، هەمان ئەو بیرو بۆچوونەم بوو. چونکە جگە لەوە هەرگیز کارێکم نەکردووە جگە لە پیاهەڵگوتنی. هەستەکەم کتێبەکانی نەخوێندەوە. بە وتەی خۆی، ئەو کاری نووسەری زیندوو ناخوێنێتەوە تا دوای چل ساڵی و تەنیا زنجیرەیەك کتێب دەخوێنێتەوە و دووبارە دەیان خوێنێتەوە... ئەو نووسەرێکە زۆر ستایشی دەکەم، بەڵام ئەو تەنیا کەسێك نییە کە ستایشی دەکەم. پاپلۆ نیرۆدا، شاعیرێکی زۆر باشەو ئۆکتاڤیۆ پاز، نەك تەنیا شاعیرێکی گەورە، بەڵکو وتارنووسێکی مەزن و کەسێکە کە لە بواری قسە کردن لەمەڕ سیاسەت، هونەر و ئەدەبیات ئوستازە. کونجکۆڵییەکەی ئەو جیهانییە. من هێشتا بە تاسەوە کارەکانی دەخوێنمەوە. هەروا بیری سیاسی ئەو تەواو وەك ئایدیاکانی منە.

**- لە نێوان نووسەرانێك کە ستایشیان دەکەیت ئاماژەت بە نیرۆدا کرد. ڕەنگە هاوڕێ بووبن، ئەو چۆن بوو؟**

* نیرۆدا عاشقی ژیان بوو. ئەو شەیدای هەموو شتێك بوو، شێوەکاری، هونەر بە شێوەیەکی گشتی، کتێب، کتێبی دەگمەن و خواردن. خواردن و خواردنەوە بۆ ئەو تاڕادەیەك ئەزموونێکی تەمو مژاوی بوو. ئەو مرۆڤێکی زیاد لە ڕادە خۆشەویست و لێوڕێژ لە شادومانی بوو، هەڵبەتە ئەگەر ئەو شیعرە فەرامۆش بکەیت کە لە ستایشی ستالیندا نووسی. ئەو لە جیهانێکی نزیك لە دەرەبەگایەتی دەژیا کە لەوێدا هەموو شتێ بە شادمانی و فراوانی و شیرین بۆ ژیانی کۆتایی دەهات. من ئەم بەختە باشەم هەبوو کە جارێك پشووەکەم لەگەڵ ئەودا لە ماڵەکەی لە ئیزیلا نیگرای شیلی بەسەر بەرم. زۆرباش بوو! جۆرە مەکینەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەورووبەری کاریان دەکرد: خێل و نەژادی کەسانێك کە چێشتیان بۆ لێ دەناو کارەکانیان بۆ دەکرد و هەمیشە ژمارەیەکی زۆریش میوانی هەبوو. کۆبوونەوەیەکی زۆر سەیر، توند زیندو و بێ شوێن پێیەك لە ڕۆشنبیری بوو.

نیرۆدا ڕێك خاڵی بەرامبەر بۆرخیس بوو، کەسێك کە هەرگیز لە کاتی خواردنەوەو جگەرەکێشان و نانخواردندا نەبینرا، چونکە هەموو ئەم شتانەی تەواو بە کاروباری نمرە دوو دەزانی و ئەگەر ئەو ئەم کارەی ئەنجام دەدا، لە دەرەوەی ئەدەب بوو نەك شتێکی زیاتر. لەبەر ئەوەی بیرکردنەوە، خوێندنەوە، ڕەنگدانەوەو داهێنان، ژیانی ئەو بوون: ژیانێکی تەواو ئەقڵانی. نیرۆدا

هەڵقوڵاوی نەریتی خۆرخە ئەمبادۆ و ڕافائیل ئەلبێرتییە کە دەڵێن ئەدەبیات بەهۆی ئەزموونی جەستەییەوە لەگەڵ ژیان دەخوڵقێت.

ڕۆژێکم بیرە کە ئاهەنگی لە دایکبوونی نیرۆدامان لە لەندەن گێڕا. ئەو دەیویست ئاهەنگەکە لەسەر بەلەمێك لە ڕووباری تیمێز بەڕێوە بچێت. بە خۆشحاڵییەوە یەکێك لە ستایشکارانی ئەو، ئەلستر ڕیدی شاعیری ئینگلیزی لە بەلەمێکی سەر ڕووباری تیمێز دەژیا، هەر بۆیە ئێمە توانیمان ئاهەنگێکی بۆ ڕێك بخەین... بیرمە ئەوکات چی پێ وتم. شتێك کە دوای ساڵانێك وەك ڕاستییەك سەلما. ئەوکات وتارێك - بیرم نییە لە بارەی چییەوە بوو - منی تووڕەو بێتاقەت کردبوو، سووکایەتی پێ کردبووم و لە بارەی منەوە درۆی زۆری لەوێدا نووسی بوو. لە ناوەڕاستی میوانداریيەکەدا پیشانی نیرۆدام دا. ئەو پێشبینی کرد کە: خەریکە بە ناوبانگ دەبیت. داوات لێ دەکەم بزانی چ شتێك چاوەڕوانتە، هەرچەند زیاتر بە ناوبانگ بیت، زیاتر هێرشت دەکەنە سەر. لە سەراپای هەر ستایشێکدا، دوو یا سێ سووکایەتیت پێ دەکرێت. من خودی خۆم هەموو سووکایەتی و بێڕێزی و نەنگییەکم لە سینەدایە کە مرۆڤێك دەتوانێ تەحەمولی بکات. درێغییان لە هیچ سووکایەتییەك نەکرد: دزی، لادەر، ناپاك، پیاوکوژ، بێغیرەت... هەموو شتێك! گەر دەتەوێ بەناوبانگ بیت، دەبێت ئەمانە تەحەمول بکەیت.

نیرۆدا ڕاستی دەکرد، پێشبینییەکەی ڕاست دەرچوو. من نەك تەنیا سینەیەك، بەڵکو چەندین جانتای پڕ لە وتارم هەیە پڕپڕ لە هەر سووکایەتییەك کە دەتوانێ بە مرۆڤ بکرێت.

**- لە بارەی مارکیزەوە چی؟**

* ئێمە هاوڕێ بووین، دوو ساڵ لە بەرشلۆنە هاوسێ بووین و لەسەر شەقامێك دەژیاین، دواتریش هەم بە دەلیلی تایبەت بە خۆمان و هەم بە دەلیلی سیاسی لێك جیابووینەوە. بەڵام دەلیلی سەرەکی جیابوونەوە، پرسێکی تایبەتی بوو کە بە هیچ کلۆجێك پەیوەندی بە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژییەکەوە نییە کە ئەو پەسەندی دەکرد و من قبوڵم نەبوو. لە ڕوانگەی منەوە کاری ئەو و بیروباوەڕە سیاسییەکەی هاوسەنگ نین. دەکرێ بڵێم من نووسینەکانی ئەو وەك نووسەرێك، ستایش دەکەم. بەو جۆرەی کە وتم من کتێبێکی شەشسەد لاپەڕەییم لە بارەی کارەکانییەوە نووسی. بەڵام من ڕێز نە بۆ پرسی تایبەتی و نە بۆ بیروباوەڕە سیاسییەکەی دانانێم، کە لە ڕوانگەی منەوە جددی نایەنە بەرچاو. هەستەکەم بیرو باوەڕەکانی هەلپەرستانەو خەڵك فریودەرانەیە.

**- ئەم پرسە تایبەتییەی کە ئاماژەت بۆ کرد، پەیوەندیی بەو ڕووداوەوە هەیە کە لە مەکسیك لە سینەمایەك ڕووی داو کەوتنە گیانی یەکیش؟**

* ڕووداوێك لە مەكسیك ڕووی دا. بەڵام ئەمە بابەتێكە كە بۆ من بایەخی نییە قسەی لە بارەوە بكەم، ئەم بابەتە بووەتە هۆی مەزەنەی زۆر كە من نامەوێ بابەتی زیاتر بۆ شیكەرەوان دابین بكەم. ئەگەر یادەوەرییەكانم بنووسمەوە، ڕەنگە ئەسڵی ڕووداوەكە بگێڕمەوە.

**- بە دەست دەنووسی یا بەئامێری تایپ، یا بە نۆرە هەم بە دەست و هەم بە ئامێری تایپ؟**

* بە دەست دەنووسم. من هەمیشە بەیانیان كار دەكەم و لە كاتژمێرەكانی سەرەتای ڕۆژ هەمیشە بە دەست دەنووسم. ئەم كاتژمێرانە، كاتژمێرگەلی داهێنانن. قەت بەم شێوەیە زیاتر لە دوو كاتژمێر كار ناكەم، دەستم كرژ دەبێت. دواتر دادەنیشم شتانێك كە نووسیومە، تایپی دەكەم. كە زیاتر دەچمە پێش و شتانێك دەگۆڕم، ڕەنگە ئەمە یەكەمین قۆناغی پێداچوونەوە بێت. بەڵام هەمیشە دێڕگەلێك بە تایپنەكراوی جێ دەهێڵم، هەربۆیە دەتوانم ڕۆژی دواتر بە تایپی كۆتایی بە شتانێك دەست پێبكەم كە ڕۆژی بەرێ نووسیومە. دەستپێكردن بە ئامێری تایپ جۆرە جووڵەیەك دروست دەكات، وەك گەرمكردنی وەختی مەشق وایە. هەمینگوایش كەڵكی لەم تەكنیكە وەردەگرت كە هەمیشە ڕستەیەكی نیوە ناچڵی جێ دەهێشت، هەر بۆیە دەیتوانی ڕۆژی دواتر، دەزووی گێڕانەوەكە بگرێتە دەست... بەڵی ئەو هەستی دەكرد نابێ هەرچی لە زەینیدایە بە تێروتەسەلی بینووسێت، هەر

بۆیه دەیتوانی ڕۆژی دواتر زۆر ئاسان دەست بە کارەکەی بکات. سەختترین بەش کە هەمیشە دێتە بەرچاوم، دەستپێکە. لە بەیانیدا دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی، شڵەژان... بەڵام گەر کارێکی خۆبزۆکت هەبێت کە ئەنجامی بدەیت، کارەکە لە پێشترەوە دەستپێکراوە. ئامێری تایپەکە دەست بە کار دەکات.

بەهەرحاڵ، من بەرنامەیەکی سەختم هەیە بۆ کارکردن. هەموو ڕۆژێ بەیانی تا کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆ لە نووسینگەکەم دەمێنمەوە. ئەم کاتژمێرانەم بۆ گرنگە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە هەمیشە دەنووسم، جارجارێ بە نووسینەکاندا دەچمەوە، یاداشت هەڵدەگرم و.... جارجارێکیش بڕیار دەدەم، بە دەقێکی تەواو نەکراودا دەچمەوە، گەر تەنانەت خاڵبەندییەکەیشی بگۆڕم. لە دوو شەممەوە تا شەممە، لەسەر ڕۆمان کاردەکەم و بەیانیانی یەك شەممە خەریکی کاری ڕۆژنامەگەریم، وتارو بابەت. من هەوڵ دەدەم ئەمجۆرە لە کار لە کاتی دیاریکراوی یەك شەممەدا بپارێزم، بۆ ئەوەی ئەم کارە گورز لە کاری داهێنەریم نەوەشێنی لە باقی هەفتەکەدا.

هەندێك کات کە یاداشت هەڵدەگرم، گوێ لە مۆزیکی کلاسیك دەگرم، بە مەرجێك تەنیا مۆزیك بێت و گۆرانی لەگەڵ نەبێت. وەختێك کە لە ماڵێکی قەرەباڵغ دەژیام، دەستم بە ئەنجامدانی دەکرد. بەیانیان بە تەنیا کار دەکەم، کەس نایەتە نووسینگەکەم. تەنانەت وەڵامی

تەلەفۆنیش نادەمەوە. ئەگەر ئەم کارەم دەکرد، ژیانم، دەبووە دۆزەخێکی زیندوو. ناتوانی بیبینی کە چەند زەنگی تەلەفۆنم بۆ لێ دەدرێ و چەند سەردانکەرم هەیە. هەموو ئەم ماڵە دەزانن. بە داخەوە ئەدرەسی ماڵەکەم لە شوێنێکی گشتیدایە.

**- ڤیکتۆر هۆگۆ باوەڕی بە هێزی جادووی سروش هەبوو. گابرێل گارسیا مارکیز وتبووی: "کە دوای ساڵانێك دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ڕۆمانی {سەد ساڵ تەنیایی} ڕۆمانەکە لە سەفەرێکدا بە ئۆتۆمبیل بۆ ئەکاپۆلۆ خۆی لە زەینمدا نووسیبۆوە". تۆیش وتووتە کە سروش، بەرهەمی ڕێکخستنە. بەڵام ئایا هەرگیز تۆ ((ڕووناکی))ی بەناوبانگت نەناسیوە؟**

* هەرگیز بۆ من ڕوونادات. بۆ من شێوازی کارەکە زۆر هێدیترە. سەرەتا شتێکی زۆر تاریکە، حاڵەتێکی ئامادەیی، نیگەرانییەك، کنجکۆڵییەك. هەست بە شتێك لە ناو تاریکی و تەمو مژدا دەکەم کە حەز و جۆشو خرۆشم دەبزوێنێ و خۆی دەگۆڕێت بۆ کار، کاغەزی یاداشت و بە کورتی سکێچێك.

* ترجمەی مجتبا پور محسن

**http://mojtabapourmohsen.com/translation/mario-vargas-liosa**

# کاتێك ئەدەبیات دەبێتە قوربانیی سیاسەت

هەرچەندە "ماریۆ بارگاس یۆسا" دوو دەیە لەمەوبەر نەیتوانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری پیرۆدا سەر بکەوێت، بەڵام هێندەی سەرکۆمارێك سەر قاڵە. لە شەش مانگ لەمەو بەرەوە داوای گفتوگۆم دابووە ئەو و لە کۆتاییدا دوای شەش مانگی تر، قبوڵی کرد تا لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا بە تەلەفۆن گفتوگۆکە ئەنجام بدەین. سێی دیسەمبەری ٢٠٠٦ تەلەفۆنم بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی کرد، لە ئیسپانیا. بە ئینگلیزییەکی فۆنەتیك ئیسپانی، قسەی دەکرد و ڕەفتارێکی گەرم و دۆستانەی هەبوو. سەری سوڕما لەوەی کە بیستی نزیکەی دە کتێبی کراوەتە فارسی و قاقایەکی لیَ دا: "دە کتێب؟!" دواتر ناوی یەك یەکیانی پرسی و لە بارەی چۆنێتی وەرگێڕانەکانیانەوە پرسیاری کرد. لەم میانەیەدا بیری کەوتەوە کە چەند دانەیەك لە وەرگێڕراوە فارسییەکانی، کە ئوستاد ((عەبدوڵڵا کەوسەری))- کە جیا لە وەرگێڕانە باشەکانی لە کارەکانی یۆسا، ڕاوێژپێکردنەکانیشی یارمەتی

دام- بۆی ناردووە، وەری گرتووە، بەڵام هەستی نەکردووە کە تا ئەم ڕادەیە لە ئێران خۆشەویست بێت. گفتوگۆکە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند و لەم ماوەیەدا بە سەرنجی تەواوەوە گوێ بیستی پرسیارەکان دەبوو- و لە زۆربەی بوارەکاندا، هێشتا پرسیارەکە تەواو نەببوو، دەکەوتە وەڵام دانەوەیان.

یەك دوو هەفتە بەر لە گفتوگۆ، لەگەڵ (ماریۆ بارگاس یۆسا) پەیمانم بە خۆم دابوو کە وەك دوایین پرسیار بەختی خۆم تاقی بکەمەوەو لە بارەی ئەو ڕووداوە، وەك ئەوەی کە ڕووی داوە، شەڕە بۆکسە ناسراوەکەی لەگەڵ ((گابریێل گارسیا مارکیز))ی لێ بپرسم. هەربۆیە، گاڤێك کاتژمێرێك تێپەڕی و تاڕادەیەك پرسیارە سەرەکییەکانم کردبوو، وەك پێشەکەی ئەسڵی شتێك کە دەمویست بپرسم لە بارەی هەڵبڕانە سیاسییەکەی لەگەڵ مارکیز پرسیارم کرد و لەوێدا بوو کە نووسەرە زیرەکەکەی ئەمریکای لاتین، بە پێکەنینێك کە پێکەنی، تێی گەیاندم کە بە هیچ کلۆجێك ئامادە نییە قسە لە بارەی مارکیزەوە بکات. بواری تری نەداو زۆر بە ڕێزەوە داوای بوردنی کرد کە دەبێ بەشداری لە کۆڕێکدا بکات و هەروەها داواشی کرد تا ئەم ڕازە دۆستانەیە بە پەنهانی بمێنێتەوە.

**- بە بۆچوونی تۆ چ جیاوازییەکی گشتی لە نێوان نووسەرانی نەوەی ئێوە، {وەك گابریێل گارسیا مارکیز، کارلۆس فۆینتس} و نووسەرانی نەوەی پێش ئێوە، وەك {میگل ئەنخل ئەستۆریاس، خوان ڕۆلفۆ، رۆمۆلۆ کایەگۆس و ئەلیخۆ کارپنتییە} هەیە؟ جیاوازیگەلێك کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەی ئێوە ئەو ڕەوتە ئەدەبیانەی دەیەی شەستی لە ئەمریکای لاتینی دروست کرد.**

* بە بۆچوونی من، گرنگترین جیاوازی ئەم دوانە ئەمەیە، نەوەکەی من بایەخی زیاتری بۆ فۆرم و تەکنیکی ڕۆماننووسی دانا، ژمارەیەکی زۆری نووسەران وایان دەبینی کە گرنگ ناوەرۆك، یا بە وتەی باو و تێمای ڕۆمانەکەیەو هەر لەبەر ئەمەیش لایەنی تەکنیکی، گۆشە نیگا، ئاسۆ و زمانی ڕۆمانیان نادیدە دەگرت. من وای دەبینم هەر ئەم دەلیلە بووە هۆی ئەوەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین ڕەنگ و بۆی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەیی بە خۆوە بگرێت و بەها خولقێنراوەکانی تری ئەدەبیات لە پلەی دووەمی بایەخ-پێداندا دابنێن. لەگەڵ دەرکەوتنی نەوەی نوێی نووسەران لە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتیندا بە گشتی بارودۆخەکە گۆڕراو بەم هۆیەشەوە نووسەرانی ئەمریکای لاتین بە جیهانی بوون. چونکە ئاوڕیان لە فۆرم و شێواز و پێکهاتەو ڕازاندنەوەی ڕۆمان دایەوەو لە بایەخ و گرنگیی ئەم بابەتە تێدەگەیشتن. ڕەنگە بە وردی ئەم بابەتە گرنگترین جیاوازی نەوەی من بێت لەگەڵ نەوەی پێش من.

**- بەڵام نووسەرێکی وەك "خوان ڕۆلفۆ"یش زۆر ڕەچاوی فۆڕمی دەکرد.**

* بەڵام "ڕۆلفۆ" تەنیا ڕیزپەڕێکە. هەرچەند ڕۆلفۆ لە بارەی ژیانی گوندو لادێی بچوکی سور-پێستەکان و مرۆڤەکانی ئەو دەورو بەرە دەینووسی، بەڵام سەبارەت بە ئەدەبیاتی مۆدێرنیش کەسێکی بەئاگا بوو. "ولیام فۆکنەر"ی خوێندبۆوەو زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە. فۆکنەر نەك تەنها کاریگەری لەسەر ڕۆلفۆ دانا، بەڵکو کاریگەریی لەسەر نەوەکەی من و زۆرێك لە نووسەرانی ئەمریکای لاتینیش دروست کرد. ڕۆلفۆیش چۆتە ژێر کاریگەرییەوەو لە کورتەچیرۆك و تەنانەت لە ڕۆمانیشدا کەڵکی لە تەکنیکی تازەی نووسەری وەرگرتووە. من خوان ڕۆلفۆ لە دەستەی نووسەرانی مۆدێرنی ئەمریکای لاتین دادەنێم.

**- خودی بەڕێزیشت جیاوازییەکی گشتیت لەگەڵ نووسەرانی هاونەوەی خۆت هەیە و ئەو جیاوازییەش ئەمەیە کە بە پێچەوانەی زۆرینەی ئەوانەی کە لە زۆربەی بوارەکاندا تەنیا چیرۆکیان لە بارەی وڵاتەکەی خۆیانەوە نووسیوە، تۆ لە پیرۆ واوەتر چوویت و لە بارەی هەموو ئەمریکای لاتینەوە نووسیوتە.**

* بەڵێ وایە. "شەڕی ئاخر زەمان" لە بەڕازیل ڕوو دەدات و "ئاهەنگی سابرێن" لە کۆماری دۆمۆنیکان. بەڵێ، تۆ ڕاستەکەی،

ڕۆمانەکانی من تەنیا لە بارەی پیرۆوە نین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەزموونی پیرۆیی من، نزیکە لە ڕووداوی ئەو ڕۆمانانەی کە نووسیومە، واتا تەنانەت لەو ڕۆمانانەشدا کە لە وڵاتانی تردا ڕوودەدات، ئامادەیی هەیەو خۆی پیشان دەدات.

**- لەبەر ئەمەیە تەنها لە بارەی پیرۆوە نەتنووسیوە، بەڵکو هەموو ئەمریکای لاتین بەجۆرێك لە جۆرەکان بە مەفتەنی خۆت دەبینی و دەزانی؟**

* ئەم قسەیە لە ڕوویەکەوە ڕاستە، چونکە لە زۆربەی بوارەکاندا کەوشەنە جوگرافییەکانی ئەمریکای لاتین دەستکردن و لە ڕاستیدا، ئارێشەکان، نەریت و ئەفسانەو زمان و فەرهەنگی ئەم میللەتانە لەگەڵ یەکتریدا یەکپارچەیەو ناتوانی بەهۆی سنورێك کە حکومەت و سیاسەتەکان دروستیان کردووە سنورداری بکەیت. بە تایبەتی کاتێك لە بارەی ئەدەبیاتەوە قسە دەکەین، هەرگیز ناتوانین بە گۆتەی ناسیونالیستی لە بارەی ئەمریکای لاتینەوە قسە بکەین. ئەمریکای لاتین یەکەیەکی یەك پارچەیەو بە بوونی تەواوی دابەشکارییە دەستکردەکەی، فەرهەنگەکەی یەك پارچە بووە. سنووری دەستکردی وڵاتەکان بە گشتی ئارێشەی بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین دروستکردووە.

**- له ڕۆمانەکانی تۆدا، خەڵکی ئەمریکای لاتین سەرو کاریان لەگەڵ سیاسەتدا زۆرە، تەنانەت خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگەیش. لە ڕاستیدا هەست ئەکەیت ئاستی سیاسیبوونی خەڵکی ئاسایی چەندەیە؟ ئایا ئێستایش بە هێندەی ڕابردوو خەڵك سیاسین؟**

* کاتێك وڵاتەکان ئارێشەی زۆر زۆر گەورەیان هەیە کە هێشتا چارەسەر نەکراوە، زۆر سەختە لە هەلو مەرجی وادا لە سیاسەت هەڵبێی. لە کۆمەڵگەی وادا سیاسەت هەموو شتێك بەرەو خۆی پەلکێش دەکات و هەڵبەتە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کۆمەڵگەیەکیش دەرگیری سیاسەت دەبێت. لە ئەمریکای لاتینیش ئێمە نووکە ئارێشەی زۆرمان هەیە کە چارەسەر نەکراوە. بۆ نمونە دیکتاتۆرییەت. هێشتا کە هێشتایە، حکومەتە دیکتاتۆرییەکان سایەیان بەسەر ئەمریکای لاتیندا خستووە، باشە، ئەم سەرزەمینە لە ساڵانێك لەمەوبەرەوە لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ دیکتاتۆری ڕووبەڕوو بۆتەوە. هەندێك کات دیکتاتۆرییەکان سەربازی بوون و جارجاریێ چەپەکان ئارێشەیان دروست کردووەو جارجارێکیش ڕاستڕەوەکان. دیکتاتۆرەکان ژیانی خەڵکی ئەمریکای لاتینیان نابووت کردو ڕەنگو ڕوویان لێ بڕیوەو ئەم ڕووداوەیش تەواو لە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتیندا بە ڕوونی دەبینرێ. تاکە بەڵگەیشی ئەمەیە کە بۆ نمونە دیکتاتۆرییەت سانسۆر لەگەڵ خۆی دەهێنێ و لێرەشەوە ئازادی ڕا- دەربڕین و ئازادی داهێنان لە کۆمەڵگەیەکدا سنووردار دەبێت. بە

بۆچوونی من ئەدەبیات لە هەندێك كاتدا لەم ناوەدا بۆتە قوربانی و وەك ڕێگەیەك بۆ سەرپێچی-كردن و ناڕەزایی دژی گرفتی ئاوا كەڵكی لێ وەرگیراوە. وا نییە؟ لە زۆرێك لە لایەنەكاندا، ڕۆمان و شیعرەكان ناچاربوون وەك ئامرازی سیاسی بۆ ناڕەزایی بەكار بهێنرێن و لەبەر ئەمەیش ڕووی جوانی-ناسی و هونەری ئەوانە تووشی شكست بووەو بۆتە قوربانی. هەڵبەت هەندێك كاتیش ئەمە ڕووی نەداوەو ئێمە لەگەڵ ئەدەبیاتی خەڵكێك ڕووبەڕووین، كە لەوێدا نووسەر كەوتۆتە باسی بەها سیاسییەكانی كۆمەڵگەكەی خۆی، لە ئەمریكای لاتینیش ئێمە لەم نووسەرانەمان كەم نییە.

**- لە نێوان سیاسیبوونی خەڵك لە ئەمریكای لاتین لە لایەك و تەرازووی بەشداری ئەوان لە پاراستنی دیكتاتۆرییەت لە لایەكی تر، پارادۆكسێك هەیە. بەڕێزیشت لە ڕۆمانی "ئاهەنگی سابرێن"دا ڕێك ئاماژەت بۆ ئەم پرسە كردووە و پیشانت داوە كە خەڵكی ئاسایی چۆن كۆمەك بە دیكتاتۆری دەكەن و دەبنە قوربانیی كردەوەكانی خۆیان. هەست دەكەیت ئەم پارادۆكسە ڕەفتارییە بە لەبەرچاو گرتنی ئاستی چالاكیی خەڵكی ئەمریكای لاتین لە سیاسەتدا بۆچی هەیە؟**

* چاكە، ئەم ڕووداوە تەنیا تایبەت نییە بە ئەمریكای لاتین و لە زۆرێك لە وڵاتەكانی تری دنیایش دەبینرێ. خەڵكی ئەمریكای لاتینیش

حەزدەکەن جیاواز بن و دیکتاتۆرەکانیان خۆشەویست و گشت پەسەند نەبن، بەڵام ئەم پارادۆکسە تەنیا لە ئەمریکای لاتین ڕوو نادات، بەڵکو لە ناوچەکانی تری دنیاش دەبینرێ و دەبینین کە دیکتاتۆرەکان چۆن خۆشەویست دەبن. بە داخەوە لە ئەزموونندا بەهۆی لەرزۆکی و بێهێزیی بیروباوەڕە دیموکراتیکەکان لە کۆمەڵگەیەکدا، دیکتاتۆرگەلێك دەگەنە دەسەڵات و هەموو دەسەڵاتەکان بەدەستەوە دەگرن. ئەم ڕووداوە لەمەڕ "ترۆخیۆ" لە کۆماری دۆمۆنیکان ڕووی داو مەبەستی من لە نووسینی ئاهەنگی سابرێن بە وردی ئەمە بوو، کە پیشانی بدەم چۆن دیکتاتۆرێك دەتوانێ کۆمەڵگەیەك لە ڕێ لابدات و هەڵیان بخەڵەتێنێ. بە داخەوە ئەمە لە بارەی زۆرێك لە دیکتاتۆرەکانی ئەمریکای لاتینیشەوە ڕاستە و ئێمە لە زۆرێك لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتیندا بینیومانە. ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەمەیە کە ئەم دیاردەیە لە وڵاتە زۆر پێشکەوتووەکانیشدا ڕووی داوە، بۆ نمونە سەیری ئەڵمانیا بکە. (هێتلەر) خێوێکی عەیارە بیستو چوار بوو، بەڵام خۆشەویست و گشت-پەسەند بوو، ئەڵمانیاش وڵاتێکی جیهانی سێ نەبوو، بە پێچەوانەوە وڵاتێکی پێشکەوتوو- و شارستانی بوو. بە بۆچوونی من ئەم پارادۆکسە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە دەبێت زۆر بە وردی خوێندنەوەی بۆ بکرێ. دەبێ لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ کە چۆن لە هەندێك کۆمەڵگەدا ڕەشبینی و لەخۆ نامۆبوونی خەڵك دەبێتە هۆی دانەدەستی هەموو هێز و دەسەڵاتەکان بە باڵێکی سیاسی،

ئەم ڕووداوە ساڵانێکە بۆ ئێمە لە ئەمریکای لاتین ڕووی داوەو گەواهیدەری ڕووداوی خەمناك بووین لە دیکتاتۆرەکانی مێژووی ئەمریکای لاتیندا.

**- هەست دەکەم ئەم دیاردەیە لە بارەی خەڵکی ئەمریکای لاتینەوە پرسیار وروژێنەرترە، لەبەر ئەوەی ئاستی سیاسیبوونی ئەوان بە سەرنجدان لە میللەتانی تر زیاترە.**

* بەڵێ، ڕێك وایە. وەختێك سیاسەت دەستدرێژی دەکاتە سەر ژیانتان، زۆر بە سەختی دەتوانی خۆتی لێ بەدوور بگریت. تەنیا لە وڵاتانێکی بە دیموکراسی پێشکەوتووەوەیە، کە لە پشکی فەرامۆشکردنی سیاسەت سودمەند بووە. گەر لە وڵاتێکدا بژیت کە گیروگرفت و ئارێشەی زۆر بێت و سیاسەت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا ئامادەیی هەبێت، ئەوسا ناتوانی پارێز لە سیاسەت بکەیت، تەنانەت ئەگەر خۆشت هەوڵ بدەیت خۆت لە سیاسەت دوور بگریت، بیستوچوار سەعاتە سیاسەت لە ژیانتاندا سەوز دەبێت.

**- بە بۆچوونی تۆ هەموو دیکتاتۆرەکانی ساڵانی شەست و حەفتای ئەمریکای لاتین نەرێنی بوون؟ بە سەرنجدان بە ئامادەنەبوونی خەڵکی بۆ**

**قبوڵکردنی دیموکراسی لە هەلومەرجی وادا، هەست ناکەیت دەبوو هەندێك لەم دیکتاتۆرانە هەر بووبان؟**

* بە باوەڕی من هەموو جۆرێك لە دیکتاتۆرییەت زیانبەخشەو دەبێتە هۆی وێرانکردنی ڕەگوڕیشەی شارستانی و ڕیشەکانی هاوژیانی و ئاشتی لە کۆمەڵگەیەکدا. بە باوەڕی من هەر جۆرێك لە دیکتاتۆری، چ دیکتاتۆری سیاسی و چ دیکتاتۆری ئایینی، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی سەرەونگومبوونی شێوازی مێژوو- و گەڕانەوەی خەڵك بۆ دەورانی وەحشیگەری، بۆ دەورانێك کە هێشتا سەرەتاییترین ئارێشەکانی مرۆڤ چارەسەر نەبوون. هەربۆیە من بە درێژایی ژیانم هەوڵم داوە کە لەگەڵ هەر جۆرە دیکتاتۆرێك شەڕ بکەم و بەرگری لە ئامانجە دیموکراتییەکان بکەم. سەرباری بوونی هەموو هەڵەو ئارێشەو ناتەواوییەکان، لەو باوەڕەدام کە دیموکراسی باشترین ئەگەر و هەڵبژاردنە لە بەرامبەر هەر جۆرە دیکتاتۆرییەتێکدا.

**- باشە، وای نابینی کە بۆ نمونە دکتۆر فرانسیسکا لە پاراگوای و پرۆفیرێر دیاز لە مەکسیك، بە سەرنجدان لە هەلومەرجی ئەو کاتە هەنگاوی باشیان لە وڵاتەکانیان هەڵگرتووەو هەڵبژاردنێکی تر بوونی نییە؟**

* باشە، هەڵبەت تۆ ڕاستەکەی، ئەشێ لە درێژەدا لەگەڵ دیکتاتۆرێك بە پێشکەوتنە سەرەتاییەکانی ڕووبەڕوو ببینەوە، بەڵام بێ

هیچ گومانێك لەو باوەڕەدام کە ئەم پێشکەوتنانە لە سیستمێکی دیموکراتیکدا دەیانتوانی ڕاوەستاوتر و مرۆییتر و گرنگتر بن. چاکە، ئەگەر ناچار بین خراپترین هەڵبژاردە هەڵبژێرین، ئەو کاتە قسەی تۆ ڕاستە. بە بۆچوونی من دیموکراسی واوەتر لە هەر سیستمێکە، دیموکراسی قابلییەتی ئەوەی هەیە کە ببێتە هۆی ڕەونەق و کرانەوە لە کۆمەڵگەدا و پیشکەوتنی فەرهەنگی و زەینی و ژێرخان لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. من هەستەکەم ئەم بابەتە لە مێژوودا سەلمێنراوە، بە تایبەت لە دەورانی مۆدێرندا. زۆر باش بینیمان کە سیستمە جێگرەوەکان کە مەبەستیان بوو لە بری دیموکراسی کار بکەن و دادپەروەری و بەرابەری بە دیاری بهێنن، چۆن شکستیان خوارد و زۆر زوو لەناو چوون. بەڵام هێشتا کە هێشتایە، دیموکراسی بوونی هەیەو لەگەڵ هەموو ناتەواوی و ئارێشەکانی، هەوڵ دەدات ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی دروست بکات و ئازادی و هەڵبژاردن و دەرفەتی باشتریان بۆ دابین بکات.

**- تۆ هەمیشە ڕەخنەت لە چەپەکان گرتووە، چەندین جار ناوی "هۆگۆ چاڤێز"و "ڤیدڵ کاسترۆ"تان بردووە، چ لە وتاری ڕۆژنامەکان و چ لە وتار دانەکانتان و وەك دیکتاتۆر ناوت بردوون و هێرشت کردۆتە سەریان. بەڵام لە لایەکی ترەوە هەست دەکرێ کە یەك لایەنە پارێزگاری لە ڕاسترەوەکان دەکەیت و تا ئێستا نەبینراوە کە بەو شێوە فراوانەی**

**ڕەخنە لە چەپەکان دەگریت، لە ڕاستەکانیش بگریت. وەختایەك کە خۆت کاندید کرد بۆ سەرکۆماری پیرۆیش، لەگەڵ ڕاستڕەوەکان هاوپەیمانیت چێکرد، لەگەڵ ئەوانێك کە چەندین جار لە کتێبەکانتدا ڕەخنەت کردبوون. هەست ناکەیت کە لە ڕوانگەی سیاسییەوە تۆزێك یەك لایەنە دەنواڕی و هەڵەی ڕاستڕەوەکان نادیدە دەگری؟**

* ئۆو، نا، من زۆر ڕەخنە لە ڕاستڕەوەکان دەگرم. من زۆر زۆر ڕەخنە لە ڕاستڕەوەکان دەگرم. ڕەنگە بەرگری لە هەڵوێستی ئابووری و بونیادییان بکەم، بەڵام بە ڕاستی من نووسەرێکی ڕەخنەگرم. من بەرامبەر هەر شتێ ڕەخنە دەگرم کە دەمارگرژی و کۆنەپارێزی تێدا بێت، ڕاستڕەوەکان وای دەبینن کە ڕابردوو باشترین مۆدێلە بۆ وێنەکێشانی ئاییندە، بەڵام من تەواو لەگەڵ ئەم بۆچوونە ناکۆکم. من کەسێکی لیبراڵم. لیبراڵ کەسێکە کە ناتوانێ کۆنەپارێزی لە خۆی پیشان بدات. کۆنەپارێزیش کەسێکە کە ڕابردوو دەکاتە مۆدێلی خۆی، بەڵام هەرگیز من ئەم کارە ناکەم. لیبراڵەکان بۆ مۆدێلسازی داهاتوو، خووی داهاتوو دروست دەکەن و ئایینده دەگرنە دەست و هەڵەو گوناهی ڕابردوو ڕیفۆرم دەکەن. من زۆر ڕەخنە لە چەپەکان دەگرم. ڕەخنەی من لە چەپەکان زیاتر لە ڕووی ئابورییەوەیە، لەبەرئەوەی چەپەکان پارێزەری نیزامی سۆسیالیستی ئابووری و چڕکردنەوەی دەسەڵاتی ئابوورین لە دەوڵەتی ناوەندیداو پێیان باشە کۆنترۆڵی تەواوی ئابووری لە دەستی دەوڵەتدا بێت. بە بۆچوونی من

هەر ئەمەیە دەبێتە دروستبوونی دیکتاتۆرەکان. لە کۆمەڵگەیەکی وادا ئازادی لەناو دەچێت و دەوڵەت هەموو ئابووری کۆنترۆڵ دەکات. بە بۆچوونی من گواستنەوەی بەرپرسیارییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە بۆ خەڵکی بایەخێکی زۆری هەیە. بە باوەڕی من دەبێ دەوڵەت بێلایەنانە ئازادی تەواو بخاتە بەردەست بەرنامە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەوە. ئەم بیروباوەڕگەلەی من هەمە، بیروباوەڕی لیبراڵەکانە نەك کۆنسێرڤاتیڤەکان.

**- تا ڕادەیەك ئەم ڕۆژانە چەمکی لیبرالیزم لە ئەمریکای لاتین، لەم چەمکە دەچێت کە دەستکەوتەکانی سۆسیالیستی بە کەم بگرین. بەم جۆرە بیر ناکەیتەوە؟**

* ئەم ڕۆژانە لە ئەمریکای لاتین ڕووداوی زۆر زۆر سەرنجڕاکێش لە حاڵی ڕووداندان. بۆ یەکەمینجار لە مێژووی ئەمریکای لاتیندا، حکومەتە چەپەکان لە ڕێگەی بنەماکانی دیموکراسییەوە سەریان هەڵداوە، واتا پەیڕەوی لە سیاسەتی لیبراڵ دەکەن و ڕیفۆرمی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن. بۆ نمونە لە شیلی ئەم ڕووداوە لە سەروەختی قەوماندایە. سۆسیالیستەکانی ئەم جۆرە وڵاتانە وردە وردە خەریکن پارێزگاری لە بازاڕی ئابوری دەکەن و وردە وردە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بە فەرمی دەناسن. ئەم دەوڵەتانە خەریکن هەوڵ دەدەن کە دزەکردنی دەوڵەت بۆ ئاستەکانی خوارەوە کەم بکەنەوە. بۆ نمونە لە بەرازیل "لۆلا" کە سەرکۆمارێکی سۆسیالیست بوو،

ئەمڕۆ دەم لە سۆسیال-دیموکرات دەژەنێت و باسی بەها لیبرالّییەکان دەکات. ئەم ڕووداوە لە ئۆرۆگوا-یش لە حالّی قەوماندایە. لەگەلّ ئەم هەلو مەرجەدا، چەپی ڕادیکالّ کە لە کوباو ڤەنزویلا چڕبۆتەوە، وردە وردە خۆشەویستی خۆی لەدەست دەدات و لە ڕەوتی ئەمریکای لاتین جیا دەبێتەوە. من ئەم ڕووداوە بە سودمەند دەبینم و پێم وایە ئەمانە بە بەراورد بە ڕابردوو نیشانەی پێشکەوتنە. ڕابردوویەك کە لەوێدا چەپەکان دیموکرات نەبوون و لەوێدا چەپگەرا ڕەوتێکی تەواو شۆڕشگێڕی هەبوو نەك ڕەوتێکی دیموکراتیك. ئەمڕۆ وای دەبینم ئەم ولاّتانە تێگەیشتوون کە دیموکراسی بۆ قوتارکردنی ئەوان زۆر زۆر پێویستە و کەوتوونەتە ئەوەی ڕێز لە ئازادی بگرن، ڕێز لە ڕەخنەو هاوژیانی و هاوکات جیاوازیش بگرن. ئەم ڕۆژانە لە ئەمریکای لاتین چەپگەراو ڕاستگەرای دیموکراتی دەبینین، هەرچەندە کە هێشتا ڕێزپەڕ دەردەکەون.

**- تۆ وتت کە ڕەخنە لە ڕاستڕەوەکانیش دەگریت و یەك لایەنە نیت. کەواتە بە نمونەیەك مەبەستەکەم ڕوونتر دەکەمەوە. جەنابت چەندینجار ڕەخنەت لە نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین گرتووە لە ڤەنزویلاو "هۆگۆ چاڤێز"ت وەك دیکتاتۆر ناو بردووە، بەلاّم هەرگیز نەبووە ڕەخنەیەك لە لایەن تۆوە ئاراستەی سەرکۆماری ڕاستڕەوی کۆلۆمبیا، واتا "ئەلبارۆ ئۆریبە" بکرێ.**

* لەبەرئەوەی "ئەلبارۆ ئۆریبە" ڕێز لە دیموکراسی دەگرێت و کۆلۆمبیاش وڵاتێکی ئازادە. لە کۆلۆمبیا، ڕۆژنامەو تۆڕی ڕادیۆ و تیڤیی ئازاد زۆر زۆرە کە ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرن و تەنانەت زۆرجاریش دژی دەوڵەتیشن. لەم وڵاتەدا هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە دەچێت، هەڵبەت دەبێ ئاگامان لەوەش بێت کە کۆلۆمبیا لەگەڵ جەنگی ناوخۆدا دەستەویەخەیەو مادەی هۆشبەر و زۆر ئارێشەی تر یەخەی گرتووە، بەڵام بە گشتی لە کۆلۆمبیادا دیموکراسی بوونی هەیە. خاڵی جێگەی سەرنج و سەرسوڕهێنەر لێرەدایە کە لەگەڵ هەموو ئەو گرفتانەدا، جەنگی ناوخۆ و کاریگەری وێرانکەری مادەی هۆشبەر لە ژیانی ئەم وڵاتەدا، دیموکراسی لەم وڵاتەدا بەردەوامی هەیە.

**- وای نابینم بەم جۆرە بێت کە تۆ دەیڵێی، بۆ نمونە ئەو هەڕەشانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە لە ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کۆلۆمبی "دانێل کرۆنێل" کراوە، بەتایبەت لە لایەن "ئەلبارۆ ئۆریبە"وە تەنانەت دەنگدانەوەی جیهانی پەیدا کردووە. بە بڕوای زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسان، ئازادیی ڕادەربڕین لە کۆلۆمبیا ئەگەر لە ئازادیی بەیان لە ڤەنزویلا زیاتر لە مەترسیدا نەبێت، کەمتر نییە.**

* نا، ڕاست نییە. هەرگیز ئەم قسەیە ڕاست نییە. ئازادیی ڕادەربڕین لە کۆلۆمبیا هەیە. لە کۆلۆمبیا کێشمەکێشی سیاسیی و جەنگی ناوخۆ هەیە.

ئەشێ جارجارێ گروپە میلیشیایی و **FARC** (هێزە نیزامیەکانی شۆڕشی کۆڵۆمبیا)و **ELN** (سوپای ئازادی بەخشی میللی)و تەنانەت خودی دەوڵەتیش مافی مرۆڤ پێشێل بکەن. بەڵام گەر ڕەخنەو ناڕەزاییەك هەبێت دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەکانی دادگاو شکایەت بکەیت. دادگاکانی کۆڵۆمبیا تەواو سەربەخۆن. قبوڵمە کە کۆڵۆمبیا وڵاتێکی فراوانبوو و گەشەکردوو نییە و دیموکراسییەکی پێشکەوتوو لەم وڵاتەدا نییە، بەڵام بەهەر حاڵ لەم وڵاتەدا دیموکراسی حاکمەو توانیوێتی تا ئەمڕۆ بەردەوام بێت. میلیشیاو جەنگی ناوخۆ و مادەی هۆشبەر ئەم وڵاتەیان زۆر خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. لەم ڕووەوە کۆڵۆمبیا بە هیچ کلۆجێك لە ڤەنزویلا ناچێت. هۆگۆ چاڤێز چەندەیش خۆشەویست بێت، بە ئاشکرا دیکتاتۆرە، کەسێکە کە فەرمان لە ڤیدڵ کاسترۆ وەردەگرێت و ملکەچی ئەوە. چاڤێز وردە وردە پایەکانی دیموکراسیی ڤەنزویلای لەناو بردووە. سەرباری ئەمەیش، ئەشێ هەلومەرجەکە لە ڤەنزویلایش بگۆڕرێ. بە تایبەت دوای ئەو ڕووداوەی کە دوێنێ ڕووی دا (دووی دیسامبەر خەڵکی ڤەنزویلا لەگەڵ سەرکۆماربوونی هەتاهەتایی چاڤێز ناکۆك بوون) ئەو ڕووداوەی دوێنێ ڕووی دا، گۆڕان و وەرچەرخانێکی باش لە ڤەنزویلا پیشان دەدات کە ئەوانیش دەیانەوێ لە دیکتاتۆری دوور بکەونەوە. بەڵام بە گشتی، بە باوەڕی من فەرهەنگی ئازادی لە ئەمریکای لاتین زیندووەو لە دەمارەکانی خەڵکیدا دێت و دەچێت. بە باوەڕی من شکستی دوێنێی جەنابی چاڤێز ڕووبەڕووی پێشوازییەکی باشی

خەڵکی ئەمریکای لاتین بۆوەو دەتوانی پێشبینی ئاسۆیەکی باش بکەیت بۆ ئایندەی ناوچەکە. ڕووداوی باش لە حاڵی ڕووداندان.

**- ڕەوتی زاڵی سیاسی لە ئەمریکای لاتین بە پێچەوانەی بیرو باوەڕە سیاسییەکانی تۆوە بەرەو پێش دەچێت. لە بەڕازیل، ئەرژەنتین، پۆلیڤیاو ئیکوادۆر، حکومەتە چەپەکان لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتوون. سەرباری ئەوەیش، هێشتا ئاستەنگەکانی دیکتاتۆری لە ئەمریکای لاتین چارەسەر نەکراوە، سەرباری هەموو ئەم بارودۆخەیش چۆن پێشبینی داهاتووی ئەمریکای لاتین دەکەیت؟ گەشبینی بە ئاینده یا ڕەشبین؟**

* بە باوەڕی من ئەگەر چەپی دیموکرات لە ئەمریکای لاتین گەشە بکات، هەلومەرجەکە باش دەبێت. بۆ نمونە من نیگەرانی دیموکراسی نیم لە بەڕازیل، چونکە "لۆلا"ی سەرکۆمار ڕێز لە دیموکراسی دەگرێت و ئەوڕۆ وڵاتەکەی بە پێوانە دیموکراسییەکان بەڕێوە دەبات. یا بۆ نمونە لە ئۆرۆگوای یا شیلی. بەڵام لە پۆلیڤیا هێشتا نازانم چی ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکەی ئەویٚ تەواو جیاوازەو "ئیڤۆ مۆرالیس"ی سەرکۆمار، بڕێك.... مەبەستم ئەوەیە کە هەلومەرجێکی ئاڵۆزتر لە پۆلیڤیا حاکمەو وڵاتەکە لە بارودۆخێکی ناجێگیردایە. بەڵام لە بارەی وڵاتانی تری ئەمریکای لاتینەوە، هەرگیز مرۆڤێکی ڕەشبین نیم،

بەتایبەت لەگەڵ ئەو ڕووداوەی دوێنێ لە ڤەنزویلا ڕووی دا. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ڤەنزویلا لەدەست دیکتاتۆرییەت ماندو بوون، ئەمەیش زۆر دڵخۆشکەرە.

**- قسەیەکی خۆزێ ساراماگۆم بیر کەوتەوە. ئەو لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی "لۆ مۆند" وتی: دیموکراسی گەیشتۆتە بنبەست و دەبێ شتێکی تر دابهێنین. ئەو بە ئاماژە بە بەشدارینەکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دنیا لە هەڵبژاردنەکاندا بە "لۆمۆند"ی وت کە بە بۆچوونی ئەو، ئیتر دیموکراسی وەڵامدەرەوەی دنیا نییە. بۆچوونی جەنابت لەم بارەیەوە چییە؟**

* باشە، ئاشکرایە کە دەبێ وەها قسەیەك بکات. "خوزێ ساراماگۆ" کەسێکی کۆمۆنیستەو هەرگیز باوەڕی بە دیموکراسی نییە. ئەو حەز دەکات هەموو خەڵکی دنیا ببنە کۆمۆنیست. بەڵام من لەگەڵ کۆمۆنیست ناکۆکم و باوەڕم بە ئازادیی تاك و هاوژیانی و هاوکات جیاوازیش هەیە. من لەگەڵ هەر جۆرە دیکتاتۆرییەتێکدا ناکۆکم، لە کاتێکدا کە ساراماگۆ شەیدای دیکتاتۆرییەتە. ساراماگۆ، باوەڕی وایە کە ستالین مرۆڤێکی زۆر باش بووەو منیش باوەڕم وایە کە ستالین تاوانبارێکی عەیار بیست و چوارە. ئاشکرایە کە دەبێ وەها قسەیەك بکات، ئێمە تەواو جیاوازیمان هەیە.

**- جەنابی بارگاس یۆسا، دەمەوێ بە گشتی باسەکە بگۆڕم و پرسیار لە بارەی ڕۆمانەکانتەوە بکەم. "سانتیاگۆ"ی گەنجی ڕۆمانی "گفتوگۆ لە کاتدراڵ" چەندە لە گەنجێتی خۆت دەچێت؟**

* هەست دەکەم من لە سانتیاگۆ چالاکترم. (قاقا لێدەدا) سانیتاگۆ کەمێك هەڵەشانە کاری دەکردو بەپێوانە لەگەڵ مندا مرۆڤێکی ڕەشبین بوو. سانتیاگۆ لەو ئارێشانە ماندوو ببوو کە چواردەوریان گرتبوو، بەهۆی ئەو گەندەڵییە قووڵەی وڵاتەکەی گرتبۆوە تووشی جۆرێك ڕەشبینی و هەڵچوون و خۆ بەدەستەوەدان و گۆشەگیری ببوو. ئەو خۆی کردبووە قوربانی و لەبەرئەمەیش وای دەبینی کە لە وڵاتێکی وادا بە چینی قووڵی گەندەڵی و لادان، هەر مرۆڤێك سەر بکەوێت داپڵۆسێنەرە. بەڵام من بە هیچ کلۆجێك وەك سانتیاگۆ بیر ناکەمەوە. ڕەشبینییەك کە سانتیاگۆی داگرتبۆوە زۆر فراوان بوو و ئەم ڕەشبینییەی سانتیاگۆ دزەی کردۆتە زۆرێك لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین، بەتایبەت ڕۆشنبیران و چالاکانی ئەم وڵاتانەی گرتبۆوە. لەو دەورانەدا چینی مامناوەندی کۆمەڵگە دووچاری هەڵچوونێکی زۆر زۆر ببوو- و لە ئەنجامی کار و گۆڕینی ژینگەکەیدا کاراییەکەی لەدەست دابوو.

**- مەبەستی من زیاتر وێکچوون لەنێوان شێوەی ئاشنایی و نزیکی سانتیاگۆ لە کۆمۆنیزمەوەیە. هەستم کرد کە ئەگەری هەبوو تۆیش هەمان شێوە دوای کۆمۆنیزم کەوتیت.**

* پەنجا ساڵ لەمەوبەر، لە ئەمریکای لاتین کۆمۆنیزم تەنیا ڕێگە چارەیەك بوو- و ئێمەیش ئەوەمان هەڵبژارد تا کۆمەڵگەیەکی تەندروستتر و باشتر و کامەرانتر دروست بکەین، بەڵام وردە وردە تێگەیشتین کە کۆمۆنیزم ڕێگە چارەیەکی لۆژیکی نییەو بە پێچەوانەوە کۆمۆنیزم هەموو شتێکی خراپتر کردووەو ئارێشەی زۆری دروست کردووە. پەنجا ساڵ لەمەوبەر، کۆمۆنیزم-بوون، لەگەڵ کۆمۆنیزم-بوونی ئێستا زۆر جیاواز بوو. پەنجا ساڵ لەمەو پێش هەموو وا سەیری کەسێکی کۆمۆنیستیان دەکرد کە نەزان و کاڵفامە، ئەمڕۆ ئەسڵەن بەم جۆرە نییە، ئەمڕۆ چەمکی کۆمۆنیزم ئیتر دیاری کراوە.

**- "گفتوگۆ لە کاتدراڵ" کتێبی گومانەکانە. سانتیاگۆ وەك کەسێتیی سەرەکی ڕۆمانەکە لە ئەنجامی زۆرێك لە کارەکانی دووچاری گومانەو بە تایبەت لە هەڵبژاردنی کۆمۆنیزمدا دوودڵە. مەبەستی منیش لەم وێکچوونە زیاتر گومانی سانتیاگۆ لە ڕەوتە سیاسییەکانی وڵاتەکەی بوو.**

* چاکە، من لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا زۆر کەڵکم لە ئەزموونی تایبەتیم وەرگرت، بەڵام نەك بەشێوەیەکی لە سەدا سەد. بەهرەم زۆر لە

دروستکردنی سانتیاگۆ وەرگرت لە یادەوەری دەورانی زانکۆ و دیکتاتۆری نیزامی ئۆدریا، بە تایبەت لە ئەزموونەکانم وەك ڕۆژنامەنووسێکی گەنج لەو ساڵانەی پیرۆدا. بەڵام لە لایەکی تریشەوە نا، ئەزموونی تایبەتیم چۆتە ڕۆمانەکەوە، بەڵام فەنتازیا و خەیاڵیش ڕۆڵێکی شایستەی لە خولقاندنی ئەم ڕۆمانەدا گێڕاوە. "گفتوگۆ لە کاتدراڵ" ڕۆمانێکە نەك کتێبێکی مێژوویی، هەرچەندە کە واقیعییەتی مێژوویی زۆر لەم ڕۆمانەدا هاتووە و منیش لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا کەم و زۆر وەفادار بووم بە ژیانی ئەو کاتەی خەڵکی پیرۆ و تەنانەت لە وڵاتانی تری ئەمریکای لاتینیش لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا.

**- گفتوگۆ لە کاتدراڵ پێکهاتەیەکی زۆر بەرزی هەیە. گفتوگۆی یەك لە دوای یەك و هاوکات نارێکوپێك کە ڕۆمانەکەی کردۆتە پێکهاتەیەکی تاقانە. بۆچی پێکهاتەی گفتوگۆت بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە هەڵبژارد؟**

* دەبوو بە جۆرێك ڕۆمانەکە چڕ بکەمەوەو ڕێکوپێکی بکەم، ئەگەر نا ڕۆمانێکی ئاوا کە قەرار بوو هەموو ڕووداوەکانی کۆمەڵگەیەك لە ماوەی هەشت ساڵی دیکتاتۆری لەخۆ بگرێت بێگومان لەمانە زیاتر دەبوو. ڕەنگە دە یا بیست بەرگ ڕۆمان دەرچووبا. (پێدەکەنێ) بە بۆچوونی من تەنها ڕێگەی ڕێكوپێك و کەڵەکەکردنی ئەم ڕۆمانە پەڕاگەندەیە، هەڵبژاردنی پێکهاتەی گفتوگۆ بوو. من بۆ دەستخستن و

پێکهاتەی گێڕانەوەی "گفتوگۆ لە کاتدراڵ" زۆر زەحمەتم کێشا. بیرم دێت کە ساڵی یەکەم کە سەرقاڵی کارکردن بووم لەسەر ڕۆمانی "گفتوگۆ لە کاتدراڵ" تەواو گێژ ببووم و خۆم ون کردبوو. تەنیا بەشی پەڕاگەندەم دەنووسی و هێشتا نەمدەزانی کە دەبێ چۆن ئەوانە پێکەوە ببەستمەوە تا ئەوەی کە ڕۆژێك بیرۆکەیەك هات بە زەینمداو بڕیارم دا تا گفتوگۆیەکی تەوەرەیی ببێتە بنەمای هەموو ڕۆمانەکە. لەوە بەدوا بوو کە توانیم حەواسم گرد بکەمەوە، گەر نا لە سەرەتای نووسینی ڕۆمانی "گفتوگۆ لە کاتدراڵ"دا بە ڕاستی گێژ ببووم.

**- باشە، بە سەرنجدان لە پێکهاتەی تاقانە و هاوکات ئاڵۆز کە "گفتوگۆ لە کاتدراڵ" هەیەتی، گریمانەی ئەوە بکەین کە قەرارە ئەمڕۆ دووبارە ڕۆمانێکی وەها بنووسی، هەست دەکەیت کە دەتوانی جارێکی تر ئەو پیکهاتەیە پیادە بکەیتەوە؟ وەك ئەڵێن دەروەستی نووسینی ئەوە دێیت؟**

* هەڵبەتە ئەگەر قەرار بێت دووبارە من ڕۆمانێکی وا بنووسم، ئیتر ئەمڕۆ سوود لەو پێکهاتەیە وەرناگرم. پێکهاتەی گێڕانەوەیی "گفتوگۆ لە کاتدراڵ" لەو ڕۆژگارەدا زۆر مۆد و خۆشەویست بوو، چوون ئەو کاتە، ساڵیانی ساڵ ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین کەوتبووە ژێر کاریگەری "ولیام فۆکنەر"و ژان دۆس پاسۆس"و "جیمس جویس"ەوە. مەبەستم ئەوەیە

کەوتبووە ژێر کاریگەریی ڕۆمانی مۆدێرنەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئیتر من ئەو جۆرە ڕۆمانە نانووسم، بۆ نموونە "ئاهەنگی سابرێن"یش ڕۆمانێکە لە بارەی دیکتاتۆرییەوە، بەڵام لەوێدا لە پێکهاتەیەکی تەواو جیاواز بە مانای وشە، کەڵکم وەرگرتووە، پێکهاتەیەك کە وێکچوونی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا زیاترە.

**- دیکتاتۆر و دیکتاتۆریی لە ڕۆمانەکانی تۆدا ئامادەیی زۆرە، بەڵام بۆ نموونە وێنەی دیکتاتۆر لە ڕۆمانی "ئاهەنگی سابرێن"دا کەمێك ناودژە. واتا "ترۆخیۆ" بەوجۆرەی کە دەبوو- و دەکرا وەك خێوێك وێنە نەکراوە، ئەویش وەك خەڵکانی تری کۆمەڵگەیەو تەنانەت جارجاریٚ دەبینین کە دڵی بۆ وڵاتەکەی دەسووتیٚ و هەنگاوی بەسود هەڵدەگرێت. دەمەویٚ پرسیارێك بکەم کە بۆ تەرحکردنی پێویستی بە نموونەیە. لە هەندێك لە وڵاتان سەرباری تێپەڕینی تەنانەت قەرنێك لە دیکتاتۆری، هێشتا خەڵك لە بڕیاردان لە بارەی ئەو دیکتاتۆرەوە تووشی کێشە دەبن و ناودژن. هەندێکیان ئەو دیکتاتۆرە بە مرۆڤێکی باش دەزانن و لەو باوەڕەدان کە کاری باشی بۆ وڵاتەکەی ئەنجام داوە، لە کاتێکدا کە بێگومان گرۆپێکی تر ئەو دیکتاتۆرە بە تاوانبار ناو دەبەن. هەست دەکەیت بۆچی بە وەها پارادۆکسێك لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆرە گەورەکان ڕووبەڕووین؟**

* ناتوانی دیکتاتۆرێك كه بیست و چوار كاتژمێر دیکتاتۆره، لەگەڵ كەسێك كە هەموو ڕەفتار و کرداری دیکتاتۆره پێوانه بکەیت، كەسێك كە لە هەموو هەناسەو نیگا و ڕەفتارەکانیدا دیکتاتۆره. بەڵام ئەوه گرنگه كه له هەردوو ئەمانه یەك خاڵی هاوبەش هەیه. ئاشکرایه که وەختێك کردەوەی باش و خراپی دیکتاتۆرێك کێشانه دەکەین، کردەوه خراپەکانی زۆرتره. له هەموو بارەکاندا بێ هەڵاوارته له کۆتاییدا خراپه دەسەڵاتداره. ئەشێ دیکتاتۆرێکیش کاری باش ئەنجام بدات، بەڵام ئەمه هەرگیز شتێکی گرنگ نییه، گرنگ کێشانەی کردەوەی دیکتاتۆرێکه، که هەمیشه ئەم کێشانەیه تراژیك بووه. دیکتاتۆرەکان له هەموو بوارەکاندا کۆمەڵگەیان بەرەو نابووتی بردووەو هەر لەبەر ئەمەیشه که باوەڕم وایه هەر جۆره دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەتێك بێ هیچ هەنجەتێك دەبێ مەحکوم بکرێ، تەنانەت ئەگەر له هەلومەرجێکی تایبەتیشدا کاری به کەڵکی بۆ کۆمەڵگەیەك کردبێت.

**- هەندێك له ڕەخنەگرانی ئەدەبی ڕۆمانی "شەڕی ئاخر زەمان" به سەرنج له قەبارەی کتێب و ژمارەی گێڕەرەوەکان و کەسێتی و ڕووداوەکان لەگەڵ ڕۆمانی "شەڕ و ئاشتی" لیو تۆڵستۆی" پێوانەی دەکەن.**

* عەجەب بەراوردێك. به ڕاستی من لەم پێوانەیه هەست به لەخۆبایی-بوون دەکەم، چونکه به بۆچوونی من "شەڕو ئاشتی" باشترین

ڕۆمانێکە کە لە تەواوی مێژووی ئەدەبیاتدا نووسراوە. من زۆر شەیدای ئەم کتێبەم و بۆ من تۆڵستۆی مەزنترین ڕۆماننووسی دنیایە.

**- هەڵبەتە ئەم پێوانەیە زیاتر بەهۆی قەبارەی کتێبەکەو ژمارەی کەسێتی و ڕووداو و شوێنەکانیەتی. بەسەرنجدان لەوەی کە نووسینی ڕۆمانێکی وا بە قەبارە ئاواو تایبەتمەندییەك لە زۆربەی بوارەکاندا بە ڕیسك لە قەڵەم دەدرێ و زۆرێك لە ڕەخنەگرانی ئەمڕۆ لەو باوەڕەدان کە ڕۆمانە قەبارە گەورەکان بە دەگمەن دەخوێنرێنەوە، لە کاتی نووسینی ڕۆمانی "شەڕی ئاخر زەمان"دا نەدەترسای کە ڕۆمانەکەتان پێشوازی باشی لێ نەکرێت؟**

* من قەت لە وەختی نووسینی ڕۆمانێکدا بیر لە خوێنەرانم ناکەمەوە. کاتێك شەیدای نووسینی ڕۆمانێك دەبم، بیر لە خوێنەرەکانم ناکەمەوەو هەموو هەست و نەستم گرد دەکەمەوە تا ڕۆمانەکە بەباشترین شێوە ڕازیم بکات. من ئەم بابەتەم لە ڕۆمانی "شەڕی ئاخر زەماندا" جێگیر کردووە. ئەمەی کە خوێنەرانم دەبێ چۆن بن یا ئەمەی کە ڕۆمانەکەم پێشوازی باشی لێ دەکرێت یا نا، هەرگیز بیری لێ ناکەمەوە، وای دەبینم هەموو نووسەرانی تری دنیا کتومت وەك من ڕەفتار دەکەن. شتێك کە بۆ من گرنگە ئەمە نییە کە دوای تەواوکردنی ڕۆمانێك چیی بەسەر دێت، وەختی نووسینی ڕۆمانێك، ئەو ئەزموونە مەزنە بۆ من

گرنگە کە لەگەڵی ڕووبەڕووم. ئەمەی کە مرۆڤـ ساڵێك، دووساڵ، سێ ساڵ گیرۆدەو شەیدای ڕۆمانێك بێت. بەڕاستی شتێکی سەرسوڕهێنەرە، ئەمەی کە مرۆڤێك بە وشە فەنتازیاکانی خەڵق بکات و دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکەیشی کە خەڵکی عیلمی غەیبیان نییە، هەمیشە پەرچەکرداری خوێنەران، مرۆڤـ دەحەپەسێنێ.

**- ڕۆمانی "شەڕی ئاخر زەمان" لە بنەمادا دیلێکتیکی نێوان سوونەت و مۆدێرنێتەیە.**

* بەڵێ، ڕێك بەو جۆرەیە کە دەیڵێی. باشترین شێوە کە بکرێ ئەم ڕۆمانەی پێ وەسف بکەیت ئەمەیە کە تۆ وتت. ڕێك وایە. لەگەڵت کۆکم.

**- سەربای ئەمەیش، جەدەلی سونەت و مۆدێرنیتە لەم ڕۆمانەدا هەیە، بێئەوەی کە تۆ ئەنجامگیرییەکی تایبەت بکەیت، یا ڕێگەچارەیەك پیشان بدەیت. هێشتایش جەدەلی نێوان سونەت و مۆدێرنیتە لە ئەمریکای لاتین هەیە؟**

* بەڵێ، زۆریشە. جەدەلی نێوان سونەت و مۆدێرنیتە تەنیا لە بەڕازیل ڕوو نادات، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین دەبینرێ. ئەم جەدەلە تێکەڵ و پێکەڵەی سونەت و مۆدێرنیتە نەك تەنیا لە ئەدەبیات و فەرهەنگی ئەمریکای لاتیندا دەبینرێ، بەڵکو لە

سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکیشدا ئامادەیی هەیە. هێشتا سونەت لە هەندێك لە وڵاتەکانی وەك پیرۆ، مەکسیك، گواتیمالا بە توندی هەیە. ئەم سونەتە دەبێتە باعیسی دەوڵەمەندبوونی ئەم وڵاتانەو ڕابردوویەکی قووڵی بۆ ئەوان دروست کردووە. هاوکات، کێشمەکێشی نێوان سوونەت و مۆدێرنیتە بۆتە هۆی فراوانی و ڕەونەقی فەرهەنگ و هونەر لە ئەمریکای لاتیندا. ئەگەر بتوانین دیدگا جیاوازەکانی واقیعییەتی کۆمەڵگە لە یەکتر نزیك بکەینەوە، دەتوانین پێشبینی سەرەنجامێکی باش بکەین بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین.

**- جەنابی بارگاس یۆسا، تۆ زیاتر لە بارەی ڕابردووەوە دەنووسی، بەنیاز نیت بکەویتە شەن و کەوی بابەتە ئەمڕۆییەکان؟**

* من هەمیشە لە بارەی بابەتە سەردەمییەکانەوە نووسیومە. ئەشێ کەڵکم لە ڕابردوو وەرگرتبێت، بەڵام ڕابردوو ڕێگەیەکە بۆ قسەکردن لەسەر ئایندە. دەکرێ بە هۆکاری ڕابردوو لەمەڕ ئێستاوە قسە بکەیت. من وابەستەم بە زەمانی خۆمەوە. مرۆڤێکی سەدەی نۆزدە نیم (پێدەکەنێ)، بۆ نمونە لە بارەی ترۆخیۆ وە، شەڕی ناوخۆی بەڕازیل و شتانی ترەوە نووسیومە، ئەشێ بابەتگەلێك هەڵبژێرم کە لە ڕابردوودا ڕووی دابێت، بەڵام هەرگیز نیگەران نەبیت، من لەگەڵ زەماندا بەرەو پێش دەچم. باوەڕم پێ بکە (پێدەکەنێ).

**- بەڕێز بارگاس یۆسا، چ شتێك بۆتە هۆی ئەوەی کە تۆ وەك نووسەرێك بچیتە دنیای سیاسەتەوەو بڕیار بدەیت کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا وەك کاندیدی سەرۆکایەتی بەشداری بکەیت؟**

* باشە، ئەو کاتە پیرۆ ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی سیاسی زۆر زۆر ئاڵۆز ببۆوە. لە لایەك لەگەڵ جەنگی ناوخۆ ڕووبەڕوو بووین و لە لایەکی تریش دەوڵەتی دیموکراتی کە ئەو کاتە شێوەی گرتبوو، زۆر زۆر لاواز بوو- و لە هەر چرکەیەکدا ئەگەری دارمانی دیموکراسی لە پیرۆ هەبوو. ئارێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پیرۆ زۆر بوو- و هەڵاوسانێکی بەرزی ئابووری وڵاتی داگرتبوو- و من لەو باوەڕەدا بووم کە ئەشێ هەر ساتێ ڕووبەڕووی لێکهەڵوەشانەوەی دیموکراسی ببینەوە. لە هەلومەرجێك وادا بوو کە چوومە دنیای سیاسەتەوەو هەوڵی خۆمم دا. من لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری پیرۆدا سەرنەکەوتم، بەڵام ئەزموونی فێرکەری زۆرم بە نسیب بوو.

**- بیرم دێت کە لە گفتوگۆیەك لەگەڵ ڕۆژنامەی "گاردیان"ی ئینگلیزی ئاماژەت بەوە کرد کە ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی تێبگەیت کە چۆن سیاسەت دەتوانێ مرۆڤی ئاسایی بگۆڕێت بۆ دێوی بچوك. لەوەی کە چوویتە دنیای سیاسەت و بە تایبەت چوویتە کێبڕکێی هەڵبژاردنە کۆمارییەکانی پیرۆوە، بە توندی پەشیمان نیت؟**

* نا، هەرگیز پەشیمان نیم. چونکە من بە پێشینەیەکی باشەوە چوومە دنیای سیاسەتەوە و دەمزانی کە دەمەوێ چی بکەم. بە هەرحاڵ قەت ئەوە دووبارە ناکەمەوە، بەڵام شتێکی زۆر گرنگ کە ئەو ساڵانە فێری بووم ئەمە بوو کە تێگەیشتم من سیاسەتمەدار نیم، فێربووم کە من نووسەرێکم و تەواو. تێگەیشتم کە وەك نووسەر و ڕۆشنبیرێك تەنیا دەبوو لە باس‌و خواسی خەڵکیدا بەشداری بکەم، نەك لە ئاستێکی پێشکەوتووی سیاسەتدا. بەڵام نا، هەرگیز پەشیمان نیم. بە ڕاستی ئەزموونێکی فێرکەر بوو- و لە لایەکی تریشەوە بۆ نووسەرێك ئەزموونی خراپ مانای نییە، بۆ نووسەرێك هەموو شتێك، هەموو شتێك بەسود و فێرکەرە. (پێدەکەنێ).

**- ساڵانێك لەمەوبەر، لە بەرگریکارانی "ڤیدڵ کاسترۆ" بوویت و هاوڕێ لەگەڵ گابرێڵ گارسیا مارکیزی ڕۆماننووسی کۆڵۆمبی بەرگریتان لەو دەکرد. هەموو دەزانن کە پرسەکەی "ئەربرتۆ پادیا"ی شاعیر و نامە نارەزاییەکەی کە نووسی و گارسیا مارکیز واژۆی نەکرد، وردە وردە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی تۆ لە دەستەی نووسەرانێك ڕووی دا کە بەرگریتان لە ڤیدڵ کاسترۆ و کۆمۆنیزم دەکرد. باشە، چی بووە هۆی دووریی تۆ لەم هەراو هۆریایە، بە تایبەت لە هاوڕێ دێرینەکەتان گابرێل گارسیا مارکیز؟**

* (پێدەکەنێ) ئۆه، چیرۆکێکی دوورو درێژه. به ڕاستی چیرۆکێکی درێژه. من له سەرەتادا بەرگریکاری شۆڕشی کوبا بووم. سەرەتا وام دەبینی که شۆڕشی کوبا دەبێته هۆی کرانەوەی وڵاتەکەو ئازادی و پلۆرالیزم به دیاری دەهێنێ. ڤیدڵ کاسترۆ له سەرەتادا وەك ڕابەری شۆڕشێك دەهاته بەرچاو، بەڵام ئێمه به هەڵه بیرمان دەکردەوەو ساده بووین. له کۆتاییدا ئەو به خێرایی گۆڕا بۆ دیکتاتۆرێکی عەیار بیست و چوار. کاسترۆ باش تێگەیشتبوو که باشترین ڕێگه بۆ پاراستنی دەسەڵاته نەمرەکەی، دیکتاتۆرییەته. من کاتێك لەم ڕووداوه گەیشتم، کشامه دواوەو لەوه به دوا بوو کەوتمه ڕەخنەگرتن لەو. ئەم ڕووداوه بۆ من بووه ئەزموونێکی زۆرباش، لەبەرئەوەی حاڵی بووم که دەبێ دووباره بەهاکانم بخەمەوه ژێر توێژینەوەوه، لەوه بەدوا بوو که پەیم به بایەخی ئازادی و پلۆرالیزم و دادپەروەری برد. دوای ئەم ڕووداوه سەنگەری سیاسیم دیاریکراوتر و پایەدارتر بوو لەگەڵ هەر جۆره دیکتاتۆرێك ناکۆك بووم. بوومه دژی کاسترۆ و ڕێك هەمان کاریشم له هەمبەر دیکتاتۆرەکانی وەك "ئۆگۆست بینۆشه" کرد و هیچ هەڵاوارتەیەکیشم دانەنا.

- **سەرچاوه**

http://sibegazzade.com/main/?p=178

سعید کمالی دهقان

# وتاری ماریۆ بارگاس یۆسا بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبەوە

کاتژمێر پێنج و نیوی دوا نیوەڕۆی سێشەممە، حەوتی دیسەمبەری ساڵی ٢٠١٠، ماریۆ بارگاس یۆسا، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ٢٠١٠، لە ئەکادیمیای نۆبڵ لە شاری ستۆکهۆڵم-ی سوید، خەڵاتەکەی وەرگرت. ئەویش وەك براوەکانی تری ئەم خەڵاتە گرنگە، بەم بۆنەیەوە وتارێکی خوێندەوە. یۆسا لە وتارەکەیدا قسەی لە ئەدەبیات، دەورانی منداڵی و سیاسەت و شتی تریش کرد. لێرەدا هەڵبژاردەیەك لە وتەکانی ئەو دەخوێنیتەوە.

## نووسین، لوتکەی* ڕزگارییە

لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، لەسەر دەستی هەڤاڵ جاستینیامۆ، لە ئەکادیمی دلاسالی شاری کوچابامای پۆلیڤیا فێری خوێندنەوە بووم. ئەمە

گرنگترین ڕووداوێکە کە بۆ من ڕوویداوە. نزیکەی حەفتا ساڵ دواتر، بە ڕوونی دێتەوە بیرم کە چۆن تەلیسمی وەرگێڕانی وشەی کتێبەکان لە ڕێگای وێنەوە، ژیانی منی دەوڵەمەند کرد و ئاستەنگەکانی زەمان و بۆشایی هەڵگرت تا لەگەڵ کاپیتان نمۆ، بیست هەزار فرسەخ لە ژێر دەریادا بپێوم، لەگەڵ دارتانیان، ئاتوسن پۆرتۆس و ئارامیسدا لە بەرامبەر ئەو پیلانانەدا بجەنگم کە شاژن لە ڕۆژەکانی کاردینال ڕیشیلۆ (سوورپۆشی پایەبەرز) یان بە لەتردانەوە لە ئاوەڕۆکانی پاریسدا ڕێ بکەم و ببمە ژان واڵ ژان، کە جەستەی بێگیانی ماریۆسی کردۆتە کۆڵ.

خوێندنەوە، خەونەکانی بۆ ژیان و ژیانیشی گۆڕی بۆ خەون و جیهانی ئەدەبیاتی خستە بەر دەستی کوڕێکی منداڵکار کە من بووم. دایکم پێی وتم یەکەم نووسینەکانم، درێژکراوەی ئەو چیرۆکانە بوو کە دەمخوێندەوە، چونکە کاتێك تەواو دەبوون، بێتاقەتیان دەکردم، یان دەمویست کۆتاییەکەیان بگۆڕم. ڕەنگە ئەمە شتێك بێت کە تەمەنم لە پێناویدا دانا، بێئەوەی ئاگام لێی بێت. بە درێژایی زەمان هەر وا کە گەورە بووم، پێگەیشتم، پیر بووم، ئەو چیرۆکانەی منداڵیمی بە خۆشحاڵی و کونجکۆڵییەوە پڕکردبۆوە، بەربلاوتر بوونەوە.

خۆزگە دایکم لێرە بوایە، ئەو ژنەی کاتێك شیعری ئەمادۆ نرۆ و پابلۆ نیرۆدای دەخوێندەوە، فرمێسکی دەڕشت، هەروەها پیدرۆی باوەگەورەم، بەو لووتە گەورەو سەرە ڕووتاوەیەوە، ئەو کەسەی نووسینە

شیعرئامێزەکانی ستایش دەکردو مامە لۆچۆ کە ناچاری کردم تا بە وزەوە جەستەو ڕۆحم بۆ ئەدەب تەرخان بکەم، هەرچەندە لەو سەردەم و زەمانەدا ئەدەبیات تاوانێکی زۆر سەختی بە لایەنگرانی دەدا. من لە تەواوی ژیانمدا خەڵکانێکی وام لە تەنیشتەوە بووە، کەسانێك خۆشیان دەویستم و هانیان دەدام و گاڤێك من گومانم هەبوو، وەفادارییەکەیان بۆ من دەگواستەوە.

بە ڕێزگرتنەوە بۆ هەوڵەکانی ئەوان و بە دڵنیایی و سووربوونی خۆم لەسەر بەردەوامبوون بە نووسین و خوێندنەوە و بڕێك چانس توانیم زۆربەی چرکەساتەکانی ژیانم بخەمە خزمەتی تامەزرۆیی و خراپی و پەڕجووەکانی نووسینەوە، ژیانێك کە لە کاتی کێشەکاندا دەتوانم پەنای بۆ بەرم، ژیانێك کە شتی سەیر ئاسایی دەکات و شتی ئاساییش سەیر، ئاشووبەکان لێك هەڵدەوەشێنێ، دزێوییەکان جوان دەکات، چرکەساتەکان سەرمەدی دەکات و مەرگ دەگۆڕێت بۆ دیمەنێکی زوو تێپەڕ.

نووسینی چیرۆك ئاسان نەبوو. ئەو کاتەی دەبوون بە وشە. گەلاڵەکان (**Plots**) وشك دەبوونەوەو وێنەو بیرۆکەکان نەزۆك دەمانەوە. چۆن دەکرێ گیانێکی تازەیان بکرێتەوە بەر؟ بەختەوەرانە ئوستازگەلێك هەبوون، مامۆستایانێك بۆ فێربوون لێیان و نموونەگەلێك بۆ شوێن کەوتنیان. فلۆبێر فێری کردم کە توانایی، پرەنسیپێکی یاخی و خۆڕاگرییەکی زۆرە. لە فۆکنەرەوە فێربووم کە فۆرم — نووسراوەو پێکهاتە — ئاستی بابەت

دەباتە سەرەوە یان دەیهێنێتە خوار. مارتۆرل، سێرڤانتس، بەلزاك، تۆلستۆی، جۆزیف کۆنراد، تۆماس مان فێریان کردم کە گۆڕەپانی بینین و فرەخوازی لە ڕۆماندا بە هەمان ڕادەی لێهاتوویی ستایل و ستراتیژی گێڕانەوە گرنگە. لە سارتەرەوە فێر بووم کە وشە، کردەوەیە، ئەمەی کە ڕۆمان، شانۆ یان وتارێك پەیوەست بە ئێستایەو هەڵبژاردنی باشتر، دەتوانێ ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت. ئەلبێر کامۆ و جۆرج ئۆریۆل فێریان کردم ئەدەبیات بێ ڕەوشت، نامرۆڤانەیەو ئەندرۆ مالرۆش فێری کردم حەماسەو بوێری، بە هەمان ڕادەی سەردەمی ئەرگەنۆتەکان، ئۆدیسە و ئیلیادە، ئەگەری بوونیان هەیە.

ئەگەر بڕیار بوایە، هەموو ئەو نووسەرانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان قەرزاریانم، بانگهێشت بکەمە ئێرە، سێبەریان ئێرەی تاریك دەکرد. ئەوان لە ژماردن نایەن. ئەوانە لەگەڵ ئەوەی ڕازی پیشەیی-بوونی چیرۆکنووس-بوونیان بۆ خستمە ڕوو، وایان لێ کردم بە قووڵاییەکانی نادیاری مرۆڤایەتیدا ڕۆ بچم، ستایشی کاری قارەمانانە بکەم و لەوپەڕی بێبەزەیی-بووندا هەست بە ترس بکەم. ئەوان دڵسۆزترین هاوڕێکانم بوون، ئەو هاوڕێیانەی ژیانیان بەخشی بە پەیامی من و لە کتێبەکانیاندا تێگەیشتم کە تەنانەت لە خراپترین دۆخیشدا ئومێد هەیەو ئەمەی کە ژیان تەنها شیاوی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدەی، چوون بێ ژیان ئێمە نەماندەتوانی چیرۆکەکان بخوێنینەوە، یان وێنایان بکەین، هەندێکجار بیر

لەوە دەکەمەوە ئاخۆ نووسین لە وڵاتانێکی وەك وڵاتەکەی من، جوانکارییەکی خۆتەوەرانە نییە، جێگایەك کە ژمارەی کتێب خوێنەرەوەکان سنووردارە، زۆرێك لە خەڵکی، هەژار و نەخوێندەوارن، نادادپەروەری گاڵە دەکات و جێگایەك کە فەرهەنگ تەنیا بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو مافێکی تایبەتە.

ئەگەرچی ئەم گومان و دوودڵییانە هەرگیز نەیانتوانی پێش لە کارم بگرێت و من هەمیشە تەنانەت لە دەورانگەلێکدا کە دابینکردنی بژێویی ژیان زۆربەی کاتەکانمی دەگرت، درێژەم بە نووسین دەدا. لە سەر ئەو باوەڕەم کارێکی باشم کردووە. بۆ ئەوەی ئەدەب گەشە بکات، سەرەتا پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی فەرهەنگ بەرز و ئازادی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەرییە کە هەرگیز بوونی نەبوو. بەڵام دەبێت خۆمان بە قەرزاری ئەدەب بزانین بە هۆی ئەو ئازادییەی کە دەیبەخشێت، حەز و مەیلێك کە سرووش بەخشییانە، هەروا بڕینی ئومێدی ئێمە لە واقیعییەتێك، کاتێك کە لە سەفەرێك بۆ خەیاڵێکی جوان دەگەڕێینەوە، شارستانییەت لە زەمانێکدا کە چیرۆکبێژان بە ئەفسانەکانیان دەستیان کرد بەوەی کە ڕووخسارێکی مرۆیی ببەخشن بە ژیان، ئێستا بێ ڕەحمییەکی کەمتری هەیە. ئێمە ئەو کتێبانەی کە خوێندوومانەتەوە، لەوەی کە هەین خراپتر دەبووین، زیاتر هاوڕەنگی کۆمەڵ و ملکەچتر دەبووین و ڕۆحییەتی ڕەخنەگری، داینەمۆی پێشکەوتن بوونی نەبوو.

من نووسینم خۆش دەوێت، خوێندنەوە گازندەیەکە لە بەرامبەر کەموکووڕییەکانی ژیان. کاتێك لە چیرۆکدا دوای شتێك دەکەوین کە لە ژیاندا ون بووە، ئێمە خەریکین قسە دەکەین، بێ ئەوەی کە پێویست بە وتن یان تەنانەت زانینیش بێت، کە ژیان بەوجۆرەی کە هەیە، تامەزرۆیی ئێمە بە شێوەیەکی ڕەها — بنەمای بارودۆخی مرۆڤ — ڕازی ناکات و دەبێ باشتر بێت. ئێمە کاتێك کە تەنیا یەکێك لە ژیانەکانمان لە بەر دەستدایە، چیرۆکگەلێك دەهۆنینەوە تا زۆرێك لەو ژیانانەی حەزمان لێیەتی بەرەو پێش بەرین و بژین.

ئەدەبیاتی چاك، کۆمەڵێك پرد لە نێوان خەڵکانی جیاوازدا دروست دەکات، بە چێژ و ئازارێکەوە کە دەیداتە ئێمە، یان هەستی سەرسوڕمان، ئێمە لە ژێر زمان و بیرو باوەڕو داب‌ونەریت و ڕەگەزپەرستییەك کە لە یەکمان هەڵدەبڕێت، یەکگرتوو دەکات. کاتێك نەهەنگی سپی، کاپیتان ئەهاب لە دەریادا دەنێژێ، دڵی خوێنەران لە تۆکیۆ، لیماو تومبۆکتۆ بە شێوەیەك لێوڕێژ دەبێت لە ترس. کاتێك ئیما بۆڤاری ئارسنیکەکە قووت دەدات، ئانا کارنینا خۆی دەخاتە پێش شەمەندەفەرەکەو ژۆلین سۆرل بە داربەستەکەدا هەڵدەزنێ و کاتێك کە لە چیرۆکی "باشوور"ی "خۆرخە لویس بۆرخس"دا خوان دلمان، دکتۆری شارەکە لە مەیخانەیەکی پامپا دێتە دەرێ تا لەگەڵ چەقۆی پیاوکوژێك ڕووبەڕوو بێتەوە، یان ئێمە تێدەگەین کە هەموو دانیشتوانی کۆمالا، گوندەکەی پیدرۆ مردوون، ئەو

خوێنەرانەی کە بوودا، یان کۆنفۆشیۆس، مەسیح، خودا، دەپەرستن، یان باوەڕیان بە عیرفانێکە کە نکۆڵی لە بوونی خودا دەکات، بە یەك شێوە دەهەژێنێت، کەسانێك کە قات لەبەر دەکەن و بۆینباخ دەبەستن، یا جالابە، جلی ژاپۆنی یان بماچاس لەبەر دەکەن. ئەدەبیات لە نێوان جۆراو جۆریی مرۆڤدا برایەتی دروست دەکات و سنوورگەلێك کە لە ڕووی نەزانی، ئایدۆلۆژی، زمان و گەمژەییەوە لە نێوان پیاوان و ژنانی فەڕەنسا بالآی هەڵداوە، دەیخاتە ژێر تیشکەوە. کە منداڵ بووم ئارەزووم بوو چەند ڕۆژێك لە پاریس بم، من کە ئەدەبیاتی فەڕەنسی تووشی سەرسووڕمانی کردم، لە سەر ئەو باوەڕە بووم ژیان لە پاریس و هەناسەدان لە هەوایەکدا کە بەلزاك، ستانداڵ، بۆدلێر و مارسیل پرۆست هەڵیان دەمژی، دەیتوانی یارمەتی من بدات تا ببمە نووسەرێکی ڕاستەقینە.

گەر پیرۆم جێ نەهێشتبا، تەنیا وەك نووسەرێك بووم کە لە یەکشەممان و پشووەکاندا دەمنووسی. ڕاستییەکەی ئەمەیە کە من زۆر شت لە فەڕەنساو فەرهەنگی ئەو ولآتە فێر بووم، کە بۆ ئەوە نابن لە بیر بکرێن. بۆ نمونە ئەم واقیعییەتەی کە ئەدەبیات هەمان هێندە کە پەیامێکە، نەزم و سەرسەختییەکیشە. سەردەمانێك لە پاریس دەژیام کە سارتەر و کامۆ زیندوو بوون و بە نووسینەوە خەریك بوون، سالآنی ئۆژین یونسکۆ، بیکێت، جۆرج باتای، ئەمیل سیۆران، دۆزینەوەی شانۆی برتوڵ برێشت و فیلمەکانی ئینگار بێرگمان، شانۆی میللی جەماوەری ژان ڤیلار و ئادن

ژان لویی بارۆ، شەپۆلی نوێ و ڕۆمانی نوێ، پارچە ئەدەبییە جوانەکان، کارەکانی ئەندرێ مالرۆ و شتێك کە نمایشیترین دیمەنی ئەوروپا بووە لەو ساڵانەدا، کۆنفرانسە هەواڵییە بروسکە ئاساکانی ژەنەراڵ شارل دیگۆڵ لە ستادیۆمی ئۆڵۆمپیکی پاریس بوونی هەبوو. بەڵام ڕەنگە زیاتر لە هەر شتێك بە هۆی دۆزینەوەی ئەمریکای لاتین خۆم بە قەرزاری فەرەنسا بزانم. لێرە بوو تێگەیشتم پیرۆ بەشێکە لە کۆمەڵگەیەکی فراوان کە بە مێژوو، جوگرافیا، ئاریشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی، شێوەیەکی دیاریکراو لە بوون و زمانێکی شیرین کە قسەیان دەکرد و دەیاننووسی، پێکەوە بەستراون.

لە هەمان ئەو ساڵانەدا ئەمریکای لاتین خەریك بوو ئەدەبیاتێکی تازەو بەهێزی دەخوڵقاند. لەوێ من کارەکانی بۆرخس، ئۆکتاڤیۆ پاز، خۆلیۆ کۆرتاسار، گابریێل گارسیا مارکیز، کارۆلۆس فۆینتس، کابررا ئینفانیە، خوان ڕۆلفۆ، ئۆینتی، کارپینیتر، ئیدواردز، دونوسۆ و زۆرێك لەو نووسەرانەم خوێندەوە، کە خەریکبوون شۆڕشێکیان لە گێڕانەوەی چیرۆکدا دەکرد لە زمانە ئیسپانیۆڵییەکاندا، سوپاس بۆ ئەوروپا و بەشێکی فراوان لە جیهان کە تێگەیشتن ئەمریکای لاتین تەنها زێدی شۆڕش، سەرکوتکەرانی ئۆپرت، جەنگاوەرانی ڕیشراز و شەقشەقە و مامبۆ (جۆرە سەمایەکی کوبایی) و سەمای چاچاچا نییە، بەڵکو زێدی

بیر و شێوەی هونەری و خەیاڵپەروەری ئەدەبییە کە واوەتر لە وێنەی سەرنجکێش چووەو بە زمانێکی جیهانی قسە دەکات.

هیچ کات لە ئەمریکا و ئەوروپا و لە ڕاستیدا لە هیچ کوێیەك هەست بە نامۆیی ناکەم و هەست ناکەم کەسێکی بێگانەم. لە هەموو ئەو جێیانەی لێی ژیاوم، لە پاریس، بەرشلۆنە، مەدرید، بەرلین، واشنگتۆن، نیویۆرك، بەرازیل یان لە کۆماری دۆمۆنیکان، هەستم کردووە لە ماڵی خۆمم، هەمیشە کونجێکی چۆڵ و بێدەنگم پەیدا کردووە، جێگایەك کە بتوانم لە ئارامیدا بژیم، کار بکەم، شت فێربم، خەونەکانم پەروەردە بکەم، هاوڕێیانێك بدۆزمەوە، کتێبی باشم بۆ خوێندنەوە دەست بکەوێت و بابەتگەلێك بیانکەمە هەوێنی نووسین. بەو شێوە نییە لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی خۆنەویست بووم بە هاووڵاتییەکی جیهانی، ئەو شتەی کە پێی دەوترێت "ڕەگەکان" و پێوەندیم لە گەڵ وڵاتەکەم لاواز بێت- لاموایە بەهایەکی وەهای نییە- لەبەر ئەوەی ئەگەر بەو شێوە با، ئەزموونەکانی من لە پیرۆ نەیدەکردم بە نووسەر و هەموو کات لە چیرۆکەکانمدا دەرنەدەکەوتن، تەنانەت ئەو کاتەش هەست دەکەم زۆر دوورم لە پیرۆ. لە بەرامبەردا من باوەڕم وایە ژیان بۆ ماوەیەکی درێژ، لە دەرەوەی وڵاتێك کە تێیدا لەدایك بووم، ئەو پەیوەندییانە بەهێز دەکات و پانتاییەکی ڕوونتری پێ دەبەخشێت و نۆستالیژیایەك کە دەتوانێ لایەنی وەسفی لە ناوەڕۆکە خۆییەکەی جیا بکاتەوەو یادەوەرییە پێچەوانە بووەکان

دەپارێزێت. عەشق بۆ وڵاتێك كە تاك لێی هاتۆتە دنیاوە، ناتوانێ ئەرك بێت، بەڵام وەك هەر عەشقێكی تر دەبێ كاری خۆبەخۆی دڵی تاك بێت، وەك عەشقێك كە ئەڤیندار، باوك و دایكان، مندالەكان و هاوڕێیان پێكەوە دەبەستێتەوە.

یەكێك لە هاونیشتمانییەكانم، خۆزێ ماریا ئەرگەداس، پیرۆی ناونا "وڵاتی هەموو خوێنەكان". من باوەڕم بە بنەمایەكی باشتر نییە بۆ وەسفكردنی پیرۆ. ئەمە شتێكە كە ئێمە هەین و شتێكە كە هەموو ئێمەی پیرۆیی لە ناخماندا هەمانە، چ بمانەوێ چ نەمانەوێ: كۆمەڵێك لە نەریتەكان، نەژاد و بیروباوەڕ و فەرهەنگی سەرچاوەگرتوو لە چوار كاردینالْ. شانازی دەكەم كە خۆم بە میراتگری فەرهەنگە پێشینەكان — ئیسپانیایی دەزانم كە قوماش و قەمسەڵەی چەرمی نازكا (فەرهەنگی خەڵكیك لە ناوچەی پیرۆ) و بارالكاس (كۆمەڵگەیەكی فەرهەنگی دێرین لە پیرۆ) یا سیرامیكەكانی موچە (شارستانێتی موچە لە باكوری پیرۆ) و ئینكایی (ئیمپراتۆری ئینكا)، گەورەترین ئیمپراتۆرێك كە لە باشترین مۆزەخانەكانی جیهاندا نمایشكرا، چێكرانی ماچۆ پیچۆ (گۆڕەپانێكی دێرینەی جێماوە لە شوێنەواری دەورەی ئیناكان لە پیرۆ)، گرن چیمۆ، چان چان، كۆلپ، (دیوارێكی گەورە كە پارێزگاری لە قەڵای سەربازی دێرینە دەكات)، سیپان (شوێنێكی دێرینە) شوێنە بەژێرخۆڵەوە بووەكانی لابرۆجا، ئال سول و لالونایان ڕۆناو ئیسپانیۆلییە زمانەكان، كە بە

خورجینی زینەکانیانەوە، شمشێر و ئەسپەکانیانەوە، یۆنان، ئیتالیاو نەریتی یەهودی، مەسیحی، ڕێنیسانس، سێرڤانتس و فرانسیسکۆ دی کۆتدۆ و لوینیچرد کۆنگۆرا و زمانی زبری کەستیل کە لە لایەن خەڵکی نیشتەجێی چیاکانی ئەندەوە نەرمو نیان بوو. هەروا بە ڕۆیشتنی ئیسپانیا بۆ ئەفریقا، بە خۆڕاگری، بە مۆزیکەکەی، بە خەیاڵە لە کولەکەی، ناهەماهەنگی پیرۆی بەهێز کرد. ئەگەر کەمێك بخوێنینەوە تێدەگەین کە پیرۆ وەك "ئەلف"ی بۆرخس، شێوەیەکی بچوکە لە کۆی جیهان. خەسڵەتێکی زۆرباش بۆ وڵاتێك کە یەك ناسنامەی نییە، چونکە هەمووی پێکەوە هەیە!

داگیرکردنی بێبەزەییانەی ئەمریکا وەك هەموو داگیرکەرەکان بێبەزەیی و توندو تیژئامێز بوو- و دەبێ بیدەینە بەر تیشکی ڕخنە و لێکی بدەینەوە، بەڵام بیرمان نەچێت، کاتێك دەکەوینە ڕەخنەگرتن لەم ڕووداوە، کەسانێك کە دزی و تالآنی و تاوانی جیاوازیان ئەنجام داوە، لە زۆربەی نمونەکاندا باوەگەورەو باپیرانی ئێمە بوون، ئەو ئیسپانیایانەی کە هاتن بۆ ئەمریکا و شێوەی ژیانی ئەمریکییانەیان هەڵبژارد، نەك ئەوانەی لە وڵاتەکانیان مانەوە. وەها ڕەخنەیەك دەبێت ڕەخنەلەخۆگرتن بێت. لەبەرئەوەی کاتێك ئێمە دووسەد ساڵ پێش ئیسپانییەکان سەربەخۆییمان وەرگرت، ئەوانەی کە وایان دەزانی دەسەڵات لە دەستی کۆچکردووەکانی پێشوودایە، لەبری ئەوەی سوورپێستەکان ئازاد بکەن و بۆ قەرەبوو

کردنەوەی هەڵەکانی پێشتریان دادوەری جێگیر بکەن، بە بەکۆیلەکردنی سوورپێستەکان، بە هەمان شێوەی داگیرکەرەکان دەستیان کرد بە چەوساندنەوەی خەڵکانی ئەو ناوچەیە، لە هەندێك لە وڵاتان، وێرانییەکی زۆریان بارهێناو بە گشتی هەوڵیان دا قڕیان بکەن. با ڕوونتر باسی بکەم: بۆ ماوەی دوو سەدە، ئەرکی ئێمە بوو کۆمەڵەی لۆکاڵی ئەو ناوچەیە ئازاد بکەین، بەڵام ئێمە ئەم کارەمان نەکرد. ئەمە بەردەوام دەبێت تا بووە پرسێکی چارەسەر نەکراو لە ئەمریکای لاتیندا. تاقە هەڵاوارتەیەکی تاقانەیش لە بارەی ئەم ڕسوایی و بێمانابییەوە بوونی نییە.

من بە هەمان ڕادە کە ئیسپانیام خۆش دەوێ، عاشقی پیرۆم و لە ڕووی ئەمەکناسییەوە خۆم بە قەرزداری ئیسپانیا دەزانم. گەر ئیسپانیا نەبوایە، من هیچکات بەم ئاستە نەدەگەیشتم، یان نووسەرێکی نەناسراو دەبووم و ڕەنگە وەك زۆرێك لە هاوکارە بێ چانسەکانم لە بەرزەخی نووسەرانی بێ چانس، بڵاوکەرەوە، خەڵات یا خوێنەر سەرگەردان بووم و ئەو نووسەرانەی کە ڕەنگە ڕۆژێك لە داهاتوودا پەی بە تواناکانیان ببرێ. هەموو کتێبەکانی من لە ئیسپانیا چاپ بوون، جێگایەك کە زیادە ڕەوانە ستایش دەکرام و هاوڕێیانی وەك کارۆل بارل، کارمن بالسل و زۆرێکی ترم بە دەست هێنا، کە بەردەوام سووربوون لە سەر ئەوەی ڕۆمانەکانم لە ئیسپانیا خوێنەریان هەیە. لە کاتێکدا کە دەمتوانی میللییەتی خۆم لەدەست بدەم، ئیسپانیا میللییەتی دووەمی پێ بەخشیم. من هەرگیز

هەست بە کەمترین نەسازان ناکەم لە نێوان پیرۆیی بوون و بوونی پاسپۆرتی ئیسپانیایی، چونکە هەمیشە هەستم کردووە ئیسپانیا و پیرۆ دوو ڕووی دراوێکن، نەك تەنیا لە لای کەسێکی چکۆلەی وەك من، بەڵکو لە واقیعییەتە پێویستەکانی وەك مێژوو، زمان و فەرهەنگ.

لە نێوان سالآنێك کە بە ڕۆحی ئیسپانیاییەوە ژیاوم، پێنج ساڵێك بیر دەهێنمەوە کە لە بەرشلۆنەی خۆشەویست و ئازیز لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەسەرم برد. هێشتا فڕانکۆ لەسەر دەسەلآت بوو- و تەقەی دەکرد، بەڵام ئیتر ئەو کاتە بەردینەی نێو جلە کۆنە بوو، بە تایبەت لە بواری فەرهەنگ و لە بەردەوامی کۆنترۆڵە پێشینەکانی بەسەر ئەم مەیدانەدا، بێدەسەلآت بووبوو. دەلاقەو کلاوڕۆژنەکان خەریکبوون دەکرانەوە، کە سانسۆرەکان نەیاندەتوانی بە جێیەك بگەن و لە نێو ئەوانەدا، کۆمەڵگەی ئیسپانی ئایدیای تازە، کتێب، ڕەوتە فکرییەکان، بەهای هونەری و شێوەگەلێکی ڕادەکێشا، کە تا ئەو کاتە وەك کاری دژە ڕژێم یاساغ بوون. هیچ شارێك بە ئەندازەی یا زیاتر لە بەرشلۆنە سوودی لەم سەرەتای کرانەوەیە وەرنەگرت، یا حەزو تاسەیەکی بەرچاوی لە هەموو کایەکانی ئەندێشەو داهێناندا، ئەزموون نەکرد. بەرشلۆنە، بووە پایتەختی فەرهەنگی ئیسپانیا، جێگایەك کە دەبوو لەوێ بوویتایە تا ئازادی هەڵبمژی لە لێواری ڕووداندا. هەر وا بە مانایەك، بەرشلۆنە بووە پایتەختی فەرهەنگی ئەمریکای لاتینیش، لەبەرئەوەی

شێوەکاران، نووسەران، بڵاوکەرەوەکان و هونەرمەندێکی زۆر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین یا لە بەرشلۆنە نیشتەجێ بوون، یا هاموشۆی ئەم شارەیان دەکرد. لە زەمانی ئێمەدا ئەگەر دەتویست ببیتە شاعیر، ڕۆماننووس، شێوەکار و مۆسیقار، دەبوو لە بەرشلۆنە بوویتایە.

ئەم ساڵانە بۆ من، دەورەی زەمانێکی لەبیرنەچۆوە لە هاوڕێیەتی، ئاشنایی، تەرح و کاری ڕۆشنبیرانەی داهێنەرانە بوو. بەرشلۆنە وەك پاریس، بورجێکی بابلە، جیهان زێدێکە، شارێکی جیهانی کە لەوێدا ژیان و کارکردن، سەرنجڕاکێش بوو، جێگایەك کە بۆ یەکەمین جار دوای جەنگی ناوخۆ، نووسەرانی ئیسپانی و ئەمریکای لاتین تێکەڵ بوون، بوونە هاوڕێ و بە فەرمی یەکترییان وەك خاوەنی نەریتێك ناسی و بە ئازایەتی و ئەرخایەنییەکی هاوبەشەوە یەکیان گرت: کۆتایی دیکتاتۆرییەت حەتمی بوو- و لە ئیسپانیای دیموکراتیکدا، فەرهەنگ دەبووە قارەمانی سەرەکی.

بگەڕێینەوە بۆ ئەدەبیات، بۆ من بەهەشتی دەورانی منداڵی ئەفسانەیەك نییە، بەڵکو واقیعیەتێکە، کە من لە خانوویەکی گەورەدا بە سێ حەوشەوە لە کۆچابامبا دەژیام، جێگایەك کە لەگەڵ چەند کوڕە مام و هاوڕێیانی خوێندنگەم دەمتوانی تا سەردەمی مالگاری چیرۆککگەلێك سەریەك بکەینەوە و لە پێگەی پارێزگاریشدا هەروا، زەمانێك کە شەمشەمە کوێرەکان لە ژووری ژێر شێروانییەکە لانەیان چێدەکرد، سێبەرگەلی بێدەنگ کە شەوانی ڕووناك ئەو سەرزەمینە گەرمەیان بە

ڕەمزو ڕاز پڕ دەکرد. لەو ساڵانەدا نووسین بۆ من سەرگەرمکردن بوو بە گەمەیەك کە خێزانەکەم ستایشیان دەکرد، شتێکی سەرنجڕاکێش کە بۆ من، کوڕێکی گەورە، نەوە، کوڕێکی بێ باوك هاندانی بە دیاری دەهێنا. باوکم مردبوو- و چووبووە بەهەشت. ئەو کەڵەگەت و قۆز بوو، لە جلی مەلەدا کە وێنەکەی جوانی بەخشی مێزەکەم بوو- و دوعام بۆ دەکرد و بەر لە نووستن ماچم دەکرد.

بەیانییەکیان لە شاری پیوران، هەست ناکەم کە هێشتا لەو قوتارم بووبێت — دایکم ئاشکرای کرد کە ئەو مردووە، لە ڕاستیدا باوکم زیندووە — و قەرار درا بچینە لیماو لەگەڵ ئەو بژین. من یازدە ساڵ بووم و لەو ساتە بە دواوە هەموو شتێك گۆڕا. بێگەردیم لەدەست داو تەنیایی، هەڵبژاردن، ژیانی گەورە ساڵی و ترسم دۆزییەوە. ڕزگاری من، خوێندنەوە بوو، خوێندنەوەی کتێبگەلی باش، پەنابردن لە دنیای کتێب، کە لەوێدا ژیانێکی بە شکۆ و پڕ جۆش و خرۆش هەبوو، ڕووداو دوای ڕووداو، جێگایەك کە دەمتوانی دووبارە هەست بە ئازادی و خۆشحاڵی بکەم. ئیتر ئەدەبیات گەمە نەبوو، بۆ من بووە ڕێگەیەك بۆ بەرگری لە بەرامبەر سەختی و گازەندەو شۆڕش و هەڵاتن لە هەلومەرجی تاقەت-پڕوکێن و ئەنگێزەی من بۆ ژیان. لەو کاتەوە تا نهۆ هەر کاتێك هەست بە نائومێدی یا شکست دەکەم، لە ئاستانەی نائومێدیدا جەستەو ڕۆحم بە کار دەسپێرم، هەروەك چیرۆکبێژێك کە هەست بە ڕووناکی کۆتایی

تونێلەکە بکات، یا پارچە تەختەیەك کە پیاوێکی کەشتی شکاو دەگەیەنێتەوە کەنار. ئەگەرچی زۆر دژوارەو دەبێتە هۆی ئەوەی وەك هەر نووسەرێك خوێنی جگەر بخۆمەوە، کاتێك کە هەندێك جار هەست بە مەترسیی ئیفلیجی وشکبوونەوەی دەورانێك دەکەم.

* لۆتکە، واتا بەلەمیکی ناتەواو یان بەلەمیکی چکۆلە کە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە خنکان بەکاردێت، تا دەیگەیەنێتەوە تەنکاو.

سەرچاوە:
**http://pourmohsen.com/blogs/blog.php?code=310**

# ئەدەبیات ئاورە

## ماریۆ بارگاس یۆسا

بۆ فارسی: ئەسەدوڵڵا ئیمرایی

دەوروبەری سی ساڵ لەمەوبەر، پیاوێکی گەنج کە کارە سەرەتاییەکانی "برتۆن"ی خوێندبۆوە، لە نەخۆشخانەیەکی خێرخوازی لە "ئیشبیلییە"ی "سویل"، لە داخا شێت بوو و مرد. ئەوەی لێی بەجێما کراسێکی ڕەنگاوڕەنگ بوو- و شیعری پێنج بەحری کە دڵ ئەنگیز و بەرز بوو. ناوێکی خۆشئاواز و نیوە شاهانەی هەبوو، بەڵام ژیانێکی پڕ ئازار و مەشەقەتباری تەحەمول دەکرد. لە لیما برسێتی دەکێشا و لە شارەوە هاتبوو، خەیاڵ-پەروەرێك کە لە گەڕەکی "مردکاو" دەژیا، لە ژێرزەمینێکی شێدار و زەمانێك کە دەیویست بچێتە ئەوروپا، کەس نازانێ بۆچی لە ئەمریکای ناوەندی گرتیان، بەدوای ئەویشدا زیندان و ئەشکەنجەو دواجار مەلاریای گرت. دوای مەرگیشی کلۆڵییەکەی نەك هەر تەواو نەبوو، بەڵکو گەیشتە چڵە پۆپە. تۆپەکانی شەڕی ناوخۆی

ئیسپانیا گۆڕەکەیان هەڵتەکاندو بە تێپەڕینی کات ئەوی لە بیرەوەری خەڵکانێکدا سڕییەوە کە بەخت یاریان بوو- و کارەکانی بخوێننەوە.

سەرم ناسوڕمێ گەر مشکەکان بچنە سۆراخی تەنها کتێبی ئەو کە لە کونجێکی کتێبخانەیەکی فەرامۆشکراو —کە کەس سەردانی ناکات- کەوتووەو شیعرگەلێك کە کەس نایخوێنێتەوە، بووە دووکەڵ و با و هیچ. مینا کراسە ڕەنگاوڕەنگە سووکەکەی کە کڕی تا تێیدا بمرێت. بەهەرحاڵ هاوشارییەکەی من جادووگەرێکی عەیار بیست و چوار بوو، ساحری وشە، تەلارسازێکی پڕدڵ و بوێری وێنە، ئافرێنەرێکی بێ دەعییەی خەون، خالقێکی سەرسەخت کە ساغڵەمی و شتێتییەکی تەواوی هەبوو تا بەو جۆرەی کە دەبوو، خەریکی پیشەکەی بێت: سووتان لە ئاورێکی هەڵایساو و هەمیشەییدا.

ئەمشەو سێبەری سەرگەردان و شاراوەی ئەو بانگ دەکەم تا خۆشییەکانی خۆم کەم کەمەوە، خۆشییەك کە بە لوتف و دەست ئاوەڵایی حکومەتی ڤەنزویلا و بە ناوی بە شکۆی "ڕۆمۆلۆ گایەخوس" بەرپا بووەو دامەزرێنەری خەڵاتێك کە دەدرێتە ڕۆمانێکی من، دامەزراوەی دارایی و فەهەرنگ و هونەرە جوانەکان تا ئەنگێزەیەك بێت بۆ ڕۆماننووسە ئیسپانی زمانەکان و داهێنانی ئەمریکای باشوور. ئەم خەڵاتە نەك من قەرزاری ڤەنزویلا دەکات، بەڵکو باری من وەك نووسەرێك قورس دەکات. نووسەر، وەك دەزانن هەمیشە دژی ئێستایە.

ڕۆحی بێدەنگی (ئۆکوندۆ دو ئامات) لە تەنیشت منەوە وەستاوە تا ئەمەمان پێ بڵێت — بە تایبەت بە منی پیرۆیی کە شێوەی لە (کانگۆرۆ ڤالی) لە (ئارل کۆرت لەندەن) وە ڕاتان کێشاوەو هێناوتانە بۆ (کاراکاس) تا عزەت بارانی بکەن — و بیری بخەنەوە کە چارەنووسی ڕەش و تاریکی ئەو لە چاوەڕوانی هەموواندایە، بە تایبەت لە ئەمریکای لاتین.

ڕاستە کە هەموو ئێمەی نووسەران وەك ئۆکۆندۆ دو ئامات تا ئێستا بەسەرمان نەهاتووە، هەندێك دوژمنایەتی و بێبایەخی کەوتوونەتە ڕووبەڕوو بوونەوە و سووك کردنی ئەدەبیاتی وڵاتەکانی ئێمە، نووسیویانەو، بڵاویان کردۆتەوەو کارەکانیان خوێنراونەتەوە. ڕاستە کە هەموو لە برسا، بێ بایەخی، یا گاڵتەجاڕیدا نامرن، بەڵام ئەم نووسەرە بە چانس و ناوچەوانانە هەڵاوارتەن.

بە گشتی نووسەرانی ئەمریکای لاتین لە هەلومەرجێکی ڕێزپەڕ و دژواردا ژیاون و نووسیویانە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ڕێوچارێکی تا ڕادەیەك تەواو و بێ ڕۆحی بۆ کوشتنی ئامادەیی و پاوانکاری نووسەر فەراهەم کردووە. کەڵکەڵەی نووسین جوانە، بەڵام هاوکات سەرنجکێش و سەرکوتکەرانەو داوای بەڵێنی تەواو لە پەیڕەوانی خۆی دەکات. ئەم نووسەرانە چۆن توانیویانە ئەدەبیات بکەنە پیشەیەکی پاوانکاری و هۆکارێکی بژێوی پەیدا کردن بۆ خۆیان، ئەویش لە نێوان خەڵکانێك کە زۆرینەیان بێ سەوادن و کەمینەیەکیان حەزیان لە خوێندنەوە نییە.

نووسەری ئەمریکای لاتین بێ بڵاوکەرەوە، بێ خوێنەر و بێ ژینگەیەکی فەرهەنگی کە داوای کاری لێ دەکات و ئەنگێزەکانی بەهێز دەکات، پێی خستۆتە گۆڕەپانی شەڕێك کە هەر لە سەرەتاوە دەزانێ دۆڕانێکی مسۆگەر چاوەڕوانیەتی. کۆمەڵگە ئەندێشەکانی ئەوی قبوڵ نەکردووەو بە دەگمەن تەحەمولی بیرکردنەوەکانی کردووە، کۆمەڵگەیەك کە هۆکارێکی بۆ گوزەرانی ژیان نەخستۆتە بەردەستی و ئەوی لە کەوشەنی بەرهەمهێنەرێکی گرنگ و شانازی، دەهێنێتە خوارێ. نووسەر لە وڵاتەکانی ئێمەدا ناچار بووە خۆی لە ئاو و ئاگر بدات و کەڵکەڵەکانی لە کاروباری ڕۆژانە جیا بکاتەوە. سەرقاڵی هەزار کار بێت کە کاتی نووسینی لێ زەوت دەکات، کارێك کە زۆرجار لەگەڵ هەست و نەست و بیروباوەڕەکانی ئەودا وێك نایەتەوە.

کۆمەڵگەی ئێمە سەرباری ئەمەی کە لە قووڵایی خۆیدا جێگایەك بۆ ئەدەبیات لە بەرچاو ناگرێت. هەمیشە بە هەستێکی بێ متمانەیی لە لای ئەم بوونەوەرە پەراوێزیانە، بێ بەهاو نەناسراو — کە بە پێچەوانەی لۆژیکەوە ڕوویان لە پیشەیەك ناوە کە لە ئەمریکای لاتیندا نائاساییە. بەم هۆیەشەوە دەیان کەس لە نووسەرانی ئێمە ئەفسوردە بوون و کەڵکەڵەکانیان وێل کردووە، یا ناپاکییان لێ کردوون، یا لە ڕووی بێ مەیلییەوە و بێ یەکلایی-کردنەوەی ویستیان کاریان کردووە.

هەڵبەت لەم ساڵانەی دواییدا بارودۆخەکە فەرقی کردووە. وردە وردە هەرێمێکی گونجاوتر بۆ پێگەیینی ئەدەبیات لە وڵاتەکانی ئێمەدا دەرکەوتووەو ژمارەی خوێنەران ڕووەو سەر چووە. بۆرژوازی وردە وردە پەی دەبات کە کتێب بایەخی هەیەو نووسەر واوەتر لە حەنەکچییەکی بێ ئازارەو ڕۆڵێکی هەیە کە دەبێت بیگێڕێت. بەڵام ئێستا کە مافی داواکراو لە بارەی نووسەرانی ئەمریکای لاتینەوە جێبەجێ دەکرێت، یا باشترە بڵێم باری بێدادی کە قورسایی دەخستە سەر شانی ئەو، سووك دەکەن، مەترسییەکی تر هەڕەشە لەوان دەکات. هەمان کۆمەڵگەیەك کە دەستی بە ڕووی نووسەرەوە دەناو دووری دەخستەوە، ڕەنگە بکەوێتە ئەو بیرەی کە ڕاکێشان و هاوکاری نووسەر و پێشنیازی پۆستی حکومی بۆ وی، بۆ هەر دوولا بەسوود بێت. بەم هۆیەوە گرنگە کە بیری کۆمەڵگەی خۆمانی بهێنینەوە چ چاوەڕوانییەکمان هەیە.

دەبێت بەوانە بڵێین ئەدەبیات ئاورە، ئەدەبیات یانی سازش قبوڵ نەکردن و شۆڕش، یانی فەلسەفەی کەینوونەی نووسەری ناڕەزایی، پێچەوانەیی و ڕەخنەیە. دەبێت بەوان بڵێین پێوانەی سنووری ناوەندی بوونی نییە: یا دەبێت کۆمەڵگە ڕەگەزی مرۆیی کە هەمان داهێنانی هونەرییە، سەرکوت بکات و بۆ یەکجاری و بۆ هەمیشە لە ناوی بەرێت و خەیاڵی خۆی لە بابەتی نووسەران ئاسوودە بکات، یا لەگەڵ ئەدەبیات ئاشتەوایی بکات و بە ناچاری لافاوی هێرش و تەنز و هەجوو- و

ڕەخنەگەلێك بە گیان بكرێت، كە هەموو توێژەكانی كۆمەڵگە — چ لە لایەنە لاوەكەییەكان و چ لە لایەنە سەرەكییەكانی ژیان لە خۆوە دەگرێت.

نووسەر ئەمەیە، بەردەوام ناڕازی بووەو هەیەو دەبێت. ئەو كەسەی ڕازی بێت ناتوانێت بنووسێت، هەر كەسێك سازش بكات ناتوانێ بەرزەفڕی داهێنان ئەنجام بدات لە وشەدا. كەڵكەڵەی ئەدەبی لە ناو دژی نێوان مرۆڤ و جیهانەوە لە دایك دەبێت كە بۆ دۆزینەوەو دەرخستنی چەپەڵی و نابەرامبەری دێتە بوون. ئەدەبیات جۆرە شۆڕشێكی بەردەوامەو كۆت و بەند قبوڵ ناكات. هەر هەوڵێك بۆ سنووردار كردنی ئەو، دووچاری شكستە. ئەدەبیات دەمرێت، بەڵام سازش قبوڵ ناكات. ئەدەبیات بە مەرجی بەدوادا چوونی هەلومەرج بۆ كۆمەڵگە بەسوود دەبێت. ئەدەبیات كۆمەكی باشبوونی بارودۆخی مرۆیی دەكات و پێشگیری لە نەمانی ورەو پێگەیینی خۆ تەوەری و ڕچین و لاوازی و لە ناوچوونی ڕۆحی مرۆڤ دەكات. ئەركی ئەدەبیات، وروژان، بزواندن، هۆشداری و ئاگاداركردن و پارێزەری پێگەی مرۆڤی ناڕازییە. ڕۆڵی ئەدەبیات دروستكردنی ئەنگێزەی ماندوونەناسی و مەیلە بۆ گۆڕان و ڕیفۆرمی بەردەوام و لە حاڵەتی پێویستدا كەڵك لە بڕندەترین تفەنگ وەردەگرێت.

دەبێت بۆ هەوەڵ و ئاخرجار خاڵێك قبوڵ بكەین: هەرچەند ڕەخنەی نووسەر لە وڵاتەكەی توندتر بێت، بە هەمان ئەندازە وڵاتەكەی خۆش دەوێت و حەزەكەی ئەو پابەندی مەفتەنەكەی دەكات. لە قەڵەمڕەوی ئەدەبیاتدا، تووڕەیی سەبەبی عەشقە. هەڵبەتە واقیعییەتی ئەمریكای

لاتین هۆکاری فرە بۆ نووسەر فەراهەم دەکات کە شۆڕشگێڕ و سەرکەش بێت. لە کۆمەڵگەیەکدا کە تێیدا نادادپەروەری خۆی یاسایە، بەهەشتی نەزانی، وەبەرهێنان، نابەرامبەری هەوسار پچڕاو، هەژاری، لە خۆ بێگانەیی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی و مەفتەنە ئاشووب لێدراوەکان، دەسمایەی نموونە هێنانەوە دەخاتە بەردەستمان، تا لە چیرۆکدا نمایشی بکەین و ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی حەقیقەت، خەونەکان، ددان پێدانانەکان، نواندن و تا دوایی بڵێین کە دەبێت ژیان بگۆڕێت.

بەهەرحاڵ لە ماوەی دە، بیست یا پەنجا ساڵی تر، زەمانی بەدەستهێنانی دادی کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکانی ئێمە دەگات — وەك چۆن لە کوباوا بووە- و تەواوی ئەمریکای لاتین خۆی لە ڕێشمەی نەزمێك ئازاد بکات کە پێیدا هەڵواسراوەو لە ئازادی بێبەشی دەکات و هەروا لە کەمایەسییەکانی وەربەرهێنەر کە ئەو سووك و سەرکوت دەکات. حەزدەکەم ئەم کاتە بگات و ئەمریکای لاتین بە شێوەیەکی یەکپارچە، یەکجار و بۆ هەمیشە بچێتە دنیای نوێوەو کەرامەتی خۆی بۆ بگەڕێتەوەو ئێمە لە کۆتی پاشکەوتوویی و ترس ئازاد بکات. بەڵام بە نەمانی بێدادی کۆمەڵایەتی قەرار نییە ئەرکی نووسەر تەواو بێت و ئەو مل بۆ سازش کەچ بکات و دەمی داخات و ببێتە بەشێك لە ڕژێمی جێگیر. کاری نووسەر بەردەوامی دەبێت و دەبێت بەردەوام بێت. هەر جۆرە سازشێك ناپاکییە. لە هەناوی کۆمەڵگەی نوێ و لە ڕێگەیەك کە تاپۆ و

شەیتانی کەسێتیمان ڕاومان دەنێت، وەك بەرێ بەردەوام دەبین و (نا) ناڵێین، ڕادەبین و پێ لەسەر مافی خۆمان دادەگرین تا ئازادی جیاوازی بە دەست بێت و بە شێوەی زیندوو- و جادوویی کە تەنها لە عۆدەی ئەدەبیات دێت، پیشانی دەدەین کە بیرگیرساو، سانسۆر و تاکڕەوی، دوژمنی کەرامەتی مرۆیی و پێشڤەچوونە. دەیسەلمێنین کە ژیان کارێکی سادەو سەرپێیی نییە و لە بۆتەیەکی تایبەتدا ناگونجێت و جادەی حەقیقەت هەمیشە هەموار و سەرڕاست نییە، بەڵکو زۆرجار ناهەموار و پڕ زەحمەتە. ئێمە جارجارێ بە کتێبەکانمان ئالۆزییەکانی خۆیی و جۆراوجۆری جیهان پیشان دەدەین و قامك دەخەینە سەر ئالۆزییەکانی مرۆڤ. ئەگەر ڕێز بۆ کەڵکەڵەکانی خۆمان دابنێین وەك دوێنێ و وەك ئەمڕۆ درێژە بە خەبات دەدەین و سی و دوو جەنگەکەی سەرهەنگ (ئائۆرلیانۆ بۆئیندیا)ی گابرێل گارسیا مارکیز لە سەد ساڵ تەنیاییدا تەواو دەکەین، هەرچەند وەك ئەو لە هەموویاندا دەدۆڕێین.

کەڵکەڵە، ئێمەی نووسەرانی پڕۆفیشوناڵی ناڕازی دروستکراو: خەملاندنی ئاگاو نائاگای کۆمەڵگە، شۆڕشگێڕانی ئامانجخواز، یاخیبووانی دەرمان قبوڵ نەکەر، سەر سپاردەکانی ئیبلیس. هەقی باشی و خراپییەکەیم نییە. تەنها دەزانم بارودۆخەکە ئەمەیە. مەرجی نووسەر بوون ئەمەیەو دەبێت قبوڵی بکەین. لەم ساڵانەدا ئەمریکای لاتین ڕووی کردۆتە دۆزینەوەو قبوڵکردن و پارێزگاری لە ئەدەبیات، دەبێت مەترسی هاوڕێ لەگەڵ ئەویش قبوڵ بکات. دەبێت بەهایەکی زۆر بدەینە ئەدەبیات. دەبێت

کۆمەڵگە بەئاگا بێت، چونکە نووسەری ڕەفزکراو یا قبوڵ کراو، مەحکوم یا پەسەندکراو، ئەگەر سەری شایانی جەستەی بێت، دیمەنێك لە ئازار و دەرد و سیمای ڕەنجاو دەکاتەوە کە هەمیشە ناسیاو دەرناکەوێت.

ڤەنزویلا منی خستۆتە ژێر باری منەتەوەو ئەم خەڵاتەی بە من داوە کە بە گیان و دڵ قبوڵی دەکەم، لەبەر ئەوەی هیچ سازشێکی بیروباوەڕ و وازهێنان لە بابەتەکان داوا ناکات و هەڵبەتە نووسەرانی تری ئەمریکای لاتینیش بە کتێب و شایستەیی زۆرتر دەبوو ئەم خەڵاتەیان وەرگرتایە. ئاماژە بۆ (ئۆنتیۆ)ی گەورە دەکەم کە لە ئەمریکای لاتیندا پێگەی شایستەی خۆی نەدۆزیوەتەوە. لەو ڕۆژەوەی هاتمە ئەم شارە سەرباری ئەمەی کە شارەکە دوای بوومەلەرزەیەکی ترسناك وێران بووە، پێشوازی گەرمی خەڵکەکەیم بینی. تەنیا ڕێگەیەك کە دەمێنێتەوە قەرەبووی بکەمەوە، باوەڕی مەحکەم بە نووسەر بوونە و ئیمانی مەحکەم بە درێژەدان بە ڕێگەکە. پیشەی نووسەری پیشەیەکە کە هەرگیز دوودڵ نەبووم کە بەجۆرێك ڕازیم دەکات، کە ئەمڕۆ لێی ڕازیم.

* سەرچاوە:

زن وسطی / ترجمه اسدالله امرایی/ گزیده داستان های کوتاه امریکای لاتین/ نشر افراز، چاپ دوم١٣٨٦

# ئەسکەندەرانی

شوقەیەك  کە کۆنستانتین کاڤافی (١٨٦٣-١٩٣٣) چەند ساڵێکی کۆتایی تەمەنی تێیدا ژیا، لە تەلارێکی پەڕپووت، لە سەنتەری شاری ئەسکەندەرییە، کەوتۆتە سەر شەقامێك کە بەر لەمە، واتا ئەو کاتەی کە ئەم ناوچەیە شوێنی نیشتەجێبوونی یۆنانی و ئیتالییەکان بوو، لپسیۆسی ناو بوو- و ئەورۆکە بە شەرملشێخ ناوی دەبەن. هەمان شێوە کە هەندێك لە تابلۆکان پیشانی دەدەن هەنووکەیش یۆنانیگەلێك لێرە دەژین، بەڵام باقییەکەی تری هەرچی هەیە عەرەبییە. ناوچەکە ماوەیەکە ڕووەو وێرانی دەچێت، سەرانسەر کوچەگەلێکە تەنگ و تاریك و خانووی وێران و گوزەری پڕ چاڵ و چۆڵ و دانیشتوانەکەی وەك هەموو ناوچە هەژارنشینەکانی ئەم شارە، سەربانەکانیان گۆڕیوە بۆ قوتکەی بۆگەنی زبڵ. ئەو کەنیسە جوانە ئەرسەدۆکسییە کە لە زەمانی کاڤافیدا شوێنی پاڕانەوەی باوەڕداران بوو- و مزگەوتێکی جوانی دێرینەو نەخۆشخانەکەی

ئەو دەورانەیش نووکە لە جێی خۆیانن، بەڵام سۆزانی خانەیەك کە لە نهۆمی ژێرەوەی تەلارەکە ڕۆنرا بوو، ئیتر هەڵگیراوە.

لە ڕاستیدا شوقەکە مۆزەخانەیەکی بچوکە لە ژێر چاودێری کونسولگەری یۆنانی و سەروپۆتەڵاکی کوڕێکی خەواڵوو، کە دەرگامان لێ دەکاتەوە و بەجۆرێك پیاماندا دەڕوانێ چما لە مەریخەوە هاتووین، گەواهی دەدات کە سەردانکەرێکی زۆری نییە. کاڤافی لە شارێکی نەناسراوە کە بەڕاستی بە شیعرەکانی ئەو نەمری دەست کەوتووە، شیعرگەلێك کە لە پەنا ئەو کتێبخانە بەناوبانگەدا کە لە سەردەمی کۆندا سووتێنراو بەسەرهاتی عاشقانەی کیلۆپاترا، باشترین شتێکە کە ئەم شارە لە زەمانی دامەزراندنیەوە، بە فەرمانی ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٣١ پێش زایین، تا نهۆ بە خۆیەوە بینیوە. نە شەقامێکی بە ناوەوەیە، نە پەیکەرێك کە یادی بە زیندوویی بیهێڵێتەوە. ئەگەریش هەبێت لە دەفتەری ڕێنماییدا ناونیشانێکی نییەو کەسیش ناونیشانی نازانێت.

شوقەکە تاریکە، بە بنمیچێکی بەرز و ڕاڕەوێکی دڵگیر و بێگومان کەلوپەلی قورس و پڕ ویقاری بە هەمان شێوەیەکە کە لە ساڵی ١٩٠٧دا هەبووە، واتا زەمانێك کە شاعیر و براکەی (پیتەر) باریان کردبوو بۆ ئێرە. پیتەر تەنها ساڵێك لەگەڵ شاعیر ژیاو پاشان ئەوی جێهێشت و چوو بۆ پاریس. لەوەودوا کۆنستانتین بە تەنێ دەژیا، ئارام و بە ویقار و تەنیا، لانی کەم تا زەمانێك کە لە حەساری دیوارە ئەستورەکانی ئەم شوقەیە

نەدەچووە دەرێ. ئەوەی لەم شوقەیە تێپەڕیوە، لە پێوانە بە ژیانی چەندانەیی کاڤافی، سەرنجڕاکێشییەکی کەمتری هەیە و کاریگەریی بەسەر شیعری شاعیرەوە ئەوتۆ نییە و گاڤێك کە لە بارەی ئەم ژیانەوە دەخوێنینەوە، گرفتە بتوانین بیهێنینە بەرچاو: ژیانی بۆرژوایەکی ڕازاوەو ڕێکپۆشی دەڵاڵی بازاڕی لۆکە، کە سی ساڵی ڕەبەق مینا کارمەندێکی نموونەیی لە بەڕێوەبەرێتییەکی ئاودێری کاری کرد و لەم بەڕێوەبەرێتیەشدا گەیشتە پلەی یاریدەدەری. وێنەگەلێك کە لە دیوارەکەیان داوە، نیشانەی ئەم کارمەندە ئەرکناسەی پێوەیە. چاویلکەیەك بە چوارچێوەی شاخی ئەستوور، یەخەیەکی شەق و ڕەق، بۆینباخێك بە گرێی سفت و توند، دەسڕێکی چکۆلە لە گیرفانی سەرەوەی چاکەتەکە، هێلەکێك بە زنجیری کاتژمێر و قۆپچەی سەر قۆڵ لەسەر قۆڵی کراسی سپی. شاعیر ڕێك نیگا مکوڕەکەی بە ڕیشی تاشراو و قژی چاك کراوەوە بڕیوەتە کامێراکەو ڕێك وێنای پیاوێکە کە هیچ ئامادەییەکی تایبەتی نییە. ئەمە هەمان کاڤافییە کە بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەروو مرد و لە گۆڕستانی ئەرسەدۆکسییە یۆنانییەکانی ئەسکەندەرییە، لە نێوان ئارامگای ڕازاوەو پڕ هەیمەنە، لە پارچە زەوییەکی چوارگۆشەی چکۆلە بە کێلە گۆڕی مەڕمەڕ، لە نزیك ئێسکوپروسکی چەند ناسیاوێك- یەوە بە خاك سپێررا.

لەم مۆزەخانەیەدا لەو پارچە کاغەزە گەورانە ناونیشانێك نابینی کە شاعیر یەکەمین شیعرەکانی — لە سی چل کۆپیدا — بە پیتی نامەرغوب

لەسەری چاپکردن و بە خۆپارێزی تەواوەوە لە نێوان خوێنەرە گوڵبژێرەکاندا دابەشی کرد. هەروا لەو نامیلکانەیش کە شاعیر بە دوو جار – پەنجا دانە نامیلکەی یەکەم و حەفتا دانە نامیلکەی دووەم – ژمارەیەك لە شیعرەکانی تێ ترینجاند و تەنها شتی چاپبووی وەك کتێبە کە تا لە ژیاندا بوو بڵاوی کردەوە.

ڕەمزو ڕازێك کە ئەم شاعیرە مەزنە وەك پەردەیەك داوێتی بەسەر شیعرەکانیدا، تەنیا ئۆگری بۆ هاوڕەگەزبازی نەبووە، هەمان پەڵەی نەنگی ئەم وردە بۆرژوایەی کارمەندی دەوڵەت کە بەو ئازادییە حەپەسێنەرە، لەو زەمان و لەو دەورو بەرەدا، باسی لە مەیلە سێکسییەکانی خۆی دەکرد. هاوکات ئەم ڕەمز و ڕازە تایبەتە، دەرهاویشتەی شەیدایی شاعیر بوو بۆ ژیانی ژێرزەمینی و پەنهانی و پەراوێزی، هەمان ژیانێك کە جارجار پەنای بۆ دەبرد و بە زمانێکی هێژاو پاراو ستایشی دەکرد. شیعر بۆ کاڤافی، مینای جوانی و لەزەت، شتێك نەبوو کە لە نێوان خەڵکەوە بهێنرێ، یا شتێك کە لە بەردەستی هەمواندا بێت. ئەم شتانە تەنها بە کەسانێك دەگەیشت کە بوێری داواکردنیان هەبوو- و ئەویان وەك میوەیەکی یاساغ لە ماڵێکی پڕ مەترسیدا پەروەردە دەکرد.

لە مۆزەخانەکە تەنها شوێنەوارێکی ڕەنگ دۆڕاو لەم کاڤافییە دەبینین و ئەویش تەرحگەلی چکۆلەی بێ مێژووە لە دەفتەرێکی مەشقدا کە بە پەلە نووسراوە. وەرەقەکانی ئەم دەفتەرەیان لێ کردۆتەوەو بێ هیچ بەرگ،

یا پارێزەرێك داویانە لە قەد دیوارەكە. ئەم تەرحانە وێنەگەلێكن لە كوڕان، ڕەنگیشە تەنیا كوڕێك، كە تاپۆی ڕووت و هەرامە هەستاوەكەی لە حاڵەتی جۆراو جۆردا پیشانی ئێمە دەدا. من بە ئاسانی دەتوانم ئەم كاڤافییە بهێنمە بەرچاوم و لە ڕاستیدا ئەمە وێنەیەكە لەو، لە كۆنەوە لای خۆم هەمبووە، لەو كاتەوەی وەرگێڕانی شیعرەكانی بە قەڵەمی مارگرێت یۆرسنار بە دەستم گەیشت. ئەمە هەمان كاڤافی هەستیار و داڕووخاوە كە ئەی ئێم فۆڕستەر بە وریاییەوە لە ساڵی ١٩٢٦ لە وتارێكدا ئاماژەی بۆ كردووەو لە چوارانەی ئەسكەندەرییە، لە نووسینی لارنس دارل سیمایەكی ئەفسانەی وەرگرتووە. لێرە، لە شاری كاڤافی، مەیخانەو كافێی شیعرەكانی هێشتا قەرەباڵغە لە مشتەرییەكان و لێرەدا، هەروەك چۆن كە لە شیعرەكانیدا، هەواڵێك لە سێكس یا جووتە هاوڕەگەز بازەكان نییە. ئەرخایەن نیم لەوەی وتم، بەڵام بەمە بە باوەڕەوە دەڵێم كە لە ئاپۆرای ئەم پیاوانەدا — لە هەوای قورس لە بۆنی قاوەو هەورێك لە دووكەڵ كە نێرگەلە كێشانی خۆ نوێنەر بەرێیان خستووە — ئەم كافێ و مەیخانانە دیمەنێكە بۆ دیداری پڕ جۆش‌و خرۆشی یەكەمین ژوان و ئاڵوگۆڕبوونی پارە كە بۆ خۆی پێشەكییەكە بەسەر پێكگەیشتنی عاشقانی ئاسایش خواز لە ژوورگەلی هەرزان و نەگبەت و پیس و پۆخڵی، وەسوەسەی توندی ئەندامە ویستراوەكان لە دڵەكاندا بەخەبەر دەهێنێ. تەنانەت دەتوانم بڵێم لە حەوشەی كافێیەك، یا لە ڕەهۆڵی پڕ دووكەڵی

دەوروبەری بازاڕی قوماش فرۆشان، شایەتحاڵی وەها دیمەنێك بووم: کابرایەك بە لووتێکی ناسك و هەستیار، لێوانی پڕ تەمەننا و چاوانی وردی شەهوەتاوی، شوێن پێی کوڕانی هەیکەل زل هەڵدەگرێت کە بە سمتی بەرجەستەوە بە دوای کڕیاردا دەگەڕێن.

بێگومان کاڤافی بە پێچەوانەی پیاوانێك — وردتر بڵێم نەوجەوانانێك — کە لە شیعرەکانیاندا بێخەیاڵ و ئاسوودە عەشق دەکات و بە ویژدانێکی ئاسوودەی خودایانی موشریکان لە لەزەتی سێکسی تێر دەبن، لەم جۆرە عەشقانەدا دژواری و دەردەسەری زۆری هەبووە، عەشقێك کە زۆرجار لێوڕێژ لە ترس و هەمیشە تێکەڵ بە نائومێدی نەخشی سەر ئاو. خاڵی حەپەسێنەر ئەمەیە کە لە شیعرە ئیرۆتیکەکانی کاڤافیدا ئەم ڕووداوانە — کە بێگومان هێندەی قامکەکانی دەست بووە و بۆ مرۆڤێك کە هەمیشە هەوڵی داوە ڕواڵەتی شیاو و مەندی خۆی بپارێزێت و لە هەراو هۆریا هەڵبێت، فشاری ترسناك دەهێنێ - دەگۆڕێ بۆ جۆرێك کەسنەزان ئاوا، ڕێگەیەکی باشتر بۆ ژیان و چەشتنی تامی ژیان، ڕێگەیەکی بۆ هەلاتن لە کۆتو بەندی بارودۆخی مرۆیی و دەستڕاگەیشتن بە شێوەی بالای بوون، ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە جۆرە بارودۆخێکی ڕۆحانی نا-مەزهەبی. لەم بارودۆخە مرۆڤێك لە ڕێگەی لەزەتی حەواس و درك و ستایشی جوانی جەستەیی، هەروەك عارفانێك نوقم لە جۆشو خرۆش و جەزبە. دەگاتە پێگەی بالای خودایان و خۆ پەسەند دەبێت. شیعرە

ئیرۆتیکییەکانی کاڤافی سەراسەر بڵێسەی جۆش‌و خرۆش سێکسی هەوسار پچڕاوە، بەڵام بە هەموو هەژێنەری و سەرباری ڕازە ڕۆمانتیکە دارماو و لە ناوچووەکان، ئەم شیعرانە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێن سادەو ئەو مەودا ئەقڵانییە دەپارێزێت کە بەرهەمی بوونی ئاوەزێکی زاڵە بەسەر جۆش‌و خرۆش و شەهوەت و هاودەنگی ئاتاجەکان. شاعیر هاوکات کە ئەم جۆش و خرۆش و شەیداییە لە شیعردا دەڵێتەوە، بە تێڕامانەوە وەری دەگرێت، لێی دەکۆڵێتەوەو بە کەڵك وەرگرتن لە فۆڕم کە ئامرازی دەستی ئەوە، تەواوی دەکات و نەمری دەبەخشێت.

ناوەرۆکی شیعری کاڤافی و حەزە سێکسییەکانی ڕەنگێکیان هەیە لە ڕۆمانتیزمی سەدەی نۆزدە — زیادەڕەوی، سەرکەشی و تاکگەرایی ئەشرافی — بەڵام بە جۆرێك کە قەڵەم هەڵدەگرێت و دەکەوێتە نووسین، شاعیرێکی کلاسیك لە قووڵایی بوونییەوە سەر هەڵدێنێ و بەسەر ڕۆحییەتیدا زاڵ دەبێت. ئەم شاعیرە کە نیگەرانی هاوئاهەنگی فۆڕمێکی ڕۆشنی بەیان کردنە، باوەڕی وایە کە لە گەیشتن بە کەماڵی ڕەها، هونەری سەنعەتی ئوستازانە، زوڵاڵی، دیسپلین و سوود وەرگرتنی بەجێ لە یادەوەریی باشترە لە درێژدادڕی و سروشی تاوتاو و پچڕپچڕ. ئەو دەستی بەم کەماڵە گەیشت. لەم ڕووەیشەوەیە کە شیعری ئەو سەرفراز لە ئەزموونی وەرگێڕان دێتە دەرێ- ئەزموونێك کە کاری شاعیرانی تر زۆرو کەم تێدا دەمێننەوە. تا بەو ڕادەیە ئەم شیعرە کە دەکرێتە هەر زمانێك

مووی گیانمان کرژ دەکات و بە ڕاستی حەپەسێنەرە، تەنانەت بۆ ئەوانەیش کە ناتوانن ئەم شیعرانە بە زمانی ئەسڵی، واتا یۆنانی بازاڕی یا یۆنانی کۆچبەران بخوێننەوە.

ئەمە سێیەمین کاڤافییە لە سیانەی جیابوونەوە قبوڵ نەکەر. مرۆڤێك لە دەرەوەی زەمان کە لە یەك کاتدا، دانیشتوو لەسەر باڵی خەیاڵ و مێژوو، لەژێر ڕێشمەی بەریتانیای هاوچەرخ و بیست سەدەی ڕابردوو، لە هەرێمێکی ڕۆمی، لەگەڵ نیشتەجێیەکی تێکەڵ لە یۆنانیانی دەریای سپی ناوەڕاست، یەهوودییە سەخت کۆشەکان و بازرگانانێك لە سەرانسەری جیهانەوە، دەژیا یا چەند سەد ساڵێك دوای ئەو، زەمانێك کە مەسیحییەکان و موشریکان چەندین و چەندینجار لە کۆمەڵگەیەکی ناچوونییەکدا پێکەوە دیداریان کردووەو لەم کۆمەڵگەیەدا فەزیلەت و خوێڕێتی بەردەوام زیادی کردووەو ناسینەوەیان لە یەکتری نامومکین بووە. کاڤافی یۆنانی، کاڤافی ڕۆمی، کاڤافی یەهوودی، کاڤافی خەڵکی بێزانس، لەم سەدە بۆ ئەو سەدەی تر، لەم ژیار بۆ ئەو ژیاری تر بازدەدات، بە باڵ سووکی و دلڕفێنی، هەر وەك سەماکەرێکی چالاك و بازدان و جموجۆڵی هەمیشە بەردەوامەو یەکسان. دنیای ئەو بە هیچ کلۆجێك دنیایەکی زانایانە نییە، هەرچەندە نیشانەگەلێك لە کەسایەتییەکان، شوێنەکان، شەڕ و دەسیسەگەلی دەربار کە لە شیعرەکانیدا هاتووە لە کتێبی مێژوودا دەبینرێت. بەهرە وەرگرتن لە زانست، لە نێوان زانیاری و واقیعییەت،

دیوارێکی سەهۆڵێن لە زانیاری و شرۆڤەو لێکدانەوەو پەراوێز هەڵدەچنێت، لە کاتێکدا ئێستا دنیای کاڤافی لە شادی و گەرمی هەناسەی ژیان بەرخوردارە، نەك ژیان بەو جۆرەی کە لە سروشتدا بەردەوامە، بەڵکو ژیانی بەپێز و داڕێژراوی کاری هونەری، کە شاعیر بێئەوەی چاو لە ژیان بپۆشێت بۆتە خاوەنی.

لە شیعرەکانی کاڤافیدا ئەسکەندەرییە بەردەوام ئامادەیی هەیە، لەبەر ئەوەی کە شوێنی ڕووداوگەلێکە کە ئەم شیعرانە دەلێێنەوە، یا لەو ڕووەوە کە کردەی یۆنانیان و ڕۆمیان و مەسیحیان لە پانتایی شاردایە کە تەماشای دەکات، یا بیر دەهێنرێتەوە، یا ئارەزوو دەکرێت، یا بەو هۆکارەی کە شاعیرێك کە ئەم هەمووە دادەهێنێت و دەیلێ، خەڵکی ئەم شارەیەو هەرگیز ئارەزووی نەکردووە خەڵکی شارێکی تر بێت. ئەو ئەسکەندەرانییەکی تاك کەوتوو بوو، کابرایەکی پەراوێز نشین، یۆنانییەکی کۆچبەر کە لە دەورانی کۆنەوە تا نهۆ زیاتر لە هەر نووسەرێکی تر خزمەتی فەرهەنگی مەفتەنەکەی - خزمەتی زمان و ئەفسانە دێرینەکانی - کرد. بەڵام جێی خۆیەتی پرسیار لە خۆمان بکەین، شاعیرێکی سەراپا ڕۆژهەڵاتی- بە جۆرێك بۆتە یەك لەگەڵ بۆن و تام و ئەفسانە و ڕابردووی نیشتمانی دوورخراوەیی، ئەم چوار ڕیانە جوگرافی و فەرهەنگێك کە ئاسیایی و ئەفریقاییەکان لەوێدا دیدار دەکەن و مینا زۆرێك شارستانی و ڕەگەز و ئایینزاکانی دەریای سپی ناوەڕاست کە ئەم سەرزەوییەی بەلای

خۆیدا ڕاکێشاوە، لەگەڵ یەکتری تێکەڵ دەبن- دەتوانیٚ بەم سانابیە لە مێژووی ئەدەبیاتی مۆدێرنی یۆنانی ئەوروپایی قبوڵ بکرێت؟

تەواوی ئەو شارستانیەتانە کاردانەوەی خۆیان بەسەر دنیایەکدا کە کاڤافی خولّقاندویەتی، بەجیٚ هێشتووە. ئەو شاعیرێکە کە توانی لەو دەسمایە تژییە مێژوویی و فەرهەنگییە دنیایەك دروست بکات جیاواز. دنیایەك کە لەگەڵ هەر جارێك خوێندنەوەی شیعرەکانی لە نووکەوە ژیان دەست پێدەکاتەوە و دووبارە تازە دەبێتەوە. ئەسکەندەرانییەکانی ئەورۆ شیعرەکانی ناخوێننەوەو تەنانەت زۆرینەشیان ناوەکەشی نازانن. بەڵام ئەسکەندەرییەی ڕاستەقینەو دیار بۆ کەسێك کە شیعری ئەوی خوێندۆتەوە و دێتە ئێرە نە ئەم کەنارە جوانە، نە چەماوەیی سەیرانگا کەنارییەکان، نە هەورە سەرگەردانەکان، نە تراموا زەردەکان، نە هۆڵی شانۆ دروستکراوەکان لە بەردی ئەسوان و نە تەنانەت شاکارەکانی دێرینی مۆزەخانەی ئەم شارە. ئێرە ئەسکەندەرییەی کاڤافییە. شارێك کە تێیدا سۆفستائییەکان مشتو مڕ دەکەن و ئامۆژەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، فەیلەسووفان دەربارەی خاڵی پەندئامێزی ترموپیل و لایەنی سمبوڵی سەفەری ئۆلیس بۆ ئیتاکا تێڕادەمێنن، هاوسیٚ کنجکۆڵەکان لە ماڵ دێنە دەریٚ تا منداڵەکانی کیلۆپاترا — سزاریۆن، ئەلیکساندەر و بەتلیمۆس- لە نێو پیاوانێکدا ببینن کە دەچن بۆ گۆڕەپانی وەرزش، شارێك کە کتوپڕ

ترس سێبەری دەخاتە سەر، چونکە قاوێك کەوتۆتە سەر زاران کە ئەمڕۆ و سبەی بەربەران دەگەنە دەروازەکانی شار.

ئەسکەندەرییە، فێبرایری ٢٠٠٠

*بۆ فارسی: عەبدوڵڵا کەوسەری

## پەراوێزەکان

لەم کتێبە وەرگیراوە:

**M. V. Losa, The Language of Passion. Translated by Natasha Wimmer, farrar, straus and Giroux, 2003**

١. **Constantin Cavafi. 2. Lepsius**

٣- ئاماژەیە بۆ کتێبخانەی ئەسکەندەرییە کە سەرکەوتووە ئیسلامەکان ئاگریان تێبەردا. وەرگێڕی فارسی.

٤. **Peter. 5. Marguerit. 6. Decadent**.

٧- **Thermopylea** ملەیەکی ناسراو لە تسالی یۆنان. لێردا لە ساڵی (٤٨٠) پێش زایین. لیۆنیداسی سەرداری یۆنانی و هاوڕێکانی تا دوایین کەس لەگەڵ ئێرانییەکان شەڕیان کرد. ئەم جەنگە بە هەمان ناوەوە ناوبانگی دەرکردووە. وەرگێڕی فارسی

٨- **Ithaca** سەرزەمینی هاتنە دنیای ئۆدیسۆس یا ئۆلیسی پاڵەوانی ناسراوی ئیلیادە- وەرگێڕی فارسی.

٩- ئاماژەیە بە شیعرێکی کاڤافی - وەرگێڕی فارسی.

* سەرچاوە:

این شماره باتاخیر

ناشر کتاب ایران، چاپ اول، ١٣٨٦